تصویر ابو عبدالرحمن الکردي

سروە

ئەدەبی - فەرھەنگی

١٣٦٣
...دی بڵاوکردنەوەی فەرھەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدین ئەییوبی



گۆواری ئەدەبی فەرھەنگی سروە ساڵی سێھەم ژمارە ١٩ ڕێبەندانی ١٣٦٦ نرخ ١٥ تمەن

مناجات

دووەم تەرجیح بەندی خواناسی .

ئەو کیبارانلە سەر ئەفلاکن
کە لەرێی ئاشنایی یاخاکن
ئەو رەسوولانە واقیفی سڕ بوون
مەوریدی واریداتی (لولاک) ن
ئەو گەدایانە وێڵ و مەجنوونن
وەکوو لەیلاکە شۆخ وبێ باکن
ئەو بڵند هیممەتانی دنیایی
کە دەبەخشن کە چی بە ئیمساکن
تاجدار و قەلەندەر و دەروێش
کە عەلەمداری داری مەشاکن
ئەو عیبادەی لە کونجی وەحدەتدا
کە بە شوهرەتلە عالەما تاکن
ئەو ئەدیبانە مەوجیدی ئەدەبن
کە لە ئەهلی تەمیز و ئیدراکن
یا خسووس ئەو خودا پیاوانەی
مولهیمی (نعبد) و (ایاک)ن
پڕ دەم و پڕ زوبان و دڵیانە
هەموو بەم زیکرەوە فەرەحناکن
لە ئەزەل تا ئەبەد، خوا خوایە
جیلوەیەکە کە پڕ دوودنیایە
یا ئیلاهی بە قەدری تۆ بێ شک
(ما عرفناک حق معرفتک)

● سەروتار ●

خوێنەرانی بەرێز سلاوتان لێ بێ. ساخی و سلامەتی و سەرکەوتنی هەموو ئێوە ئازیزان داواکارین . بە یارمەتیتان باسی ئەم ژمارە دەست پێدەکەین .

حەتمەن لەبیرتانە کە ژمارەی پێشوو سەبارەت بە کەموکووڕی وکەمایەسی یەکانی سروە وەک ماوەی دەرچوون و مانگانە بوونی سروە کورتە باسێکمان پێشکەش کردن وگەیشتینە سەر باسی پێوەندی نێوان ئێمەوئێوە. هێندێکیش لەسەر ئەو باسە دواین وئێستا بە پێی بەڵێنی باسەکە درێژە دەدەین .

ئێمە وئێوە ....

دۆستە خۆشەویستەکان ! حەول ودەولی بەڕێوەبەران بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و خەڵکی باش و بەشەرەفمان بەتایبەتی دڵبەندانی سروە پێوەندی بەرادەی هاوکاری و پشتیوانی ئێوەوە هەیەو هیچ شک لەوەدا نیە .بەستە بەوەیە کە ئێوە تاچ رادە —

نێوەرۆک

فێرگە
دیاری خالید قەلعەکوهی

زستان :
دیاری گوهدار ئیسماعیل

یەک چارەنووسی ئەم جیهادە پیرۆزەتان بەلاوە گرینگە کە بۆ سرینەوەی ژەنگ و ژواری نەزانین وژیانەوە و رازانەوەی فەرهەنگی رەسەن و ساماندار ی خۆمان دەست پێکراوە ؟ یا بۆ بردنە سەری رادەی چەندوچۆنی کارەکە وخولقاندنی شوێنەواری پرپایەخ و هەرمانی باسکی هیممەتتان هەلکردووە و یاریدەی دەدەن. بە کوردی چەند بۆبەردەوامی پێوەندی نزیکی خۆتان لەگەڵ ئەم ناوەندە گەلاڵە و پێشنیار و رەخنە وهەڵسەنگاندنی کارە کراوەکان خۆتان بە دەرووەست وبەرپرس دەزانن ، تا تەواو ببنە بنەما و هەوێنی شێواز ورادەی کار و تێکۆشان .

بۆ پێک هاتنی هەل و مەرجی ئیدەئال بەر لە هەمووشت دەبێ بۆ پتەوتر بوون وبەردەوامتر بوونی پێوەندی خۆتان حەول بدەن . ئەم پێوەندی یە دەبێ دوو لایەنە بێ. ئێمە تا ئێستا بە سازکردن وپێک هێنانی موسابەقەی عیلمی ووتووێژ و بەرێوەبردنی کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و بەرێوەکردنی جوابی ئەو خوشک وبرایانەی نامەیان بۆ ناردووین تێکۆشاوین ئەم پێوەندی یە پتەوتر بکەین ولەم کارە بەهرە وەربگرین و هەرووەک لە ژمارەی پێشوودا رامانگە ــ یاند بەرهەم و ئاکامێکی باشیشمان لێ وەرگرتووە.

ئەم کارە بە گشتی توانیویەتی پشتیوانێکی بەمەتمانە وبەقای داهاتوومان بێ وهیوای دارشتنی گەلاڵەی درێژخایەنی لە دڵدا زۆرتر کردووین. بەلام ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بەئەرکی سەرشانی خۆمان بەرپرستر بین بۆمان روون دەبێتەوە کە قەت ناتوانین بەوەندە بەرهەمە بڵێین ئیدەئال.

هەرچەندە ئەو نامانەی ئەم سەروبەندە بەدەستمان گەیون ئەوەندە زۆرن کە زۆربەی وەخت و سەعاتی ئێمەی بەخۆ تەرخان کردووە دیسانیش بە تێرادیوی و راشکاوی دەڵێین نامە پڕ هەست وئەوین و خۆشەویستی ئێوە دڵبەندان بۆ ئێمە زۆر گرینگ و پڕ بایەخە و پێمان خۆشە بارستیان جار لەگەڵ جار پتر بێ . ئەوە گونجاوترین شێوەی پێوەندی ئێمەیە وسەرەتایەکە بۆ دەست پێکردنی هاوکاری هەراوتر و بەکەڵکتر لە داهاتوودا .

ئێمە دەبێ لەوەئاگادار بین کە دۆستان سروە بە هەموو بارو بابەتەکەیەوە چۆن دەبینن و بۆ بڵاو بوونەوەی سروەی جوانتر و رێک وپێکتر و رازاوەتر پێشنیاریان چیە؟ چون بۆ ئێمە زۆر گرینگە .

ئێوە ئەوە دەسەلمێنن بەرجی ئەمە کە شانازی بە جیاوازی چین وتوێژ ورادەی خوێندن وتەمەنی خوێنەرا ــ نمان دەکەین ، لەباری هەڵبژاردن و گونجاندنی بابەتی دڵخوازی هەموو چین وتوێژێک تووشی کۆسپ وگرفتێکی بەرچاوی کردووین بۆیە ئێمە دەڵێین نەزەرو را و بۆچوونی ئێوە خۆشەویستان کەرەسەی ئەم خزمەتە گەورەیە . پێش درێژەدانی باسەکە پێویستە بۆ ئەم دۆست وبرایانەی یارمەتی یان داوین و تا ئێستا بە نووسین وناردنی پێشنیار ورەخنەی بەجێ ئێمەیان لە کەمایەسی یەکان ئاگادار کردووە ، بەتایبەت ئەوانە کە ئاسەواری رەخنەی خۆیان لە سروەدا نەدیوە کورتە باسێک پێشکەش بکەین وهێندیکیان قسە لەگەڵ بکەین

دۆستانی ئازیز ! بێ شک ئێوە دڵبەندانی سروە دەتانەوێ ئەم گۆوارە ، جوانتر وپڕنێوەرۆکتر دەرچێ بۆیەش رەخنە وپێشنیاری جوان وبەجێمان بۆ دەنێرن وچاوەروانن لە بەرهەمی ئەوان ئاگادار بین . خۆشەویستان دەبێ پێتان رابگەیەنین کە بیر ورا و

رەخنەکانی ئێوە زۆر بە وردی لەبەرچاو گیراون و تا ئەو جێگەی بۆمان لوابێ بەرپوەمان بردوون بەڵام ئەوەش دەبێ رابگەیەنین کە سەلیقە ودڵبەندی جۆراوجۆر هەیە وبەرێوەبردن ولەبەر چاو گرتنی هەموو نەزەریک (کە زۆرجار دژی یەکدین) بەپێی گیروگرفتی بەرێوە چوونی ئەم ناوەندە و بەربەست بوونی نێو سروە بۆ ئێمە نالوێ. هەموو حەول ودەولمان ئەوەیە کە تا ئەو جێگەی لەدەستمان دێ ئێوە رەزا بن .

ئازیزان! ئێمەش پێمان خۆشە سروە بێ عەیب وکەمو کووری بێ وهەموو بابەتی دڵخوازی ئێوەی تێدا بێ و بە دڵی ئێوە دەرچێ بەڵام ئەم کارە پێویستی بەوەخت هەیە. روونە گۆوارێکی حەفتا وچەند لاپەرەی مانگانە ناتوانێ هەموو مەبەستێکی کۆمەڵایەتی ،سیاسی،فەرهەنگی ئەدەبی،ئابووری، تاریخی و جوغرافیایی و هونەری و وەرزیشی تێدا بگونجێ ئەویش هەریەک لەوانە بۆخۆی چەند لکی لێ دەبێتەوە و لەگۆوارێکی هەزارلاپەرەییشدا ناگونجێ. بۆیە پاش موتالا وچاو پێداگێڕان و بیر و رایەکی زۆر هاتووینە سەر ئەم بڕوایە کەچەند تەوەرەی سابت وجێ گۆرکێ پێکراومان بۆ دیاری کردووە تاوێڕای پاراستنی رێبازی فەرهەنگی ئەدەبی باسی مەبەستەکانی دیکە کەخەڵک پێیان خۆشە بکەین وهۆی رەزامەندی بەشێکی هەراوتر لە خوێنەرانی بەرێز پێک بێنین.


ئەڵبەت ئەم باسە پتری لێکۆلینەوە دەوێ و وردە، باسەکانی بۆ داهاتوو هەڵدەگرین .

لە کۆتاییدا رادەگەیەنین کە بۆپێک هێنانی پێوەندی پتر و نزیکتری نێوان ناوەند و خەڵک (بەتایبەتی خوێنەرانی بەرێز) گەڵاڵەگەلێکمان بەدەستەوە کە لە ژمارەی داهاتوودا لەسەری دەرۆین . خوا یار بێ .

"خوا ئاگادارتان بێ "

دەستەی نووسەرانی

"سروە "



با سلام بە خوانندگان ارجمند وبا دعای سلامتی وتوفیق برای یکایک شما عزیزان بحث این شماره را آغاز میکنیم.حتما" بیاد دارید که درشماره گذشته درباره اختلالات بوجودآمده درزمان انتشار و توزیع وهمچنین مسئله ماهانه شدن "سروه" توضیحاتی را باطلاع علاقمندان رسانده و آنگاه بحث به یکی از مسائل مهم واساسی یعنی چگونگی ارتباط بین ما و شما رسید ودراین بارەنیز مطلبی گفته شد. اکنون بنا به وعدەای که داده بودیم این بحث را پی میگیریم .


ما وشما

دوستان گرامی! تلاش همه دست اندرکاران برای خدمت بەفرهنگ ومردم شریف وخوبمان وبویژه دوستداران "سروه" بی هیچ تردیدی به میزان ارتباط وهمکاری و پشتیبانی شما بستگی دارد. اینکه شما تا چه حد به سرنوشت این جهاد مقدس که برای زدودن غبار جهل و ناآگاهی واحیاء وپیرایش فرهنگ غنی واصیلمان آغاز شده، علاقمند باشید؟ اینکه شما تا چه میزان برای ارتقاء کیفی و کمّی کار وخلق آثار ارزنده وماندنی خود را حاضر بەمساعدت نمائید؟ وخلاصه اینکه شما تا چه اندازه در برقراری ارتباط مستمر ونزدیک با

بڕوانە لاپەڕەی ٥٢

فەقێیەتی

م.س.ئیبراهیمی



بۆئەوەی کە داب و ڕەسمی کۆنی حوجرە وفەقێیەتی لەبیر نەچێتەوە وگەردی فەراموشی نەکەوێتە سەر، بەوردی ، باسی لێدەکەین .

چینەکانی عیلمی وخوێندەوارانی حوجرە چوارن :

ئەووەڵ: مامۆستای گەورە کە دەرس دەڵێتەوە، هەمیشە عینوانی مەلا کە گەورەترین پلە ومەقامی ئەو کۆڕەیە دوای وشەی مامۆستا دێ بۆ وێنەمامۆستا مەلا محەممەد.

دووهەم: موستەعید کە لەپێش ناوی ئەوان وشەی مەلا دێ بۆ وێنە مەلا ڕەحیم.

سێهەم: سوختە کەزیاتر بەناوی خۆی بانگی دەکەن و جارجاریش مەلای پێ دەڵێن .

چوارەم: قۆتابی .

بەتێکڕایی جگە لە مامۆستا بەو سێ دەستەی دیکە دەڵێن فەقێ .

مامۆستا و ئەرکی ئەو:

مامۆستا دەبێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی عیلم وئەدەب بێ ولە زەوی و زاری زانیاری ودینداریدا یەکە جووتیار بێ ومەلی خەیاڵی هەڵۆیەک بێ بۆ دۆزینەوەی نوکاتی عیلمی .

مامۆستا دەبێ هەمیشە ئامادە بێ بۆ دەرس دان بەموستەعیدەکان ولەوەزعی دەرس فێربوون وحاڵی بوون وخوێندنی فەقێکان ئاگادار بێ وهانیان بدا بۆ پێشکەوت لە دەرسەکانداووڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە وبەکورتی وەک بابێکی دلسۆز ئاگای لە ژین وپێداویستی یەکانی ئەوان بێ .

شێوەی دەرس دانی مامۆستا :

مامۆستا هەموو شەو دەبێ تەواوی ئەو کتێبانەی سبەینێ بەموستەعیدەکانی دەڵێ موتالای بکا وئامادە بێ بۆ دەرس دان وڕۆژی دوایی دوای نوێژی بەیانی ونان وچا خواردن پێویستە بچێ بۆ حوجرەکەی خۆی. موستەعیدەکان بەپێی پلەی زانست ونۆرەی دەرس دەچنە لای مامۆستا و زۆر بەئەدەب وئیحترام لە خوارەوەی مامۆستا چۆک دادەدەن و مامۆستا دەڵێ : (بارک اللەفی جمیع مقاصدک)موستەعیدیش لە وڵامی دا دەڵێ: (ایاناوایاک الرحمە) ومامۆستا دەرس تەقریر دەکاوموستەعیدیش جوان گوێ ڕادەگرێ ولە هەرکوێ حاڵی

بوو دەڵێ: بەڵێ قوربان وئەگەر حاڵی نەبوو دەیپرسێتەوە وماموستا ش بۆی شێ دەکاتەوە. کاتێک چاک حاڵی بوو دەرسەکەی تەواو بوو فەقێ دەڵێ: (رحمەاللە علیک) ماموستاش لە وڵامدا دەڵێ: (علینا وعلیک الرحمە) فەقێ لەخزمەتی مەرەخەس دەبێ .

بەڵام جاری واش هەیە موستەعیدەکان هەموویان لەدەوری ماموستا دادەنیشن و کتێب لەبەر دەستی خۆیان دادەنێن و روو دەکەنە ماموستا وئەویش دەرسیان دەدا جا رەنگە ئەو دەرسە تایبەتی موستەعیدێک بێ وئەوانی دی هاتبن بۆ گوێ راگرتن وفێربوون یادەرسی هەموویان بێ. موستەعید دەتوانێ هەموو جۆرە پرسیارێک لە ماموستا بکا وئەویش لە ئەستۆیەتی وڵامی دروستیان بداتەوە.

بژیو وکار وبەرێوەچوونی ماموستا :

ماموستا پولێک بابەتی دەرس دان ، وەرناگرێ ودەبێ خۆی لەفکری بژیوی خۆیدا بێ. زۆربەی ماموستایانی وڵاتی ئێمە لەرێی ئاژەڵداری وکشت و کاڵ ماڵ و منداڵیان بەخێو دەکەن هەڵبەت لە یارمەتی وپشتیوانی پیاوچاکان و دینداران بەرخوردارن ولەهێندێک شوێن لە ماڵی مەوقووفە بەشیان هەیە وکەڵکی لێوەردەگرن .

موستەعید وئەرکی سەرشانی :

موستەعید بەکەسێک دەڵێن کە بەلانی کەمەوە دەستی بەخوێندنی کتێبی جامی یا سیوتی کردبێ. موستەعید دەبێ هەموو رۆژێ دەرسی خۆی لەبەر بکا ، دەرسێک کە سبەینێ دەیخوێنێ دەبێ شەوێ بە سەرنجەوە موتالای بکا بەو جۆرەی کە بەتەواوی بۆ سبەینێ ئامادە بێ و ئەو خاڵانەی لەلای گرینگە وبۆی لێک نادرێتەوە دیاری بکا وبە هوشیارێکی زۆرەوە دەبێ گوێ بەزەنگ بێ بزانێ ماموستا چۆنی مانا دەکا فێری بێ وئەگەر لازم بوو لێی بکۆڵێتەوە و دوای ئەوە دەرسەکەی خوێند و بە باشی لێی حاڵی بوودەچێتە جێگەیەکی ئارام دەوری دەکاتەوە و یا لەگەڵ فەقێ یەکی دیکە بەوردی سەرنجی دەدەنێ و لێکی دەپرسنەوە و دەیدەنە بەر زەینی خۆیان .

ئەرکی دیکەی موستەعید کە بەباشی بەرێوەی دەبەن دەرس دانی سوختەکانە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی لەبیرنەچوو — نەوەی دەرسەکانی رابردووی موستەعید.

موستەعید هەروەکوو مودیری مەدرەسەیە کە دەتوانێ هەرجۆرە تەمایەک بگرێ .

سوختە و ئەرکی ئەو:

سوختە بە فەقێ یەک دەڵێن کە دێتە نێو حوجرە ولە تەسریفی زەنجانی و عەوامیلەوە تا کتێبی جامی و سیوتی لەلای موستەعید دەخوێنێ. بەرنامەی دەرسی یان لە تەسریفی زەنجانی یەوە دەست پێدەکا . سوختە دەبێ لانی کەم تا فەسڵی موزاعەف ئەو جۆرەی کە ئوستاد تەدریسی دەکا بیڵێتەوە یانی یەکێک لە موستەعیدەکان کە دەرس بە سوختە دەڵێ کتێبەکە بەدەستەوە دەگرێ و سوختەش گوێ رادەگرێ بێ ئەوەی چاو لە کتێب بکا بەزەینی دەسپێرێ. دوای ئەوە کە گەیشتە فەسڵی موزاعەف سوختە ئیتر رادێ ودەتوانێ لەرووی کتێبەوە دەرسەکە فێر بێ وبیخوێنێ. لە دواییدا ئەو کتێبانەی پێویستن دەیان خوێنێ تا جامی و سیوتی کە گەیشتە ئەو پلە دەبێتە موستەعید وجێی رێز وئیحتیرامی تایبەتن کاروباری حوجرە پاک وخاوێنی، نان و چێشت سازکردن وسەماوەر تێ خستن هەمووی لەژێر چاوەدێری موستەعید لەسەر شانی سوختەیە.

قوتابی بەو مندالانە دەلێن کە تەمەنیان هەر شەش حەوت سال دەبێ و تازە دەست پێدەکەن. ئەلف وبێ و چەند کتێبی وەک ناگەهان ،گولستان و ئەحمەدی و.... لە قوتابخانە فێر دەبن. هەلبەت قوتابخانە لەو دێ یانەیە کە مەلای مودەریسی لێ نیە یانی لە گوندێک کە میرزا و مەلایەک هەیە کە لە مزگەوت یا لە مالێک خوێندنی سەرەتایی فێری مندالان دەکەن بەلام ئەگەر ئەو گوندە مەلای مودەریسی لێ بوو سوختەکان ئەرکی فێرکردنی قوتابی یان لەسەرشانە ولەبەر هەیوان یا لە مزگەوت دێنەلای سوختەکان ودەرس دەخوێنن.جێگای نوستن وخواردنیان مالە باب وخزم وکەسیانە و قوتابی ئەو وەختە دەتوانێ بێتە حوجرە کە بگاتە پلەی سوختەیی .

قوتابی دەرسی خۆی لەپێشدا بەنێوی یافتاح فتحم بدە- یا رزاق رزقم بدە یا اللە تۆفیقم بدە وبسم اللە الرحمن الرحیم دەست پێدەکا . ئەلف وبێ وقورئان هەتا سوورەی (عم) بەحینجەوە دەخوێنێ . دوایەش قەرائەتی قورئان هەتا ئاخر دەخوێنێ و وێرای خوێندنی قورئان کتێبی سەرەتایی کوردی وفارسی وەک کتێبی ئەحمەدی نووسراوی خوالێخوشبوو شێخ مارفی نۆدهی وکتێبی «نصاب الصبیان» نووسراوی ئەبوونەسرفارابی و هەروەها رێ وشوێنی نوێژکردن و تاعەت ودین فێر دەبێ . هیندێک قوتابی تەسریفی زەنجانی و عەوامیلی جورجانیش دەخوێنن . ئەگەر ئەوانەیان خوێند دەبنە سوختە .

بەرێ چوونی فەقێکان :

ژیانی خوێندەواران کە بریتی یە لە موستەعید وسوختە لەوپەڕی ساکاریدا لە لایەن خەلکەوە دابین دەکرێ چ لە شار و چ لە دێهات زۆر بەقەدروحورمەتەوە ، یارمەتی دەدرێن. سوختەکان دەچن لەو مالانەی کە توانایان هەیە نان وخۆراک و قەند وچا وماست وپەنیرو....وەردە - گرن ولە حوجرەدا پێکەوە دەیخۆن ولە هیندێک شوێن لە لایەن ملک ومالی مەوقووفەوە خەرجیان دەردێ وجاری واشە فەقێ بەتێکڕایی دەچنە دێهاتی دەوروبەر بۆ (راتبە) یانی یارمەتی وەرگرتن یا زەکاتی گەنم وحەیوان وئەوجۆرە شتانە . وبەو جۆرە ژیانی سادە و ساکاری فەقێ یان دەگوزەرێ .

وچان دان :

خوێندەواران جگە لەرۆژی جومعە و جێژنی قوربان و رەمەزان کەتەعتیلن رۆژەکانی دیکە دەبێ لەسەر کلاس حازر بن یانی شەوو رۆژ کاری ئەوان خوێندن وموتالای کتێبە ونابێ وەختی خۆیان بەفیرۆ بدەن. بەلام رۆژی وچان داندەرس ناخوێنن ودەچنە سەیران وگەڕان و...

شەوو رۆژی تەعتیلیش زیافەتێکی ساز دەکەن ودوای نان خواردن و نوێژ کردن لەو فەقێ یانەی دەنگی خۆشە قەسیدەی، (بوردیە) دەخوێنێتەوە وئەوانی دیکەش بەدەنگی بلێند و مەوزوون جوابی دەدەنەوە یا بە گێڕانەوەی قسەی خۆش و نەستەق و شیعر خوێندنەوە ئەوشەوە خۆش رادەبوێرن .

چینایەتی :

شایانی باسە لە کۆڕی فەقێ یاندا کەس لەکەس سەرتر وبەرەژوورتر نیە کوڕی ئاغا وشوان وگاوان و دەولەمەند و فەقیر هەر بەچاوێک چاو لێدەکرێ و لە یەک بارودۆخ دان وتەنیا ئیعتبارێکی هەیانە لەباری پلەوپایەی زانین و عیلمەوەیە یانی هەرکەس زیاتری خوێندبێ جێی رێز وئیحتیرامە و وەپێش دەکەوێ و لە لای سەروو دادەنیشێ و ئەو داب و

رەسمە زۆر باش بەرێوە دەچێ و بۆتە هۆی سەقامگیربوون و رێزدانان بۆعیلم و زانست ؟ هاندانی فەقێ بۆباشترخوێندن .

ئیجازەنامە :

کەسێک دەتوانێ ئیجازەنامە وەرگرێ کە سێ دەورەی قوتابی ، سوختەیی و موستەعیدی تەواو بکا لەو دەورەی سوختەیدا دەبێ ئەم کتێبانە بەتەرتیب، بخوێنێ: عوامل جرجانی - انموزج- اظهار تصریف ملا علی صمدیە- وضع و استعارە شرح جامی - گلستان وبوستان سعدی کلیلەودمنە- فتح القریب .

لە دەورەی موستەعیدی دا دەبێ ئەم کتێبانە بخوێنن : سیوطی - شرح نظام یا سیدعبداللە لە سەرف ولەمەنتیق دا ، فناری وتهذیب المنطق علامە تفتازانی وگلنبوی آداب لە عیلمی نەقدو رەخنەدا ولە عیلمی بەلاغەدا مختصر یا مطول ولە عیلمی کەلامدا شرح عقاید نسفی ودووبارە لە مەنتیق دا برهان گلنبوی یاسبزواری ولە عیلمی نجوومدا تشریح الافلاک تالیف شیخ بهایی ولە حیسابدا خلاصەالحساب والجبرومقابلە محمد خوارزمی شرح مواقف سیدشریف جرجانی، شرح هدایەالحکمەحسین میبدی - شرح تهذیب الکلام شیخ عبدالقادر مهاجرسنندجی لەعیلمی کەلامدا - اشکال التاسیس شمس‌الدین سمرقندی ولە عیلمی اسطرلاب وربع لەبیب کتێبی مەلا گجکەی هەولێر .

عادەت وایە ئەو کتێبانەی ناویان برا لەبەر کرێن . ویرای خویندنی ئەو دەرسانە لەبەرەوە کتێبی "فتح ابلیین" و"منهاج"ی ئیمامنووی و منهاج قاطی زکریا انصاری وبەعزێک تحفەی شیخ ابن حجر لە عیلمی فقەدا دەخوێنن و هەروەها لە عیلمی تەفسیردا " جلالین " و "بیضاوی" دەخوێنن . بەتێکڕایی لەو پلەدا خوێندن و موتاڵا کردنی علوومی باو وەک :ئەدەبیات ، تاریخ ، لۆغەت فقە ،حەدیس ،قورئان وتەفسیر، اصول و عەقاید ، علوومی بەلاغە ، فەلسەفە وکەلام ، مەنتیق وحیکمەت،مونازیرە ،شیعر وقەسیدە کوردی وفارسی وعەرەبی، جوغرافیا ،خطابە ، نووسەری،حیساب وهەندەسە ، تەحقیق ،وحسن خەت، عیلمی عەرووز و قافیەیە .

بەکورتی هەتا ئەو جێیەی مەودا هەبێ وبۆیان بگونجێ دەخوێنن، وەدوای خوێندنی ئاخرین مادەی تەحسیلی یانی کتێبی "تهذیب الکلام" جێژنی خەتمی خوێندن دەگیرێ. لەو جێژنەدا گەورەکانی عیلم و مەلاکانی ناوچە وچینەکانی جۆربەجۆری ، خەڵک بەشداری دەکەن. ئەو جێژنە جاری وایە هەفتەیەک دەخایەنێ....

دوای خواردنی نەهار لە ئاخرین رۆژی ، تەحسیل دا چەند ئایە لە قورئان دەخوێننەوە و دوایەش قەسیدەی(بوردیە) بە دەنگێکی خۆش دەخوێننەوە، دوایە مامۆستا بەرێ ورەسمێکی تایبەتی مێزەری سپی و خەرقە لەبەر موستەعیدی فارغ - التحصیل دەکا دوایەش بەتێکڕایی لەخوا دەپاڕێنەوە کە مامۆستای تازە لە کارەکانی دینی ودنیایی دا سەرکەوتوو کا ودوای ئەوە مامۆستا ئیجازەنامەی رەسمی کە بە سیلسیلە مەراتیب دەگاتەوە حەزرەتی رەسوول(د.خ) وجوبرەئیل وحەق تەعالا دەخوێنێتەوە وبەو جۆرە ئیجازەی فتوا و وەعز وتەبلیغ ودەرس دانی پێ دەدرێ ولەدوای ئەوە مامۆستا ماچی دەکا و دوعای بەخێری بۆ دەکا و لەو کاتەدا فەقێ کانی دیکە وئەهلی مەجلیسەکە تێکرا هەڵدەستن ودەچن بۆلای ئەو فەقێ یە و دەستی لەنێو دەستی دەنێن ودوعای بۆدەکەن وخۆیان خۆشحاڵ نیشان دەدەن . و رێ و رەسمەکە تەواو دەبێ .

وتووێژ: لەگەڵ مامۆستا هەژار

بەشی ٢

- بۆ شیعری نوێ دەلیی چی . دەگەلی چۆنی ؟

- پێوەر (معیار) مەعنایە. شیعری تازەی جوانمان هەیە وهی ناحەزیش زۆر. لەپێشدا ئاوڕێک لە شیعری کلاسیک دەدەینەوە . هەزاران شاعیرمان بووە. زەمانی نالی ڕەنگە دەهەزار شاعیرمان بووبێ . هەر لە شاری سولەیمانی زیاتر لە ٥٠٠ شاعیرمان بوو. چۆن بوو هەموو وەک بڵقی سەر ئاو تێداچوون* و هەر یەک مایەوە؟ لەبەر ئەوە کە زۆربەیان شیعری بێ ناوەرۆکیان دەگوت . شتی بێ مانا تێدا دەچێ و نامێنێ. شیعری نوێش ئەگەر لە مانا پرو تەژی نەبێ هەر ئەوەیە تێدا دەچێ. باوەڕم پێ بکە شیعرەکانی نیمایووشیج بابی شیعری نوێ هیچی بەکار نایە. با کافر بم!

ئەورۆ باسی عەبدوڵڵا پەشێویان دەکرد. شیعرەکانی ئازادن بەڵام پڕن لە مانا و نێوەرۆکی جوان. شاعیرەو شاعیری چاکە!

- پێت وانیە شیعری نوێ سەرەنجام جێگا بە شیعری کۆن چۆل دەکا ؟ من پێموایە شیعری کۆن بەرەو نەمانە. داهاتووی نیە ؟

- منیش پێموایە .خەڵک بەو بارەدا بایان داوەتەوە. ئاخر دەزانی چیە شیعری نوێ کەم تەکلیف تریشە . شاعیرە کۆنەکان ـ لەنێو خۆماندا بێ-ریشیان لە داوی ڕەدیف وقافیەدا گیر بوو. ڕەدیف ساز نەدەبوو. کەلیمە بۆ قافیە دەست نەدەکەوت وهەزار کەم و کووڕی دیکەش. ئێستا ئەو قەیدوبەندە نەماوە. ئێستا گرینگ ئەوەیە شاعیر مانای بەرز وەدەست خا. دیارە "وەزن" دەبێ لەبەر چاو بگیرێ .

- ئێستا کەپێت وایە شیعری نوێ تەنیا ڕێبازی شیعرە و لە داهاتوودا تاقانەیە. ئەندەرز* و ڕێنوێنیت بۆ لاوان چیە ؟

- لەپێش هەموو شتێکدا بابەتی جوان لە مێشکدا پەروەردە بکەن. پاشان بە واژە و قالبی جوان بی ڕازێننەوە .قەدیمی یەکا ـ نیش هەروا بوون. شیعری جوان ئەوە بوو کە ماناو قالب وفۆڕمی لەسەریەک پێکەوە جوان بن. شاعیری وا هەبوون لەخۆوە دەستیان پێدەکرد. مەگەس . عەسەس قەفەس، شتی وایان دەکردە قافیە و لە نیوەی دا، دەوەستان و دەمانەوە !

- لەسەریەک دەفەرمووی شیعری نوێ پێداویستی بە فکر ونێوەرۆکی بەرز و قالبی جوان هەیە ؟

- بەڵێ ڕاستە. ئێستا لەنێو عەرەبان لە سووریا نەزار قەبانی هەیە. بە ڕاستی بە خوێندنەوەی

شیعرەکانی مووم لێ دەبێتە نەشتەرا عەبدوڵڵا پەشێویش سەیرم کار لێدەکا .

– ئەو شیعرە نوێ یانەی لە سروەدان هەست و بیر دەبزێون یان ...؟

– چەند شاعیرێکتان هەن عەلی نانەوازادە لەکەرەج دوو شیعری دامێ زۆرم پێ باش بوون.عەلی حەسەنیانیش لە سروەدا شیعرێکی باشی بوو. دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی گرینگ بێ مەعنا و نێوەروکە .

با هێندێکیش باسی خۆت بکەین . ئەو رۆژانە خەریکی چی ؟ چ دەنووسی ؟ چت بەدەستەوەیە .؟

– هیچ ! خەریکی چەرمەسەرەی رۆژگارم. کوا وەختی خەریک بوون !

– فەرهەنگەکەت بەکوێ گەیاندووە ؟ .

– تاپیتی"ت" گەیشتوون.

– زۆر چاوەروانی ئەو فەرهەنگەین. من خۆمدیتوومە ودەزانم ئەگەر دەرچێ، بۆ گەیشتن بەزمانی یەکگرتوو زۆرمان یارمەتی دەدا .

– با بزانین چۆن دەبێ .

– بەڵام کتێبی قانوونی حەکیم ئەبوعەلی سینا.دەمەوێ بزانم بێجگە لەو تەرجومە جوان ورێک وپێکەی خۆت کردووتە، کەسی دیکە وەری گێراوەتەوە یان خێر؟

– کتێبێک هەیە بەناوی "قانوونچە" کە تەرجومەی قانوون نیە . دەبێ بڵێم نەخێر تەرجومە نەکراوە .

– هۆی چیە کتێبی وا گرینگ تا ئێستێ تەرجومە نەکراوە و ئەگەر هەژاری موکریانی نەبا فەرهەنگی فارسی لەو گەنجەبێ وێنەیە بێ بەش دەبوو ؟

– چت جواب دەمەوە . راستت دەوێ کەس نەی وێراوە خۆ لە قەرەی بدا . ناحەقیان نیە .وەک عەرەبی ناچێ. ناڵێم لە ئێراندا کەس عەرەبی نازانێ. بەڵام ئەوە عەرەبی یەکی ئاسایی نیە . زمانێکی تایبەتە . ئێران . بەدوای کاردا ، دەگەرام . لەتەقازانامەکەمدا نووسیبووم عەرەبیش دەزانم، رۆژێک کتێبی قانوونیان پێدام. تا ئەو کاتە هەر ناویشیم نەبیستبوو.پێموابوو باسی قانوون وحقووق دەکا . بردمەوە ماڵ دیتم هیچی تێناگەم. بردمەوە ئیدارە و گوتم کاکە من لەوە حاڵی نابم. من بە ئەدەبیاتی عەرەب شارەزام. دیوانی موتەنەبی و ئەبوو نەواس وشاعیران ونووسەرانی کۆن وتازەی عەرەب دەزانم دوکتۆر فەرەهوەشی گوتی رازیم مانگێ لاپەرەیەکمان بۆ تەرجومە کەی. ناچار

لەشیعرەکانم گەرێ هیچیان باش نین

دەگەڵی خەریک بووم. وردە وردە زبانەکەم کەشف کرد. کەوتمە سەربار. ئێستاش پێموانیە کەس بتوانێ سەری لێ دەرکا. جا با قسەی خۆش ون نەبێ. شتێکی سەیرە. سەبیلەی شەیتانە! قەدیم منداڵ ئەگەر شتێکیان بدیباوەونەیانزانیبا چیە ، دەیانگوت ئەوە سەبیلەی شەیتانە !

– چۆن بوو ئەو سەبیلەی شەیتانە کەوتە دەست تۆ و چۆنت زانی چیە ؟

– تازە هاتبوومەوە

رۆژێک مامۆستا رۆژ، بەیانی هاتە ماڵی ئێمە. مەلا جەمیلی رۆژبەیانی

سەت جار لە من عەرەبی چاتر دەزانێ.زۆر شارەزایە مودەڕڕیسە وئیجازەی مەلایەتی دەدا. گالتە نیە، عەرزم کرد ماموستا هەر وابزانە فەقێ یەکی شارەزوور-یم ولە خزمەتت دەرس دەخوێنم. دەکرێ برێکم یارمەتی بدەی ؟ گوتی باشە. چیە؟ دوو دێرم لە قانوون دا خزمەتی وگوتم بۆم مانا کەوە.خوێندیەوەو مانای کردەوە. گوتم باشە ئەو"زەمیرە"(ضمیر)دەگەرێتەوە پال کێ ؟

سەروبنی لاپەرەکەی خوێندەوە بۆی نەچۆوە سەریەک. کتێبی تووڕ هەلدا وگوتی ئەوە عەجەمە وگەرەکی بووە لاسای عەرەب بکاتەوە وسەری لە خۆی وخوێنەر شێواندووە ! لای بە ئەوە کاری کەس نیە !

شەو دیسان پێی دا چوومەوە. وەک موعەممایەک حەلم کرد وسبەی چوومەوە لای مەلا جەمیل و بۆم خوێندەوە. واقی وڕما. گوتی ئەتۆ بە فەقێ یەتی رەنگە موعەمما ولوغەزەت زۆر حەل کردبێ. ئەوەش، شتێکە ئاوا !

— ماموستا بێ تەعاروف دەلێم وەرگێرانەوەی قانوون بەفارسی لەو ئێرانە پان وبەرینەدا لەنێو ئەوهەموو عەرەبی زان و ماموستای زانستکا وئەدیب ونووسەرانەدا کارێکی لەرادەبەدەر گرینگە وهێشتا خەلک سەرنجیان بۆ ئەم کارە گەورەیە رانەکشاوە. بۆئێمە جێگەی شانازی یە...

با بێینە سەر خودی کتێبی قانوون. ئێستا کە تەلیسمی وەرگێرانەکەی بە زانست وهیممەت وتێکۆشانی جەنابت شکاوە. خۆی چۆن کتێبێکە. من برێکم خوێندۆتەوە پێموایە شتێکی سەیرە وسەرم لە زانستی بووعەلی لەو زەمانیدا کە تێی دا ژیاوە سورماوە. ئەوەش دەزانم کە تا سەت سال لەمەوپێش هەر ئەو کتێبە لە زانستگاکانی ئوورووپا بەدەرس دەگوتراوە. بیرورای خۆت سەبارەت بە نێوەرۆکی قانوون چیە ؟

— ئەو زانایانەی لەسەر قانوون کاریان کردووە و لنیان کۆلیوەتەوە پێیان وایە دایرەتولمەعاریفێکی گەورەی پزیشکی یە. من لەسەر بەسەرهاتی ئەوکتێبە زۆرم شت کۆ کردۆتەوە. پاش پەیدابوونی چاپ لە سەت سالی ئەوەل دا پازدە جار بەلاتینی و چەند زبانی دیکە چاپ کراوە. لە سەت سالی دوایی دا بیست وپێنج جار و لە چەندین هەزار ژمارەدا.هەر وەک خۆت گوتت تا سەد سال لەمەوپێش وەک گەورە-ترین سەرچاوەی زانستی پزیشکی لە ئوروپا بەدەرس دەگوتراوە.

سەرت نەیەشینم بنەڕەتی زانستی پزیشکی یە.

— فەرمووت نایەلن تەواوی کەم .ئایا بەشێک ماوە وەرت نەگێرابێتەوە. یان تەواو بووەوچاپ نەکراوە.

— کتێبی پێنجەمی ماوە. بۆ من ئاسانە. تازە زمانەکەی فێر بووم. وەک کوردی وایە بۆمن. راستی ئەوەیە ئەگەر کوردنەبووومایە نەمدەتوانی وەری گێڕم. پڕە لە تەعبیری کوردی. پڕە لەشتی وا نە فارسی یە و نە عەرەبی.

— لەو تەعبیراتە کوردی یانە دەکرێ نموونەمان بدەیەی ؟

— هەر چەند شەولەمەوبەر تووشیعیبارەتی "قیامالکید" بووم. دەبێ مەنزووری چ بێ ؟"قیام" یانی هەستان تەواوی قامووسی عەرەبی چاو لێکە غەیری ئەومانایەی نیە. پێموابوو هەلەیە. چاوم لەچەند نوسخەی دیکەی قانوون کرد لە هەموان دا هەر ئەوە بوو. وازم لێ هینا وگوتم نایزانم. شەوی دوایی هەر دە زەینم دابوو لەپڕ دیتمەوە. تەعبیرەکەی کوردانەیە. لە ژنانت بیستووە دەلێ بەردێکیان

بەسەری کوڕەکەم داداوە و ئەوەند هەستاوە یانی ماسیوە ،ئەستوور بووە . بەڵێ "قیامالکبد" یانی ئەستوور بوونی کەبەد . وەرەمی کەبەد . کەبەزبانی عەرەبی دەڵێن "تضخمالکبد"

نموونەی دیکە عەرەب دەڵێ "ایضا "" یا "اکرر" ئەو دەڵێ "یُشبە" یانی " وێدەچێ" کەکورد دەکاری دێنێ. لەزۆر جێگا لەجیات "دووبارە" عیبارەتی "علی الراس" دەکار دێنێ یانی "لەسەررا "لەجێگایەکی دیکە واژەی "ماست" دەکار دێنی لە کاتێکدا ئەوەی من بیزانم عەرەب پێنج لوغەتی بۆ"ماست" هەیە .

— مەمنوونم مامۆستا . ئەوجار باهێندێکیش باسی شیعرەکانت بکەین . خەیامەکەت شاکارێکی بێ وێنە — یە . تەرجومەی مەموزین لەو بەرزترە .بەرەوموکریان قیـ مەتە .

— لە شیعرەکانم گەڕێ . هیچیان باش نین. هەموویان خراپن. خوێنەر دەبێ بڵێ کامیان باشە و کامیان خراپە .

— قوربان زۆرم ماندوو کردی پرسیارم نەماوە . هەر وەک دەزانی ئێمە لە کوردستانی ئێران تازە دەستمان داوەتە نووسینی کوردی. وەک مامۆستا هەژاری بەئەزموون ومامۆستای زبان وئەدەبی کورد چ ڕێنوێنی — یەکت بۆ لاوان هەیە . چۆن بنووسن ؟ چ بکەن ؟

— پێموایە زۆر چاک دەنووسن. چەندرۆژ لەمەوبەر لە وت ووێژێکی رادیۆیی دا هەر ئەو پرسیارەم لێ کرا لەوێ گوتم کاکە ئەوەتیغی دوو دەمە . جارێ بزانین دەوڵەت لەگەڵ نووسەرانچ دەکا ، دەوڵەت دەبێ تەشویقیان کا بۆ بووژاندنەوەی زبان و فەرهەنگی کوردی تێکۆشن . من حەز دەکەملاوان تێکۆشن هەوڵ بدەن. فێر بن و بنووسن،

تا نووسین گەشە بکا . دەبێ لە سروەدا مەتڵەبی چاک بنووسرێ مەبەست هەر پڕ کردنەوەی لاپەڕەکان نەبێ. ئەوکارە قازانجی نیە .

— زۆر سپاس. پێموایە لەباسی ژیانت گەڕێم باشترە . لە پێشەکی کتێبەکانتدا هەیە .

— بەڵێ باسی نەکەین باشترە بەڵام بانەقڵێکت بۆ بگێڕمەوە .

کابرایەکی عەرەب بە ناوی جەبر ڕێگەی کەوتە شارێک . ڕۆیشتە قەبرستان دیتی لەسەر بەردی قەبرەکان ماوەی تەمەنی مردووەکان نووسراوە بەڵام هیچی درێژی تەمەنیان ناگاتە دوو ساڵ. نووسراوە سێ مانگ ،شەش مانگ ، ساڵێک وشتی وا . پێی سەیر بوو قەبری تەواو درێژ. دیارە پیاوی تەواوگەورەی تێدا نێژراوە. ئەدی چۆن تەمەنیان وا کەم نووسراوە! گەڕاوە شار ولە پیاوێکی وێچووی پرسی ئەوە بۆ وایە . کابرا گوتی لەشاری ئێمە هەرکەس دێتە سەرە مەرگ لێی دەپرسن چەندت بەخۆشی رابواردووە .ئەویش دەڵێ دوو مانگ . شەش مانگ . ئێمەش هەر ئەوەی بۆ بە تەمەن حیساب دەکەین ئەوی دیکە بۆ عومرەا عومر ئەوەندەیە کە بە خۆشی رادەبرێ !

" جەبر " فکری کردەوە و گوتی :

" دەتۆخودا ئەگەر من مردم لەسەر کێلی قەبرەکەم بنووسن ئەوە قەبری جەبری کوری عەبوڵڵایە کە لەزگی دایکیەوە کەوتۆتە نێو قەبرەوە ! ئاخر لە ژیانمدا قەت دەقیقەیەکی خۆشم نەدیوە ."

ژیانی منیش هەر وەک جەبر بووە !

— قوربان زۆر مەمنوون. ئەوشۆ زۆر ماندوو بووی ۆ زۆر پرسیارم ماون . هەڵیاندەگرم بۆهەلێکی دیکە.

— با بزانین .

ـ دایە بەسەری تۆ هەڵقرچابوون. تاس کڵاوە روو ـ
چیدی بەقسەی تۆ ناکەم ! تاوەکەی هەر بەسەرەوە بوو
حەیاتم لێ برا پیاو ! دەسماڵی مەلمەلی سپی گوڵ
ئەوەندەی گوت و مات وردی بەسەر تاس کڵاوەکەیدا
بوو. سەری بەرداوە. هەوەڵ دابوو. بەلکی پاش گریی
جار بوو لەرووی دایکی چارشێوشانە قولاپییەکەی
وەردەگەڕاوە. تەوێڵێ ئارەقەی چاوی سڕیەوە وسەری هەڵێنا
شەرمی لێ دەتکاوە. نەیتوانی و گوتی :
درێژە بە قسەکانی بدا . ـ باشە بەکەیفی....
دایک لەسەرەخۆ چاوی لێکرد لەرزەی لێوەهەڵقرچاوەکەی



ئەویش هەوەڵ جار بوو ئیزنی دەربڕینی نەداودیسان
وایان دەدواند .قەت لە پەڕی سەری بەرداوە. ئەمجار پاش
گوڵیان کاڵتر پێ نەگوتبوو. تاوێک دەستەکانی هەڵێنا و.
چاوە پرووشەکانی ئاویان سووچی دەسماڵەکەی تا نێو
تێزابوو. بەسپایی لەسەر یەکی چاوانی هێناوە وگوتی:
دانان ودوو دڵۆپ فرمێسکی ، ـ کەیفی خۆتە زێوە
پاڵاوت . فرمێسک بە کەوشەنی گیان تازە قسەت لەکاری
لووت ورووەتیدا خزاو هاتە ناکەم.
سەر سووچی لێوەرەش هەڵگەراوە زێوە تاقە کوڕەی دێد
بارهێناوەکانی. لەسەرەخۆ بە ئەستی بوو. بە منداڵی
قامکی شادە سڕیەوە بەڵام کاکۆڵی وەک ئاوریشمی زەرد
یەکی دیکە جێی گرتەوە و بوو. لە خۆشەویستی یان
بۆی حەشار نەدرا. لێوەکانی بابی پێی دەگوت «زێوە».

خاڵی ناوی نابوو " مراد"
چون لەسەر شەخس بەمرادی
خواستبوو بەڵام هەموو هەر
بە زێوەیان دەناسی ووایان
گاز دەکرد.
زۆر زوویان ژن بۆهێنابوو
بابی هەر بەم ئاواتە بوو
زوو نەوەکەی ببینێ بەڵام
منداڵیان نەدەبوو.زێوە زۆر
تووڕە بوو. جارجار بیری
دەکردەوە کەبێکەسە. لەخۆوە
دەرهەڵدەبوو. پاش تاوێک
خاو دەبۆوە. دەچوو لە
فکرەوە. جارێک لەسەر نۆرە
ئاو لەگەڵ میراو دەمەقاڵەی
لێ پەیدا ببوو..... هەر
لەخۆوە جاڕزو وەڕەز بوو..
بەتایبەتی پاش مەرگی بابی
هەستی بە بێکەسی دەکرد .
تەنیا هومێدی دایکی بوو.
خێزانیشی لەو باشتر نەبوو
ئەگەر کاری نێومال تەواو
دەبوو لەسووچێک مات دەبوو
کەسی نەدەدواند. تەنیا لە
داوەت دڵی دەپشکووت ئەویش
ئەگەر زیڕەی منداڵێکی
دەبیست تووڕە دەبوو،دەستی
دەکرد بەپێ هەڵکالان. خۆی
زۆر کەم دەهاتە بەرچاو...
پێی وابوو هەموو دەستە
خوشکەکانی لەو باشترن.....
زێوە چاوی گێڕا ، لە
تاتێ یەکەی بنی روانی کە
چیلکە گەسکێکی لەسەرکەوتبوو
هەڵیگرتەوە وبەدەستی یەوە
گرت وبۆ زاری هێنا تا
کەلێنی ددانی پێ بژەنێ .

بەلام لەرووی هەلنەدەهات
سەر هەلبڕێ و بڕوانێتە
هەنیەی دایکی..هەناسەیەکی
هەلکێشا وچۆ کێکی هەلدا و
دەستی بەسەردا شۆڕ کردەوە.
مات ببوو. هیچی پێ نەدەگوترا
هەستا وەدەر کەوت .

دێدئەستی چاوی لێکرد تا لەدەرگا وەدەرنەکەوت نیگای لەسەر هەلنەبڕی دوایە بەسپایی رووی وەرگێڕ- اوە هەناسەیەکی هەلکێشا و دەستی بە بیرکردنەوە کرد . دەیزانی زێوە لەوانەیە لەرووی وەرگەڕێتەوە بەلام هەموو دەردی بۆ مندالی یە . ژنەکەشی زۆر لاسار ببوو تاوێک لەوەپێشی وەبیر هاتەوە کە گاسی فاتمی کردبوو بێتە لای وهیندێکی قسە بۆ بکا .

ـ زێنەب کچم ! بۆ وا نارەحەتی .

ـ چووزانم ! کوا نارەحەتم.سەمات بۆ بکەم ؟

ـ نا رۆلەم. تۆ بۆ پێت وایە من دوژمنی تۆم! دەردت چیە بیلێ ؟

ـ دەردم نیە! ئەگەر ئەتۆ لەکۆلمان بیەوە من ئاسوودە دەبم .

ـ جا رۆلەم چ بار گرانیم لەسەرتە..دایکەکەم خوشکەکەم..پیرێژنێکی مات وبەستەزمان دانیشتووم ئەگەر پاروە نانێک بوو دەخۆم دەنا شوکری خودا دەکەم.

ـ واخۆت فەقیر مەکە. ناوێرم بجوولێمەوە دەچی بە زێوە دەلێی ئەویش لێم دەرهەلدەبێ .

ـ ئاپاڕۆ کچم زگم سووتی درۆ دەکەی! ئەتۆ چەندسالە کوندەجەرگت کردووم بۆچما قەت باسم کردووە . کچانم بەخودای زارم پڕبێ لە خوێن ناوێرم لە لای زێوە بیکەمەوە.تۆلاسە،کەللە رەقە، دەرهەلدەبێ. دەستێک خێر، یەک شەڕ. ئەوە هاتوو زیانی دا...من چۆن لەخۆفی خودا رزگارم دەبێ....

ـ نەخێر ناوەللا وانیە ومن پیرێژنان جوان دەناسم. ئەتۆ فەرهادکوژی.

ـ بەندەناس خودایە ! خودا هەقم بکا. جا وەرە توخودا جەفای سەگم لەگەل ئەو مالە کێشاوە ئێستاش عەمری پیرەمەرێکم ماوە نەیەلن پاروەنانێکی بە رەحەتم لەئەوکی ئاوابێ.... هەستە لەبەر چاوم فاتم.... هەستە .

فاتم دەرکەی پێک دادا و وەدەرکەوت .هێندەی پێ نەچوو زێوە هاتەوە ومات هەلکورما. فاتم لە پشت دەرگا راوەستا. زێوە گوتی:

ـ دایە دەلێی گریاوی ؟

ـ نا کورم هیچ نیە!

ـ ئەی چۆن هیچ نیە ! ئەوەنیە دەگری ؟

ـ وەبیر بابتکەوتوو - مەوە.

ـ پاش مردووان رەحمەت چاکە...بەلام قەتی گەردن ئازا ناکەم.تۆقی نەحلەتی لەستۆ پەستاوتووم. بەخودای هەموو خەمی فاتە لەبنی هێنام...

ـ کوڕم خۆ مندالنی ! ئەو قسانە چن.ژنت ژنی چاکە...دەبێ بەزمانی بزانی.. ئاخر ئەو لەتۆ زیاتر کەسی نیە. دایک وباب لەو سەری دنیا بەوی چی داخودا سالێ جارێکبیان بینێ یان نا...کەسی ئەو هەر تۆی.

ـ دایە زۆر زمان شڕە. وەللاهی جەرگ ئاوسی کردووم.

ـ نا زێوە گیان ;... لەسەرەخۆ بە....تۆخەتاباری..

ـ دایە توخودا بەسە.. چەند سالە بەوقسانە فریوم دەدەی. بەقەبری بابم لەبەر دلی تۆ نەبا شەش سال بوو تەلاقم دابوو....

ـ ئاپاڕۆ جابۆ ئەو ئەتکەش بەخۆت ناکەی. رۆلە ژن کراس ودەرپێ یە ئەگەر کۆن بوو فرێی بدەی ؟...... ژن وزێر هەتا کۆنتر بن بەقەدرتر دەبن ئەتۆ چۆن دلت دێ ژنتدەلێی قونچکە زێرە... بەسە ئەگەر منت خۆش دەوێ قەت ئەو قسەت بەزاریدا نەیە.

ـ دایە....دەزانم تۆش فریوم دەدەی.... زۆریان پێ گوتووم کە فاتێ چەند بۆ تۆ خراپە...منیش لەگوێی

گادا نەنوستووم.
ــ درۆیە...کورم..درۆ...
چەند ساڵە بووکی منە ئێستا لە گوڵی کاڵتر پێ نەکوتووم.تەواو زارم هەڵنابڕم دەگاتە سەرم ودەڵێ:بەڵێ... کێ ئەو قسانە دەکا...چۆن لێی قەبووڵ دەکەم. ئەمن ئەگەر لێی نارەحەت بم بێ ئەوە بە تۆ بڵێم دەینێرمەوە ماڵەبابی.......
ــ دایە بەسەری تۆ چیدی بەقسەت ناکەم. حەیاتم لێ برا پیاو...
دێد ئەستی هەروا لە فکردابوو.هەناسەی هەڵدەکێشا وەتێ باپیر مردبوو دڵی زۆر ناسکتر بوو بەڵام نەیدەویست کایە بە ژیانی کوڕ و بووکەکەی بکا.هەموو جارێ خوێناوی دەخواردەوە و قەت بۆ جارێکیش لەلای زێوە باسی هیچی نەکردبوو...
چاوێکی لە سەماوەرەکە کرد. شەمچەکەی لە گیرفانی کولێجەکەی دەرێنا وئاگری دا. سەماوەرەکەی هەڵکرد و بە دیاریەوە دانیشت .
فاتم وەژوور کەوت . بەڵام قسەی نەدەکرد. لەبەرە خۆیەوە فکری دەکردەوە "بێ ونەبێ خەسووم زانیویەتی من خۆم گرتووە بۆیە وا خۆی شیرین دەکا" چاوێکی لە سەماوەرەکە کرد. بووک و خەسوو بێدەنگ بوون بەرجی هازەی سەماوەر هیچ دەنگیک نەدەهات .
دێدئەستی بە پەرۆشی کۆڵوانەکەی توند کرد . دەسماڵەکەی کێشاوە سەر نێوچاوانی ودەستی دەپشت گرت تاوەدەرکەوێ .
فاتم خێسەیەکی دایە و لێوی داچۆڕاند. لەبەرەخۆوە گوتی:" ئاوری بن کایە.ئەوە زیز بوو.ئەوجار بەدەرکردنم دەدا. تازە تەواو بوو.هەی خودا بت گرێ فەرهاد کوژ. ئەگەر قسە دەکا وادەزانی راست دەکا ودڵت بۆی دەبێ بە ئاو....بەوخودای نایەڵم منیش بەدوایدا دەڕۆم....... جارێ با بزانم دەچێتەکوێ!
دێدئەستی هەستا بە هەناسەساردی وەدەرکەوت . خات شەمامی تەشی ڕێس جێی هاوار وبانگانی بوو. دەچوو



تێر لەلای دادەنیشت ودەردی دڵی بۆدەکرد.
ــ شەمام وەباڵی تۆم بەستۆ قەت خۆ لە کاران هەڵناقوتێنم. ئەو هەتیوەم دەڵێی خەرفاوە.کەس نازانێ چ دەکا. تا ئێستا قەتی جوابەجەنگی نەکردبووم،ئەوڕۆ وەختبوو لەسەر فاتەی لێ بدا.
ــ ئاخر لەسەر چی ؟
ــ جا بڵێم لەسەر چی؟ دەڵێ ئەتۆ بەمن ناڵێی فاتە لەگەڵت خراپە. خەڵک دەڵێن وبەگوێم دەگاتەوە . تۆش هەر بەلای ویدا دەکێشی و بۆی دەپارێیەوە.....
ــ راست دەکا ئەی!.... ئەو کچەتیوە گەورەوچکۆڵەی لەبەر نیە. کچێ ئەستی ئەتۆ بۆخۆت لەبیرت نیە لەگەڵ خەسوو چون بووی ؟ ماڵتە مەیلی کچەکانی نابوو.
ــ خوشکێ گلەیی مەکە . زەمانی مە شەرموحەیایەک هەبوو. ترسێک هەبوو. گەورە وچکۆڵەیەگ هەبوو. نازانم

ئێستا بۆ وای لێهاتووە.

ـ ئەگەر بەقسەی من دەکەی دانیشە ونسحەتی بکە

ـ کچی چەنەم لە زاری کەوتووە. نسحەتی چی؟ با هەستم بڕۆمەوە ئێستا زێوە دێتەوە و وادەزانی زیز بووم.

ـ قەیدی ناکا پێمخۆشە بزانێ. دانیشە با بۆ من قسەی لەگەڵ دەکەم.

لەو دەمەدا لەدەرگایان دا. خات شەمام دەرگای کردەوە. فاتم بوو. هاتە ژوور سڵاوی کرد ولاشیپانی دەرگای گرت :

ـ وەرە ژوورێ فاتم. بۆ لەنێو دەرکە راوەستاوی؟

ـ ناوەڵڵا دەڕۆم. هەر هاتووم بزانم خەسووم بۆ رۆیوە ؟

ـ کچم من شەڕم لەگەڵ کوڕی خۆمە! تۆبۆ نارەحەتی.

ـ شەڕت لەسەر ئەوەیە کە بەقسەت ناکا و من تەلاق نادا ؟

ـ نا کچم! قەرارە تۆ تەلاق بدا و لەسەر تۆش جنێوی پێدام. بۆیە لێی تۆراوم و تازە کارم بە کاری نەداوە .

فاتم سوور هەڵگەڕا لە شەرمان لەرزی ونەیتوانی خۆ لەسەر پێ رابگرێ.هەڵتروو‌شکا ولە پرمەی گریانی دا. دێد ئەستی و خات شەمام چاوێکیان لێک کرد وهەردووک دەیانویست قسەیەک بکەن . دێد ئەستی هەستا. دەستی لەستۆی فاتم کرد و ماچی کرد. فاتم هەستا سەر پێ. دەستی خەسووی ماچ کرد . خات شەمام لەسەرەخۆ دەگریا. هەموو دەگریان بەڵام یەکیان لە خۆشیان یەک لەهەیبەتان و یەک لە شەرمان .

ماڵی خات شەمامیان بەجێ هێشت. دێد ئەستی لەوە کە توانیبووی بەفاتم بسەلمێنێ کە هەقە شاگەشکە ببوو. دەیزانی زۆر گرفت چارەسەر کراوە.بەپێکەنین بەرەوماڵ بوونەوە. دێد ئەستی وەپێش کەوتبوو فاتمیش لە دووی.دێدئەستی لەنێو ماڵ رووی لە فاتم کرد وگوتی :

ـ کچم فاتمگیان ئەگەر لەبەرت زەحمەت نەبێ وەرە پێیەکم لەپشتی بنێ.پێموایە دوێنێ شەو لەبەر پەنجەرە دانیشتووم قوڵنجم کردووە .

ـ بەچاوان پوورێ گیان! راکشێ......

دێد ئەستی ئەگەرچی لە خۆشی یان گریی لەدڵ بڕابوو راکشا وفاتم بەجێی ئەوە بەپێ بچێتە سەر پشتی هێدی هێدی بەسەر پەنجەی دەستی قوڵنجی دێد ئەستی شکاند. یەک دوو جار قامکەکانی خۆشی تەقەیان لێهات. پاش ئەوە کە دڵنیا بوو قوڵنجی خەسووی شکاوە چارشێو شانەکەی ئەوی هەڵداوە و دەستی بە نەرمە شێلان کرد. لەو دەمەدا زێوە بەتووڕەیی وەژوور کەوت وگوتی:

ـ کچێ فاتم...

بەڵام نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدا. چوون هاتبوو بلێ خۆ ساز بکە دەتبەمەوە ماڵی بابتکەچی زۆر تەریق بۆوە وگوتی:

ـ دایەگیان دوور بێ ناساخی .

ـ نا کوڕم پشتم دێشا ئەویش فاتم خودا چاکەی بۆبکا دوو سەعاتە دەمشێلێ .

ئەوجار رووی لە فاتم کرد وگوتی :


ـ بەسە کچم بەدایکی کوڕان بی. وەڵڵاهی پشتم سووک بوو. بڕۆ چایەکەی دەمکە زێوە برسی یەتی.

فاتم هەستا وەدەرکەوت. دێد ئەستی کە کوڵی گریانی لەئەوک مابوو ولە خۆشی یان قسەی پێ نەدەکرا گوتی:

ـ خۆ ئەوجار بەچاوی خۆت دیتت! کوڕم فاتم لەجێی هەموو کەسمە.ئەوانەی قسە دێنن ودەبەن گوێیان مەدەیە. ئەوان چاویان بە ئێمە هەڵنایە و لەخۆڕا پێمان هەڵدەکاڵێن....

زێوە بەشەرمەوە دەستی لەستۆی دایکی کرد بەڵام هەرچی کردی وکراندی نەیتوانی هیچ بلێ....





ژیانی من:

خاڵەمین

براتان سەیدمحەممەدئەمین شـــۆرەت بەرزەنجی م وخەڵک بەخاڵەمین م دەناسن . بابم حاجی شێخ مستەفای کۆکەیە.شاعیری بەناوبانگی کورد سولەیمان زێوەرئەفەندی لە شەڕی نێو نەتەوەیی یەکەمدا کـــە هاتۆتە ئەو ناوچەیە گوتوویە :

وتی شێخێ لە کۆکە زۆر کۆکـــە
ساحێبی جووت و ملک وماڵ ومەڕ
بەڵێ ئەو شێخە وەک دەڵێن باشە
تۆ بڵێی هیچ بکاتە نامە نەزەر؟

بەکورتی قەسیدە کە دوور و درێژەو هەر ئەوەندەی باسوبابەتێدایە. حاجی شێخ مستەفا کوڕی شێخ عەبدولغەنی یە.ئەویش کوڕی شێخ محەممەدئەمینی هەزار مێردی یە. ئەویش کوڕی شێخ حەسەن ، ئەویش کوڕی شێخ سمایلی بەرزەنجی یە.

دایکی رەحمەتیم فاتمە خانم لە تیرەی بەگزادەی بورهان بوو. ئـــەویش وەک بابم زۆر لە دین دابوو. حەوت برا و خوشکێکم هەبوو کە ئێستا تەنیا من ماوم بۆ چەرمەسەری ئەو دەوروودوکانە یا بۆ هەرچی ! خوا رەوای بینێ دوو کوڕم هەن بە ناوی سەید عەزیز و عەبدوڵڵا. سێ کچی بە شوو و چاردە نەوە و سێ نەتیجەم هەیە، جگە لە هی مردوو. وا هەست دەکەم نەدیدەش ببینم.

وەختێک باسی کۆکە دەکەم کە جێـــی لەدایک بوونمە و دێیەکبی چووکـــە و خشپیلانە و لەسەر دڵانە، دەبێ چەند جار ناوی کۆکە دووپاتە بکەمەوە. (بەشی کۆکە کە کورتە باسێکی مێژوویـــی یـــە لـــە ژمارەکانی دیکەدا چاپ دەکرێ)

لە ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی بابم بەهۆی هەل ومەرجێک کە بۆی دێتە پێش کۆکـــە بە شەش هەزار تمەن بە عـــەلیاغـــای حاجیەلخانی دەفرۆشێ و ماڵمان دەچێتـــە بۆزە کە لە سی کیلومێتری مەهابادە .

لەوێ وەبەر خوێندنیان نام. ســـێ پارەی ئەلف وبێ ، دوایی جزوەی قورئا- نی پیرۆز و سمایل نامە و ناگەهان و ئەی شودە (شیعری شێخ مەعرووفی نودهی)م خوێند. ساڵی ٣٨ ی کۆچی گوندی قسقەڵای لاوێزانمان کڕی و بڵێین لە حەوت و هەشت ساڵیداچووینە قسقەڵا بـــۆ خزمـــەت مامۆستا مەلا کەریم نەوەی خەلیفەی گراوی و لەوێ دەستم بە خوێندنی تـــەسریفـــی مەلا شێخ حەسەن کرد. دوایە ناردیانمە

سابلاغ بۆ خزمەت **مەلا حوسێنی مەجدی** . شێخ حەسەن برای گەورەم لای ئەو دەرسی دەخوێند و منیش کە سوختە* بووم لەلای **مەلا محەممەدی لاجانی و مەلا محەممەدرەئیسی بۆکانی و مەلا یەحیای بانەیی** کەموستەعیدی ماموستا بوون دەرسم خوێند. دوای یەک دوو ساڵ من حوجرەی خۆم لە کاکم جوێ کردەوە و چوومە **مزگەوتی حاجی سەید بایز** بۆ خزمەت فەیلەسووفی کورد خوالێخۆشبوو **ئەحمەدی تورجانی زادە** کە **مەلا محەممەدی** براگەورەشی هەر لەو مزگەوتە دەرسی بە **مەلا ئەحمەدو** فەقێکانی دیکەش دەگوتەوە. بەڵام بەداخەوە سەت مخابن لەو دەریای پان وبەرینی زانین من لە چەن دڵۆپێکی بەئەژمار پترم پێ نەبرا، چون نەخۆش کەوتم وسینگ وگەرووم خوێنی لێدەهات .پزیشکی کاتیش گوتی :

" دەبێ دەست لە خوێندن هەڵبگری و بچیە کوێستان و زەنوێر و جێی خۆش ئاووهەوا.

راستە من خوێندنم لای وان تەواو نەکرد بەڵام **دوو گەوهەری بایی دار و بەبایەخم لێوەرگرتن. یەکیان خوناسی (تەوحید) و دووهەم نیشتمان پەروەری** **کە ئەوانیش ئەم دوو گەوهەرەیان لە لایەن مەلا ئەحمەدی فەوزی کە لە** سولەیمانییەوە پەڕیوەی ئەو وڵاتە ببوو پێگەیبوو، کە لە دواییدا ئەم رۆشنبیری یە بەشی زۆری کوردستانی ئێرانی داگرت.

جاوەک پێشوو رامگەیاند بنەماڵەی ئێمە شێخ و رابەر بوون بەڵام من ئەگەرچی ئامرازی شێخەتیم بەسانایی بۆ پێک دەهات (دوو گەزە شاڵی سەوز و سیواکێک و عەبایەک) خۆم لەو دەرەتەی نەدا هەڵبەت لەبەر دوو شت :

یەکەم: دارایەتیم هێندە نەبوو ئەو کارە ئەستەمە وقورسەی پێوە سەربار خەم پێشم نامەردی بوو زۆر لە خەڵک وەرگرم و کەمێکی ئەدەمەوە بە خەڵک .

دووهەم: تێوەڕامام. بارودۆخی شێخەتی بە تەواوی گۆڕاوە .

بەکورتی با بگەڕێمەوە سەر باسەکەم لەبەر نەخۆشی نەمتوانی خوێندن درێژە بدەم. وەدووی چادر وچیغ کەوتمو چوومە کوێستان. کاتێک چاوم بەو مەڵبەندە کەوت ، هەر نواڵێکی* دەمدی هەمووی زەمەند وگیای جۆراوجۆر ملیان داوەتە یەک ، مەندۆک وبیزا وهەڵزوکەما لێک ئالاون وتێک چرژاون. کەوی یە بەفرەکانی لەندی شێخان هەر لاپاڵێکی تێوەی رادەمام دەتگوت جەندەکی دێوی سپی یە وئەستوورو درێژ، تێیدا کەوتووە. ئاتەگەکانی چۆڕ چۆڕەی ئاوی وەک چاوی قرژاڵ لەبەر دەڕوا وبە گوڵی زەرد وسوور و ئابی خەملیوە، دنەدانی ماموستا تورجانی بۆ شیعر وشاعیری هێنایەوە بەر زەینم. هەستی شاعیرانەم بزووت و پێنج بەستەم شیعر دانا کە یەک لەوانە ئەمەیە .

چۆ لای کوردە کاکی ژێر زرینگ
چونکە جێی کوردە دەس بنێ سەرسینگ
پێی بڵێ خاڵەمین دەڵێ تاکەی
گەنم وجۆ چان وپوول جرنگەجرینگ
زۆر چەتوونە کە تێ بگەن تاکوو
لەبنان گوێ ونەدەن بەپاچ وقولێنگ
پیاوی دنیایی یا خودایی بێ
سۆفی شەو یاهەواخورانی گزینگ
سەربەخۆیی وەگیر دەخا هەردووک
نەک بە حیزە بخۆی ورینگە رینگ
پیشەی پێشینەو رەچاو کەن تا
کوڕی کەروێشک و بۆببێتە پڵێنگ
شوێنی وان پیاوەتی بوو ئازایی
بۆ عەدوو داندراوە گێزو گولێنگ
رێک کەون بۆخۆ چیدی رێک مەکەون
چۆکی زل کۆڵەوارە بێ گوێزینگ

باوەڕم پێ بکەن کە بۆنگۆیە
هێندە دەگرم لە ئێوە من بەربینگ*
دوێنێ بولبول لەنێو گولان دەیگوت
چەن بە سۆزێکی خۆش وورینگەورینگ
بە ئومێدی خودا و پێغەمبەر
بەدڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ
کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن
هەر ئەوەندە نەختی بوخوئازابن

وەکی هەر خۆشی یەی ناخۆشی یەکی بەدواوە پاش چوار پێنج ساڵ ژینی ئاران و کوێستان لەنەکاو کاغەزێکی خوێن تاڵیان دا دەستم. خوێندمەوە :

" لەو لەندی خۆش ئاووهەوا وسەری گۆڕ ونەرمان، قەراغ و ئاتەگەکانی* زەرد وماە وتەرت و لابەلا سەربەرەژێر دێیەوە بۆ سابلاغ و لەوێوە بۆ ورمێ. دوو ساڵ سەربازی ! جابلێم چی گوتوویانە ئاوی زۆردار سەرەوژوور دەڕوا !

سەرت نەیەشێنم گروهبان دووەم خالەمین ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە ورمێ خزمەتی کرد. ساڵی ١٣١٤ ناردیانمە سابلاغ و ئیجباریم لەوێ تەواو کرد.

هەر لە ورمێ ولەزەمانی سەربازیدا بەیادی چادروچیغ و کوێستانەکانی کوردستان هەڵبەستی ژێرەوەم هۆنیەوە :

لەزستانێ رەها بوو دڵ بەجێ هات
ئاخ و ئاواتی
بەهارە و خاکەلێوە رۆی بەخێربێی
بانەمەر هاتی
زەوی خەملێوە سەرپاکی هەوا وەک
رووحە سەرتاپا
دەجا سۆفی هەتاکەی سەرلەنێو یێخەی
خەیالاتی
ئەوانەی عاشقی روون باوەشی وان پڕ
لە دلدارە
ئەتۆش هەروا خەریکی واهیمەو کەشفی
سەماواتی
سەفی حۆری تەماشاکە بخوێنە زیکری
لا حەولە
گەلی بێری ببینە ئابناسێ قودرەتی
زاتی
بە چادروچیغەوە کەوتوونەدەر ساحێب
مەڕوخێلات
دەڵێی هوڕڕای نیزامە کاڕوکوڕی بەرخ
و مالاتی
نەمێنم نابیەم سمکۆڵ وکۆڕەی ئەسپی
سەر خێلی
نەژیم نابینم ئێستا دیوەخان وداب
و داهاتی
نەتاولێ پڕ لەمێوانی نە خزمەتکاری
سالانی
غولامی دەس لەسەر گوێ خەنجەرێ بێو
چاوی لەولاتی
بەباغی میللی و کافە و خەیابانی
رەزائیە
لەدڵ دەرناچێ سەیری شارۆیران ودەشتی
شاماتی
بەبێ وی تالە کوێستان وخوسوەن چۆلە
هەمزاوا
بواکەی خۆشەویستم کا وسێن تۆش بۆیە
وا ماتی ؟
لەسەر جێ خێلی خالم خێلی کێ داخۆ
هەلێداوە
لەجێی تورجانی داخوا کێ دەکا سەیرو
مولاقاتی ؟
لەباتی زەمزەمەی دەنگی گڕامافونی
تاولێ پار
ئەویستێ قوولە قوولی بایزی داودە و
حاجی هات هاتی
هەزار ئاغای فکۆلێ و گەنجی دیپلۆمو
سیاسی باز
بەقوربانی سمێلی خدرەگرۆیی پیاوی
عێلاتی

هەزاران فۆڕم وپۆزی خانمەکانی پاریس وئەڵمان
فیدای دەسرۆکەکەی هەوری کچی کرمانجی دێهاتی
دڵم وەک بولبولی گۆیا دەخوێنێ ئاخ کەتێی ناگەم
هەوای سابڵاغە کەوتۆتە سەری یا لەند و خێلاتی ؟
لەوێ هەر کەیف وکامەو کاری ئێمەش لێرە "دەرجایە"
خودایی عالەم وئادەم چ بێ باک و موبالاتی
دەزانی خاڵەمین لۆمەی نەکەن گەریارو و دۆستانی
بەڕاستی دیتنی چادروچیغی کوردستانە ئاواتی

بەم جۆرە دوو ساڵە سەربازی تەواو بوو و چوومەوە قسقەڵا و چاوم بە دیداری باب و براکانم روون بۆوە و ئەمجار خەریکی سەرافەتی مەرومالّ وکشت و کالّ بووم. ماڵێکی تەبا و تێر و تەسەلمان بوو چەن ساڵێک هەموو لەسەر کاسە و سفرەیەک حاوا بووینەوەو شامان بە سەپان* نەدەزانی بەڵام رۆژگار چاوی بەرایی نەدا و چاوو زار کاری خۆی کرد. سوڕی* سەر هەڵوەشین و ئاسمانی نالەبار لەبەریەکی هەڵوەشاندین و من ماوەیەک دوای وەفاتی بابم بەشە مڵکی خۆم فرۆشت و وا رێک کەوت چوومە میاندواو ماوەیەک مامەوە وبوومە پێخۆست* وباریک بووم زۆرم نەمابوو بشکێم کەچی خودا رێکی خست ، خانوو ودووکانێکی هەرزان بایم کڕی و وێڕای دۆستێکی بەڵەد چوومە تاران وکەل وپەل وکووتاڵم کڕی و لەبەر چەند هەل وهاتێک کە بۆم لوا رمێنێکی* باشم کەوتە سەر و تۆزێک خۆم چەقاندەوە وبرێک بووژامەوە و دەستم بەسەر وسمێڵم داهێناو خەریک بووم ببمە شتێک ، کە لەپڕ هەڵا هەڵای موسەدیق هاتەگۆڕێ، شایان رەپێنا ومام هێمن بەغدای بۆ کردە نیوەڕێ وخەڵک وەک مارومێروو دە شەقامان رژان وتێک چڕژان و "پتۆپی شا" وبژی موسەدیق"گوێی خەڵکی کەڕ دەکرد. چەند دووکان و قاوەخانەیەک لە بەر شا دۆستی تێک دراو لێک دراو کرا ئەوەی کرا .

دوای پشوو دان و حەسانەوەیەک لەو هەموو ماندوویە و خۆپێشاندانە لەنەکاو هەر لەو رۆژەدا رادیۆ رایگەیاند، شا گەڕاوە. هەر ئەو جەماوەرە خیزوخۆڵەی ساتێک لەمەوبەر بەرەودوا بە شەقامەکاندا گەڕانەوە و دەستیان کرد بە «بژی شا» و «نەمێنێ موسەدیق»!.

پاش چەند رۆژ شار ئارام بۆوە بەڵام دیاربوو بەجۆرێکی نەتەوی چاو لەو کوردە دەکەن کە لە میاندواو بوون. ئەوە بوو کە ئەوێم بەجێ هێشت و چوومە سابلاغ.

سابلاغم زۆر بەدڵ بوو ،شارێکی خاوێن و خەڵکێکی تێگەیشتوو وباش. مزگەوتەکان هەموو بە بانگ وسەڵا وجومعەوجەماعەت . شەقامەکانی تروسکە وبروسکە وخاوێنی لێ دەباری. بەتایبەتی بەشی زۆری شار لە بنەڕەتەوە هەڵوەشاو سەر لەنوێ بە بارودۆخێکی باشتر وڕێک تر رۆنراوە.
گۆڕی مەلا جامی کرا بە مەیدانێکی پان و بەرین وقەبرستانی ئاتەکی داشامەجید لەجیاتی ناخی مردووەکان زیندووەکان لە دووقات وسێ قاتی تێی خزان .

بەڵێ: سابلاغ خۆش و خاوێن بۆوە . لەبەریەک رەوێوە. گەورە بۆوە .هەر گەورە بۆوە. بەڵام من بەداخەوە چووکە بوومەوە و هاتمەوە سەر حوللەمەرەسێ* .

منداڵ لە دەورەم ڕیز بوون وماڵم هەمێشە قۆناغ بوو ناچار سەربەرەژێر

دامقەڵەشتە* خوار. جەڵدیان بگرە وهاتم.
نزیک سێ ساڵ کە لەوێم رابوارد زۆرم، کوێرەوەری ومەرارەت دی. منی هێلکە* و رۆن خۆری هەتاو نەدیو بەسەری پیری وێڕای دوو کاردارەکانم خالید وئەحمەد کاری فەلەخۆییم* دەکرد.ئەوان مەڵەغانیا- ن دەکێشا ومنیش درمغم لەدوو دەکردن تووتنم دەچەقاند. سەرچنم* دەکرد. بەرم دەناوە. ئاوم دەداشت و چی وچی ....

ئاخروئۆخری تەمەنم بوومە چەقەڵەی* ئاش. بەڵام ئەگەر باوەڕم پێدەکەی لە لانی هێزی دڵەوە ورەم بەرنەدا وڕۆژ بە رۆژ ئەگەر لەبەر چەوسانەوە لەشم ساوا دەبوو گیانم بەهێزتر وهومێد بە بەزەی خودا زۆرتر دەبوو. دڵگەرم دەبووم و دەمگوت :

" من کەسێ نیم کە لە ئاسمانێ
بکێشم منەتێ "

ئەوە بوو کە لە جەڵدیان سوورە ی پیرۆزی ئەنعامم لەگەڵ چەند ئایەتێکی دیکە لەبەر کرد کە ئێستاش لەبەرمن. بەستەی چنچکێ وپنچکێ وچەند شیعری دیکەشم هۆندەوە. وەکوو بیستوومە خەڵک پەسەندیان کردووە .

منداڵەکانم لە جەڵدیان بەرە بەرە هەراش دەبوون وفێرگەی ناوەندیشی لێ نەبوو جا دەبا ئەوجاریش پەڕ* بۆ لایەک هەڵاویم وقەل فرێکێ* بۆ بکەم. میاندواو و سابلاغ قوونەکەو* کراون و گەڕانەوە بۆ ئەوانە بێ مەزەیە. خۆش و ناخۆش بامداوە بۆ نەغەدە .

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ماشێنەکەدا دەستم روو بە ئاسمان بەرز کردەوە و پاڕامەوە :

خودایە دوامین کۆچ بێ و چیدیم لێرەولەوێ نەدەی. سپاس بۆ خودا کە ئەو نزایەم لێ وەرگیرا.

دیسان دووکانێکم گرت وخەریکی کەل وپەل فرۆشتن بووم وهەم. جاروبارەش، موشتەری یەکانم بە بەندو باو دەدوێنم.

لەو ماوەدا کە لە نەغەدەم،عەزیزی کوڕم دەورەی دوکتۆری تەواو کردووە و ئەوانی دیکەشم دیپلۆم وسەردیپلۆمیان وەرگرتووە و داوو دامەزراو بوون .

جابا سەر لەنوێ دەست پێ بکەمەوە. لە تەمەنی خۆم دەپرسی بەداخەوە رۆژی لەدایک بوونم نەنووسراوە بەڵام بە حیسێبی ماڵە دایەنم.

پوور رێحان و دوو کوڕی سۆفی عەبدوڵڵا و حاجی دەرویش کە برای شیری و خۆشەویستی منە، وەفاتی شێخی بورهان کە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی بووە ساڵی لەدایک بوونی منە. لە رووی ئەمژمارەیە تەمەنی من دەبێتە ٧٨ ساڵ. ئێستاش لە رەحمەتی خوداوە چاوم لە شەوێشدا بێ چاویلکە دەبینێ و گوێم بێ سەمعەک دەبیسێ .و ددانم ساغن .جارجارەش شیعر دەڵێم.

جا برالە ئەو گۆوارە سروە پیرۆزە وەک سفرەیەکی رەنگینە هەرکەسێکی شتێکی خۆش وبەتامی هەبێ دەیهێنێتە سەری و رای دەنوێنێ. ئەگەر من و تۆ چیدی لەسەر هی خۆمان بڕۆین مافی ئەوانی دیکەمان داگیر کردووە .جا واباشە ئی خۆمان بپێچینەوە وبە چوار خشتەکی لالانەوە دوایی بە باس و خواسەکە بێنین .

سکالا و لالانەوە

ئاکارە ولاپەڕەی رەشم وەک شەوەیە
دەرچوون ونەچوونیشم لەدۆزەخ بەوەیە
بەرووی رەش ومووی سپێ وە هاتوومەتکا
بەبەخشی خودا دارونەدارم ئەوەیە
صلی اللەوعلی سیدنا محمدوعلی آلەوصحبە
وسلمتسلیما

تەحقیقی

مەنگوڕ ٢

دوکتۆر جەوادی قازی

ئەم ناوچانەی ئەوان جوانترین ناوچەی کوردستانە ودەتوانرێ لەگەڵ شاخی ئەلپ بەراورد بکرێ.ئەوسروشتە دڵڕفێنە یارمەتی ئەوە دەدات خەڵکەکەی تەندرووست و چالاک بن .بەلەشساخی یەکی چاک زۆربەیان دەگەنە تەمەنێکی درێژ.ئەمان زۆر بەدەگمەن خۆیان بە زەوی کێڵانەوە خەریک دەکەن و تەنیا لە سنووریکی زۆر تەسکدا نەبێ. بۆ بەربڵاو کردنی کشت وکاڵ توانایەکی ئەوتۆیان نیە .یەکەمین شت ئەوەیە کە دانەویڵە لەم هەل ومەرجە ولەسەر ئەم خاکە باش ناروێ. دووهەم ئەوەیە ئاژەڵ بەخێوکردن ڕێگەی ئەوەیان نادا کاتێکی زۆر بۆ کشت و کاڵ تەرخان کەن .

هاوینانیان بەوەوە لە دەست دەچێ،کەرانەمەڕەکا ـ نیان لە لەوەڕگاکاندا بلەوەڕێنن و ئالیکیش بۆ وەرزی زستان بۆ ئاژەڵەکانیان دابین بکەن. لە بەهاروپاییزدا سەوزە ، شیرەوخەڵووز بۆ فرۆشتن بۆشار دەهێنن وبەوپارەیەی چنگیان دەکەوێ پارچە قوماش وپێویستی ژیانی پێ دەکڕن ،هەر شتێک لەوێ دەستیان بکەوێ، کە گۆڕان

بەسەر ژەمی نان خواردنەکەیاندا بهێنێ .دەستووری هۆز هێشتا توندوتۆڵە ،بە هەر جۆرێ بێ لەوەی هۆزە کوردەکانی دراوسێیان بەهێزترە .هەر وەکوو چۆن لەپێشەوە گوتمان،هەر (٢) ئاغای تیرەکان کادەرویشی یەکان ،سەربە یەک سەرەک هۆزن ، کە ناو نیشانی مەزنی هەیە . ئەمە دەبێ لە کۆنترین و دەمڕاسترین ئاغاکان بێ ئەو بە هەڵبژاردن هەڵنابژێردرێ ، و

سەرۆک هۆز

هیچ دەسەلاتێکی نابێ گەر ئاغاکانی تر بەگەورەی خۆیانی نەزانن . نیشانەی ئەم بۆ سەلماندنەش ئەوەیە ئاغاکانی تر سەری لێ بدەن و بەگوێرەی ئەو داب و نەریتەی لە سەری دەڕۆن دیاری یەکی دیاری کراوی بۆ رەوانە دەکەن . سەرەک هۆزپایەیەکی بەرزی هەیە و بەرپرسیاری یەکی زۆری ، دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو بەرامبەر رژیم لەوە بەرپرسیارە .گرنگترین باج وسەرانە رەوانە بکا تاوانبارەکان راو بنێ ، ئاسایش بۆتاوچەکەی دابین بکا . هەر ئەویش بۆ هوزەکەی لەگەڵ هۆزە دراوسێ یەکاندا ،بڕیاری شەڕ وئاشتی دەدا ،هەروەها لە راپەڕین دژی رژیمیش هەر ئەو دوا بڕیاری بەدەستەوەیە .

خەبات بەرزترین پلەی ژیانی مەنگوڕێکە . دەبێ مێردمناڵێک سواری وتفەنگ تەقاندن فێربێ . هەر لەتەمەنی دەساڵی یەوە سواری ئەسپی دەکەن ، بە توندی لەزینی شتەک دەدەن وئینجا لە ئەسپەکەدەخوڕن ئەو ئەسپەدەست دەکا بە غاردان وهەڵپەڕین و دابەزین وچەپۆکان، تا لە دوایدا لەبەر هیلاکی رادەوەستێ .ئەوسوارانەی چاودێری دەکەن بەدوایاندا دێن ومێردمناڵەکە لەکۆڵی ئەسپەکە دادەگرن . ئیدی ئەمە چەند رۆژێک دەخایەنێ تا ئەو مناڵە ترسی دەڕەوێتەوە وناچاری فێری دەکا ،خۆی لەسەر پشتی ئەسپەکە راگرێ و بەسەر ئەسپەکەدا زاڵ .ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی شەڕ بێ .ئەوە جووتیارەکان کە ئازادی یان بە قازانجی ئاغاکانیان بەژێر لێوەوە کراوە لە ژێر ئالای ئاغاکانیاندا دەجەنگن . خۆپڕ چەک کردنیان بریتی یە لە تفەنگ ، زۆربەی ماوزەڕی ئەڵمانی یە دەمانچە ،خەنجەر ، هەموو کەسێک هەمیشە تفەنگی خۆی پێ یەو چەند رەزنێکیش لە خۆی دەدا . هەندێ جار لە شەڕەکاندا ژنەکانیشیان بەشداری دەکەن ، کە لای ئەم هۆزە لە زۆر رووەوە شوێنێکی ئازادیان هەیە ، وەکوو ئەوە نیەکەلەو وڵاتە ئیسلامی یەکاندا پاوە، نە لە"حریم"دا دەژین و نە چارشێو بەسەردا دەدەن.

زۆرجار لەشەڕوپێکدادانی نێوان هۆزەکاندا وای لێ دێ کە ببێتە شەڕی نێوان دوو کەڵە پیاو. هەر وەکوو یەکێک لەو شەڕانە لەنێوان مەنگوڕوماماەشدا رووی دا . هەر دوو سەرکردەکە ،سەرەکی هۆزەکانی خۆیان رووبەرووی یەک وەستان ،بەڵام هەر دووکیان یەکتریان کوشت بۆیە شەڕەکە بەبێ یەک لابوون بۆهەردووهۆزەکە مایەوە .ئەوەی لە شەڕدا بکوژرێ بەرێزلێ گرتنێکی بێ وێنەوە دەنێژرێ ، کە لێرەدا ناتوانین بەتان و پۆیدابچین.بەپێچەوانەشەوە ئەوەی بە نەخۆشی یا لە ئەنجامی پیری بمرێ هیچ رێزێکی لێ ناگیرێ ژنان جلی رەشی بۆ لەبەر ناکەن وناشتنیشی بە بێ ئاهەنگ گێران دەبێ.بەراورد کردنی ئەمە لەگەڵ ژیانی رابردووی ئەوان بەقووڵی کاری تێ کردم .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بروایان بە قورئان هەیە هەندێ داب و نەریتی خۆیان هەر پاراستووە . لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە ژنەکانیان چارشێو بەسەردا نادەن وحەریمیش لایان بوونی نیە . هەروەها لە مەسەلەی دادگادا ئەم گەلە مۆرکی تایبەتی خۆی وەکوو شتەکانی کەشی بە ئیسلامەوە ناوە .

یاسای ئیسلامی (شەریعەت) لە لایەن داب و دەستوور و نەریتەوە (عورف) تەنگی پێ هەڵچنراوە . لە ئەوەی بۆ لای قازی ومەلا برۆن ئەو دەستانەی بەشەڕ هاتوون ناوبژی کەرێک هەڵدەبژێرن ئاغایەک بێ یا پیاوێکی ناسراوی بەسالاچوو . گەر کێشەکە نەتوانرێ یەک لا بکرێتەوە ،ئەوە دەبێ بۆ بەردەم سەرەک هۆز بریاری ئەمیش دوابریار و کۆتایی پێ هێنەرە .لەکێشەی خوێن رشتنیشدا هەر ئەم دەبێتە حاکم . هەر چەند مەنگوڕەکان کۆچەرن، هەر وەکوو کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی،پەرۆشییە- کی پەرەسندوویان تێدا بەدی دەکرێ بۆ زانیاری خاوەن قوتابخانەی جۆراو جۆری فێرکردنن ،کەوانەی چاکی زانیاری ئیلامی یان تێدا دەگوترێتەوە .ئەم گەلە گەلێکی گەش وخاوێنە ، کە داهاتوویەک چاوەروانی دەکا .(۶)

۱- چەند نووسەرێک بە کورتی دەربارەی د. جەوادی قازیان نووسیوە .

بڕوانە :د. جەمال نەبەز:کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەلمانیادا ، بەرکوتێکی خەرمانەی کورد ناسی لە ئوروپا ، بەغدا ۱۹۷۴ ل ۶۱ - ۶۲ .

۲- د. جەوادی قازی هەر جارێک بە شێوەیەک ناوی‌خۆی نووسیوە .

۳- بڕیا نووسەر و روشنبیرەکان لایەکیان لە کتێب و دەستنووسەکانی ئەم کتێبخانەیە دەکردەوە هەندیکیشیان لێ بڵاو دەکردەوە .

۴- مەبەست دەولەتی عوسمانی وقاجاری یە ،بەلام نووسەر خۆی هەر وای نووسیوە و منیش‌نەمویست دەسکاری بکەم (و)

۵- دەبێ مەبەستی ماست بی (و)

۶- بێ گومان زۆر لایەنی ئەم ووتارە پێویستی بە روون کردنەوەیەکی فراوان هەیە .بەلام من لەبەر ئەوەی کەرەستەی پێویستم لەبەر دەست‌دا نیە و دەستیشم بەهیچ شوێنێک راناگا ،بۆیە تەنیا سەرنجی خوێنەرانی ئازیز بۆ " منظومە کردی حمزەرق منگوڕ" رادەکێشم‌کە لە ئامادەکردن ولێکۆڵینەوە، ووەرگێڕانی برایان سەید عبداللەصمدی و سەید محمد صمدی یە . ئەم برایانە بەیتەکەی هەمزە ئاغا و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- یان دەربارەی رووداوی ، کوژرانی هەمزە ئاغا و پەیوەندی ئەو رووداوە بە راپەڕینەکەی شێخ‌عبیداللەی نەهری لەساڵی ۱۳۶۴ مەهاباد بڵاو کردۆتەوە .

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش راکێشم کە لە (تحفە مظفریە"دا ، ل ۷۴۲ و ۷۵۹ "بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ بابی هەمزە ئاغا بڵاوکراوەتەوە . ئەمەش لە گەڵ قسەکانی د . جەوادی قازیدا رێک ناکەوێ وجێگای سەرسوورمانیشە . گەر ئەم قسەیە قسەی کەسێک نەبوایە کە خۆی لەگەڵ ئۆسکارماندا بەیتەکەی تۆمار کرد دەتوانرا چاوی داپۆشرێ بریا برایەکی تر بتوانێ بە بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێ کراوەوە ئەم کێشەیە یەک لا بکاتەوە .

ئەم باسە ئی زور کونە و پیویستی بەلیدوانی تازە هەیە چون ژیانی مەنگور ئال وگوریتیدا بەری هاتووە .

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

کانەبی



وێدەچێ ئەگەر بلێم کانەبی لەنێو ئاسمانی فۆلکلۆری کوردیدا ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە، لە جیهانی پان و بەرینی داستانی کورداندا داستانێکی دڵتەزێنە.

کات گۆنەڵی بەهاری یە، بیتوێنی رەنگینی رازاوەیە، گژ وگیا بە مل یەکدا چووە، کەنێرە لە چۆمان خەملیوە پۆڕ دەچریکێنی، بولبول دەخوێنێ، لەبەر دەرکی تاوڵ و رەشمالان بگرە وبەردەی کابانێ، ئێشکەچی شەوێ وەخەبەر دێنێ، ئەسپ ئالیک نەدراوە دەکۆڕێنێ، گامێش نەدۆشراوە دەهۆقێنێ، گاوان لەبەر دەرکی مالان بەدەستی بەگۆچانەوە راوەستاوە بۆ خڕ بوونەوەی گاڕانێ. تاو هات وزەردە، دوندی کوسرەتی شالەبەگیانی ئەنگاوت ئاونگ لەسەر پەلکی سێپەڕەی بوونە وردە خۆر وکەوتنە پڕشنگ هاویشتن، بەلام ئاونگ هەر میوانی شەوێ یە و بە رۆژ

دەچێتە نێو دەریای ون بوونێ .

بیتوێن هەرێمێکی بە پیت و خاوەن گوند و کشت وکاڵ بوو. کانەبی لە یەکێک لە گوندەکانی ئەو مەڵبەندەیدا دادەنیشت کەناوی (گوڵەک) بوو.

کانەبی لە عەشیرەتی (رەمک)ان بووە، لە بەرەبابی (فەقێ وەیسی) یان ئەم بەرەبابە بێجگە لە گوڵەکێ چەند دێی دیکەشیان هەبوون وەکوو:(دەربەند قورەگۆ، هەنجیرە، تۆپاوا ،تۆبەکاران، گرد مەمەند، ورانگە) .

لە بیتوێنی قەڵایەکیش هەبووە بە ناوی (گردی رەمکان) کە ئێستا وەکوو زوربەی گوند وقەڵایەکانی دیکە نقوومی بن ئاوی (دووکان)ین . دیسانەوە لە بناری قەندیلی سەربەرز، گردێک هەیە بە ناوی گردی رمکان کە لەکاتی گەرمێن وکوێستان کردنیدا جێی حەسانەوەی کۆچ وکۆچباری رەمکان بووە .

رەمک عەشیرەتێکی کەم نەبوون، لە هەر دوو دیوی ئێران وعێراقدا نیشتەجێ بوون لە کوێستانانیش لەزۆر شوێنان بوونە ومولک وکوێستانیان بووە وەکوو: (ورمێ،مەراغە ،شنۆ ،خورینج،دلکباش .....) هاوینە هەواری (پەلاساوی) جێی راو و شکاری کانەبی ومەشکەژاندنی خوازێ بووە.

داستان بەم شێوەیە دەست پێدەکات دەگێرنەوە دەڵێن:

ساڵێکی لە سالان لەبەری زێی بادینان مام و برازایەک بەناوی(نەعمان و باندڕ) لە خەلیفەی بەغدایە هەڵدەگەرێنەوە و دەست دەکەن بە راووڕووت و ئەو نێوە نێوەی دەشێوێنن .

خەلیفەی بەغدایەش کاغەزێکی بۆ عەشیرەتی رەمکان دەنووسێت کە دەبێ کانەبی بەبێ گیربوون بگاتە بەغدایە .

کانەبی لەگەڵ برازایەکی سوار دەبێ و بەرەو بەغدا دەکەوێتە رێ. کات بەهار دەبێ، وەختی لافاو وچۆم ورووبار هەستان دەبێ. مام وبرازا دەڕۆن هەتا دەگەنە سەر زێ یەی بادینان. لەوێ کەڵەکەوان* لەوبەری زێ یە دەبێ.بانگی کەڵەکەوانی دەکەن ئەگەر کەڵەکەکەی بێنیتە ئەوبەری بۆ پەڕینەوە. کەڵەکەوان کەڵەکی بە زێ یەدا دەدا و دەیپەڕێنێتەوە.

کەڵەکەوان پێیان دەڵێ: باشتر وایە کە نەپەڕنەوە چونکە ئەوبەری دوو رێگری لێ هەن ناویان نەعمان و باندڕە، کەسیان لەبەر دەست رزگار نابێت، ئەگەر دەست نەدەن رەنگە هەر بشتانکووژی .

کانەبی بە کەڵەکەوان دەڵی: برالە ئەتۆ بمانپەڕێنەوە ئەمە لەوبەری چارێکی خۆمان دەکەین و خودا گەورەیە .

زینی لە وڵاخان دەکەنەوە ودەیان هاوینە سەر پشتی کەڵەکی و وڵاخانیش لە زێ یەکە دەکەن و وەپێش کەڵەکەیان دەخەن ولەسەر کەڵەکەیرا کلکیان دەگرن و دەنگیان دەدەن، هەرووەک بە مەقەستی ببرێ زێ یەکە دەبرن ودەگەنە ئەوبەری. لەوبەری دەستاوبرد وڵاخان زین دەکەنەوە و سواریان دەبن وهیندێکیان دێنن و دەبەن وگەرمیان دادێنن و وشکیان دەکەنەوە.

نەعمان وباندڕ چاویان لێ دەبێ . ئەوانیش سواری وڵاخان دەبن و هەڵیان دەکوتنە سەرێ و داوای چەک و وڵاخیان لێدەکەن (کوڕە رووت بن و کوڕەرووت نابم) پەیدا دەبێت . کانەبی پەلاماری نەعمانی دەدا و برازایەکەشی پەلاماری باندڕی ودەبێتە مەیدان. زۆری پێ ناچێ برازای کانەبی پشتی لەباندڕی دەستێنێ و دەیکوژێ. پاش ماوێکی کانەبیش پشتی لە نەعمانی دەستێنێ و رمبێکی لێ دەداو بەسەر گوێی وڵاخیدا هەڵیدەدێری .

نەعمان بە برینداری بانگی کانەبی دەکات ودەڵێ : هەتا نەمردووم وەرە تا ئامۆژگاری یەکت بکەم . ئەتۆ پاڵەوانێکی چاکی با بەخۆڕایی نەڕۆی .

کانەبی لە نەعمان دەچێتە پێش و نەعمان بەدزی دەمانچەی دەردێنی ،دەمانچێکی جووت قەرەبینا لە کانەبی ئاور دەدا و کانەبیش بەسەر نەعماندا دەکەوێ و هەردووکیان لەوێ بەسەر یەکدا دەمرن .

برازایەکەی کانەبی هەر لەوێ گۆڕێکی هەڵدەکەنێ و کانەبی دەنێژێ وبەکەڵەکی دەپەڕێتەوە ویاڵ وکلکی وڵاخان شین دەکا و جلکی کانەبی بەسەر وڵاخیدا دێنێ و سواری وڵاخی خۆی دەبێ ووڵاخی کانەبیش بەدوای خۆیدا رادەکێشی و بەرەو بیتوێن دەگەڕێتەوە .

کاتێکی کۆتەڵی کانەبی دەگاتەوە گوڵەکە شین وگریان دەست پێدەکا . لە دەری ماڵان رەشماڵێکی لەسەر هەژدە ئەستوندان هەڵدەدەن . لایەکی بۆ میوانان و لایەکەی دیکەشی بۆ تێکەوڵێکەی ماتەمینێ . ئەسپی کانەبی دەرازێننەوە ، جلەکانیشی دەکەنە کۆتەڵ وسواری ئەسپی دەکەن ، شایەر ودەنگ خۆشی ئەو نێوە نێوەش وەکۆ دەکەن و جڵەوی ئەسپی بە بەر ماڵاندا رادەکێشن ودەست دەکەن بە پێ هەڵاگوتنێ .

ژنەکەی کانەبی کە ناوی خوازێ دەبێ سەری خۆی شین دەکات و بەدوای ئەسپیدا دەڕوا وبەدەنگی خۆش ودەروونی پڕ لەجۆش وکوڵ وگریانی ئەو بەندانە دەڵێ :

لەوێ کاوێ ، لەوێ کەونە کاوێ
رمبی کانەبی سەری لەعەرزی بنی لەئاوێ
یاڵ وبژی ئەسپە شێ ی بشۆن بەگوڵاوێ
مەیتەر بیکاتەوە رنەکێ،کارەکەر بیداتەوە شەواوێ



لە ئەستۆی خوازێ بێ وەک مانگی رەمەزانێ
شێ یە دەرنەهێنێ لە گەردە خاوێ
کانەبی رۆ ،راوکەری خورنج وپەلاساوی
لەوێ کاوێ،لەوێ کەونەکاوێ، لەوێ تەکۆمێ



قەت نەبووە لەداراتی زەمانان شێرێکی
وەکوو کانەبی لەبەر خانی ئەحمەد خانی
«بێناسێ» بچۆمێ .
کانەبی رۆ ،لەمن بوو بە بەردی بن گۆمێ

* * * *

کانەبی بۆ عێل وعەشیرەتی خۆت چەند
پیاوێکی باشی
پارەکەینێ ئەوان مەجالان،خواز قایل
نەدەبوو نە بەکەتانی نە بە قوماشی
بەلام ئەوسالێ کەس رانا گری نەبە کارەکە-
ری نە بە قەرەواشی
کانەبی رۆ، بەجێی هێشتن خزم ودۆست و
وێلێداشی

* * * *

چوومە مالە کانەبی،نە مالێ بوو نەمالێ
دەجاران
نەرمە توزێک کەوتبوو لەسەر ئەوان چیغ و
رەشمالان
کانەبی رۆ ،شۆڕە سوار وشێرەکە لەنوالان

* * * *

دایکی نەعمانی کە دەزانێ نەعمان کوژراوە دێتە سەر تەرمەکەی و زۆری پەرۆش دەبێ بەلام زۆرتریش پەرۆشی ئەوەی دەبێ کە کوڕەکەی دەبێ بەدەست چ پیاوێکی هیچ وپووچی خوێری کوژرابێ. بۆیە بڕیار دەدا ئەگەر بەدوای کوژەری ، کوڕەکەی بکەوێ لەدوای ناشتنی نەعمانی شوێن بەشوێن ودێ بە دێ دەکەوێتە رێ هەتا بە پرسیاران دەگاتە گولەکێ . لە گولەکێ ئەگەر چاوی بە بەرودیوەخان و کۆتەڵ و شینگای رەمکان دەکەوێ، دەزانێ کوژەری کوڕەکەی پیاوێکی خانەدان و عەشیرەت وپالەوان بووە، بۆیە لەوێ خۆی ئاشکرا دەکا و لەگەڵ وان دەکەوێتە شین وگریان و بە ناسینی رەمکانیش کەمێکی غەم لەسەر شانی سووک دەبن .

زۆرکەس بە کانەبی یان هەلگوتووە ، سەپان زۆر جاران لەکاتی درووێنەی بەکرەییدا ئەو بەندەی دەلێن :

کانەبی دەلێ هەو هەوە
شیرنە دەست و جلەوە
نەعمان بۆم وەدەرکەوە.......

بازاری بۆکان :دیاری وێنەگەری نیگار



جوغرافیای بۆکان

ع یان محەممەد

مێژووی هەر شارێک پێویستی بەکتێب و نووسراوە و سەرچاوەی متمانەپێ کراوی وەک : لێکۆڵینەوە ودۆزینەوە و کۆنینەناسی هەیە کە بەداخەوە لەسەر بۆکانیش وەک زوربەی شارەکانی دیکە بەرجی کۆن بوون ولەمێژینەیی مێژوویەکی نووسراوە نیە و لێشی نەکۆڵدراوەتەوە.

دیسانیش زۆر سەنەد و بەڵگە و شاهید هەن کە کۆن بوونی ئەم شارە دەسەلمێنن وەک کانیاو و رووبار کە بنووسی کۆبوونەوەی مرۆڤە وهەروەها گۆڕستانی پێش ئیسلام وتەپۆڵکەی خۆڵەمێش کە نیشانەی ئاورگەی دەوری زەردەشت بووە و تەندوورو گۆری گوری زۆر لە دۆڵ و دەرەی ناوچە دیاردەی مێژ- ینەی ئەم شارەن .

لە بابەت پەیدابوونی ناوی بۆکانەوە قسە زۆرن ئێمە لێرەدا چەند بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر باس دەکەین .

بۆکان لەپێشدا شارەکۆن بووە کە لە جەنووبی رۆژئاوایی بۆکان شارەکۆن هەیە و بەهۆی بوولەرزە کاول بووە وخەڵک پاشان بۆکانی ئێستایان بنیات ناوە. زەمانی ناسرەدین شای قەجەر عەزیز خانی سەردار بۆکانی لە مەردان بەگ کڕیوە. بۆکانی ئەو سەردەم سەد ماڵ بووە . عەزیزخان بۆ ئاوەدانی بۆکان زۆر حەول بووە و لەسەر تەپۆڵکەیەک قەڵایەکی جوان ورەختەی ساز کردووە .

سەید عوبەیدیللا ئەییووبیان لە بابەت بوکانەوە لە سەر ئەو بروایەیە کە بوکان لە دوو وشەی بو بەمانای ولات و کان بە مانای مەعدەن پیک هاتووە و بە هوی زوربوونی ئاووهاوینی فینک و زستانیجگەرم ناوی بوکانیان لە سەر ناوە قەدیم وا باو بووە کە زەماوەندی بووکان وگوندەکانی دەوری لەسەر کانی مەردان بەگکراوە و بۆیە ناویان ناوی کانی بووکان . دوایەش وردە وردەکانی یەکە کورت بۆتەوە و سواوە و بووکان ماوەتەوە.

یا دەڵێن زۆر جار وا بووە کە چەند بووک وێکرا هاتوون پێیان گوتووە، بووکەکان. بەڵام چون راوێژ ی ولەوو خۆشترە بووەتە بۆکان .

هێندێک بۆکان بە

وشەیەکی مەغوولی دەزانن .
وەختێک مەغوول هێرشیان هێناوەتە سەر ئەم ناوچەیە ولەگەڵ بەربەرەکانی توند وتیژی خەڵک بەرەورووبوون وزۆر توورە بوون وتەنانەت ناوی گوندەکانیشیان گۆڕیوە وەک ناچیت ، حەمامیان ئۆچتەپە ، کۆڵ تەپە . ئەودەم بۆکان لە هەموو دێ و گوندی دەوروبەری خۆی گەورەتر بووە وپێیان گوتووە ، بیکەندیانی گوندی گەورە . دوایەش وشەکە سواوە و بۆتە بۆکان .

بۆکان لەلای رۆژهەڵاتی سیمینەڕووده و ٣٤ کیلۆمێتری سەددی نەورووزلوو کە لەسەر زەرینەروود هەڵبەستراوە ،رۆژهەلات و رۆژئاوا و جەنووبی بە بەرزە کێوی تاک تاکە گیراوە کە لە زنجیرەکێوەکانی زاگرۆس جیا بوونەوە .

ئاو و هەوای بۆکان
زستانان سارد وبەفراوی یە وهاوینان گەرمە .بەهارەکەی پڕ باران وپایزەکەی پڕ بایە ونیوەی زستان بڕستبڕە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە خەڵکی ناوچە نین .
زستانی بۆکان درێژە و لە ئاخر و ئۆخری خەزەڵوەرەوە دەست پێدەکا و تا نیوەی مانگی خاکەلێوە دەخایەنێ . بەرفی قورس و هەوای سارد بۆ ماوەیەکی زۆر کاروکسبی خەڵک مەحتەل دەکا .

باری ئابووری

بۆکان لە تەبیعەتکەڵک وەردەگرێ و بە ئەمباری رسقی ئازەربایجان ناوبانگی دەرکردووە و زێدە حاسڵی کشت وکاڵی خۆی وەک گەنم و جۆ وگوڵەبەڕۆژە و گەرمەشانی ودانەوێڵە بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵات دەنێرێ .
زەمانی ناسرەدین شای قەجەر کە سەردار عەزیز خان بوو بە فەرماندەی قشوونی ئێران لە بۆکان بنەگر بوو چون بنکەیەکی بەڕێ کردنی گەنم بوو. ئێستاش چەشنە گەنمێک بە ناوی ، گەنمی سەرداری یا یەکشەوە بەناوبانگە و قەدیم بۆ نانی شا قەجەرەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا .
بەرجی ئەوە لەباری ئاژەڵداریشەوە بە ئیروویە و ئاژەڵی بۆباقی مەڵبەندەکانی وڵات بەڕێ دەکرێ .

باری جوغرافیایی

شاری بۆکان بەپێی ژمێرەی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ٢٣٥٠٠ کەس بووە. ئەگەر ناوچەکانی دەوروبەریشی بێتە سەر دەبێتە سەدهەزار کەس . لەباری دابەشینی وڵاتەوە بەشێکە لە مەهاباد و لە ئازەربایجانی رۆژئاوا هەڵکەوتووە. جا بەپێی زۆر بوونی خەڵک وسەربەخۆبوونی ئێدارەکانی پێویستە لە بەخش بکرێتە شارستان کە ئەوەش ویستی هەموو چین و توێژی خەڵکی ئەم مەڵبەندەیە
مەودای بۆکان لەگەڵ مەهاباد ٦٥ کیلۆمێترە ولە نێوەڕاست ڕێگەی میاندواو ، سەقزە. لەسەر نەخشەی جوغرافیا بەم شێوە دەدۆزرێتەوە :
درێژایی ٤٦ دەرەجە و ١٣ دەقیقە .
بەرینایی٣٦ دەرەجە و ٣٢ دەقیقە .
بەرزایی ١٣٧٠ مێتر .
جیاوازی لەگەڵ سەعاتی تاران ٢٠ دەقیقەو٤٢ سانیەیە
لە رۆژهەلاتەوە بە سەددی نەوروزلوو و ناوچەی سانیدژەوەیە. لە رۆژاواوە، بە دەوروبەری مەهابادەوەیە. لە جەنووبەوە بە سەقز و ئوستانی کوردستانەوەیە .لە شیمالەوە بەمیاندواوەیە.

باری فەرهەنگی وسیاسی

خەڵکی بۆکان بە کوردی داخێون وموسڵمانن.ڕێڕەوی ئیمام شافعین. زۆر بەدڵ و دەروون وخۆش ئامو شۆن . دلبەندی یان بە کتێب و موتالا زۆرە.
شاعیر وهونەرمەندی زۆر لێ هەڵکەوتووە کە خزمەتێکی زۆریان بەفەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە. وەک :
مەلا مارف کۆکەیی
عەبدوڵڵا بەگ (میسباحو

دیوانی ئەدەب)ئەحمەدی کۆڕ ماموستا حەقیقی و سوارەی ئیلخانی زادە .

زانا وشەرع زانی وەک مەلا عەلی قزلّجی و مەلا عیسا مەدینی شەفیعی .

گوندستێنەکانی بۆکان بریتین لە :

ئاختەچی، یالّ تەمر .

ئیل وعەشیرەکانی بۆکان بریتین لە :

بەگزادە ،دێبۆکری،گەورک

شوێنەواری مێژوویی وسێرانگەی بۆکان :

١ـ تەپەی تابانی لە گوندی ئەحمەداواوە سەربە دەورە پارت و ساسانی .

٢ـ تەپەی ئاشە کۆن لە گوندی ئەحمەداواوە سەربە هەزارەی یەکەمی پێش میلاد .

٣ـ گردی ملّکاوی لە گوندی باخچەی بێهی سەربە هەزارەی پێش میلاد .

٤ـ گردی شێخانی چووکە لە گوندی ساروقامیش .

٥ـ گردی شێخانی گەورە لە گوندی باخچە .

٦ـ بورجی تیکان تەپە .

٧ـ گردی کولّتەپە .

٨ـ قەلای تەپێ لە گوندی تەپێ .

٩ـ قەلا کۆنە لە گوندی ئالّبلاغ .

١٠ـ گردی قەرەکەند .

١١ـ گردی رۆژبەیانی .

١٢ـ گردی داربەسەر .

١٣ـ زەوی جەرە لە گوندی شێخلەر

١٤ـ گردە خلیسکە لە گوندی سەراو .

١٥ـ گردە خەزێنە لەگوندی سەراو .

١٦ـ گردە شین لە گوندی سەراو .

١٧ـ گرداش لە گوندی قەرەمووسالو .

١٨ـ گردی گوێکتەپە لە گوندی گوێک تەپە .

٢٦ـ گردی عەولا تەپەسی لە گوندی عەولا تەپەسی .


٢٧ـ گرد مالان لەگوندی کۆنە مەلّلا لەر .

٢٨ـ گردی عەرەبلوو لە گوندی عەلی کەند.

٢٩ـ گردی سەردار لە سەردەرئابات .

٣٠ـ قەلای سەردار لە شاری بۆکان .

سەیرانگە :



چەمی بوکان:دیاری ئیسماعیل‌ئالازادە

١٩ـ گردەشین لە گوندی رەحیم‌خان .

٢٠ـ گردمەحموود لە گوندی ئەرمەنی بلاغی .

٢١ـ گرد وسمان لەگوندی قورمیش .

٢٢ـ گردی کانی کووزەلّە .

٢٣ـ قەلای ناچیت .

٢٤ـ گردی کوورەخانە لە وشتەپە .

٢٥ـ گرد مەخسوود لە مەلّلا لەر.

سەدی نەوروزلوو ، باغی میراوا ـ پێدەشتی سەردەر ـ ئاباتو حاجی کەندـ حەوزە گەورە ـ ئەشکەوتی قەلایچی ئەشکەوتی کوّلّ ئابات ـ قەلای سەردار ـ کونە کۆتر ـ کونە مالان ـ ئەشکەوتی موکری قوران ـ مزگەوتی جامیعەی بۆکان ـ مزگەوتی حەمامیان.



تەنزی کۆمەڵایەتی

٧

٢

قازۆ

قازی ـ ئەحمەد



بەدڵ شکاوی جێم هێشت . منی نەوسنی زگ زل شەوو ڕۆژ چاوم لە درگا بوو. بەڵکە گۆشت قازم بۆبێ . نەبوو کە نەبوو! پاش ماوەیەک لەبیرم چۆوە و وازم هێنا .

ئەمڕۆ کاتێک سەحەر خانم باسی قازەکەی کرد هاتەوە بیرم کە بەڵێ قازێک لە فریزەری خانمدا بۆرۆژی ڕەش هەڵگیرابوو. ئێستا لاشی بۆگەن بووە ولە فریزەر توور هەڵدراوە وخانمیش وەک توری لەسواری هەڵدێرابێ وملی شکابێ،بۆی بە پەرۆشە وشینی بۆ دەگێرێ ! لەدڵی خۆمدا سوپاسی خوام کرد. ڕووم دە سەحەرخانم کرد گوتم :

" هیچ نەقەوماوە. خۆت سڵامەت بی ! خوا بە ڕسقی نەکردبوو! فەرموو ! فەرموو! شورەیی نیە بۆ قازێک ئەو هەنگامەیەت بەرپا کردووە! ؟"

هەرچونێک بوو بە نەرمە پاڵەستودان بردمەوە ژوور.لە سەر کورسیلەیەک دانیشتم و دەستم کرد بەدڵخوشی دانەوەی بەڵام ژێربوونەوەی نەبوو . ئەوی دەیگوت نەی دەگوتەوە . بەگریانەوە دەیگوت :

" ئەی فریزەرم خەرا بووا قەت گۆشتم نەما لەگۆشتە ـ وارێ !! ئەی یەخچاڵ بەتاڵ خۆم ! ئەی بێ گۆشت کفتە خۆم ئەی قازە ڕۆ! ."

خەریک بوو توورە دەبووم. ئاخر منی ئاشقە فەرهەنگ کە ئەوینداری زبان و فۆلکلوری کوردیم چون دەتوانم ئیزن بدەم فۆلکلوری کوردی دەسکاری بکرێ . گوڕاندم و گوتم :

" خانم ئاگات لە زبانت بێ ! بۆچی قسەی پێشینیان تێک دەدەی ! ؟"

بە کرووزە کرووز پرسی :

" چم کردووە ؟ من بۆ قاز دەگریم باوکم! من چی وقسەی پێشینیان چی ؟"

بە توورەیی یەوە گوتم :

"خانم دەبێ بڵێی، بابانم خەرا بووا قەت کەسم نەما لە شوینەوارێ نەک قەت گۆشتم نەما لە گۆشتەوارێ ! "

وەک لێم حاڵی نەبووبێ گوتی:

" حەق بەتۆیە هەمەوەند گیان . لەبیرمە زۆرت ئیشتیا لە گۆشت قازەکە بوو منیش نەمدایەی ! حەقتە! بە خوا هەرچی بڵێی حەقە! ئەوەتا ئەو گۆشتە جوانە ، ئەو سینگە پانە ، ئەو ڕانە قەڵەوانە دەبێ بچنە بن گڵێ ! دەک لالایم گاتێ ! دەک نەمێنم هی ! هی ! هی ! "

ئەوەی گوت و خۆی لە

لە کاولە لەحسیایە کەلاکەی بهێنیەوە..." وەک قسەم بۆ دیواری کردبێ. سەحەر خانم هیچ جوابی نەدامەوە وهەروا درێژەی بە بەیتەکەی دەدا:




ڕەبی بەرپرسی ئیدارەی کارەبا
ئەگەر نانت هەیە دۆت نەبێ
ئەگەر دۆت هەیە دینت نەبێ
ئەگەر دینت هەیە ئیمانت
نەبێ
دەبڕو نەحلەتی خوداو ڕەسوو-
ڵانت لێ بێ
ڕەبی ئەگەر ئاوت هەیە
بەرقت نەبێ
ئەگەر برینجت هەیە ڕۆنت
نەبێ
ئەگەر تایدت هەیە سابوونت
نەبێ
ڕەبی پەیکانی ژێرت مەیت
هەڵگرت بێ
جێگات لە دنیا وقیامەتان
زمهەریر بێ
گۆشتی ماڵە تۆش بە دەردی،
قازۆی من چێ
هەی قازۆ مەرۆ لەمنی بەتەنێ

دیسان خەریک بوو تورە بم بەیتی سوارۆ ئاوای بەسەربێ ومن هیچ نەڵێم! بەڵام لە نەکاو عەقڵم هاتەوە بەرخۆم. لە دەروونی خۆمدا دەخۆم ڕاخوڕیم. هەیاران نەکەی لۆمەی سەحەرخانم بکەی! نا نەکەی! ئەم قازۆیە کە ئەو وتویەتی شاکارێکە! مەگەر کارێکی هونەری گرینگ بەچی دەڵێن؟ چریکەی خەج وسیامەند یان دمدم ولاسەشۆڕی باڵەکی کە ئەمڕۆ بەشاکاری ئەدەبی کۆنی کورد دەناسرێن لەچ حاڵ وهەوایەکدا گوتراون؟ بێ گومان لەکاتێکدا کە وێژەر، لە هەل ومەرج وحاڵەتی ڕەوانی سەحەرخانمدا بووە . سوارۆ چۆتە شەڕ و گۆڕاوە دلدارەکەی شێت وشەیدا بووەو چریکەی سوارۆی گوتووە! ئێستا ئەم چەشنە سەوداسەری و ئەوینە کە کچێک بۆکوڕێک یان کوڕێک بۆ کچێک شێت و شەیدا بێ ورو لە کێوان کا و چریکەی بەسۆز بلێ نەماوە. لە زەمانی ئێمەدا زار و زگ مەسەلەی گرینگە وئادەمیزاد بۆ گۆشت وبرینج هەڵوەدایە وپیاوی بۆ دەکوژێ وچریکەی بە سۆزی بۆ هەڵدەبەستێ! لە زەمانی زوودا دڵ ودڵداری و ئەوین دەبوونە هۆی سەوداسەری وشەیدایی وهەڵبەستنی چریکەی بەسۆزی ئاگرین .ئەگەر وایە سەحەرخانم گلەیی لەسەر نیەو بەیتی "قازۆ"ش دەچێتە ڕیزی چریکەکانی گەل ونیشاندەری هەل ومەرجی تایبەتی زەمانی خۆیەتی .خۆم بەو دەلیلانە ڕازی کرد وڕەخنەم لە سەحەر خانم نەگرت.

بە پەلە هەستام ویەک سەر چوومە بازاڕ وقازێکی قەڵەوم کڕی وگەڕامەوە ماڵی سەحەر خانم. قازم بە قاڕە قاڕ وەژوور خست وهاوارم کرد:

"سەحەرخانم مزگێنی بێ، تۆپەڵ وتۆپەڵە قازەکەت لەوێ سوکە سەفەرێ هاتەوە! بەڵام بۆخاتری خودا ساڵەکەی ناسکە ساڵە ئەوەش بۆگەن مەکە و بۆ نەهاری سبەینێ بۆمان سازکە-وە موتەنجەنە ،هەرامەتی دەگەڵ پلاوێ!"

تا ئێستا کە ئەو چیرۆکە دەنووسم خەبەرێک لە نەهار نەبووە! و خودا دەزانێ قاز چی بەسەر هاتووە. ئەگەر ئەوەش بە مەرەدی قازەکەی دیکە چووبێ قەرار بێ منیش چریکەیەک بۆئەوەیان داڕێژم کە "سوارۆ"ی سنجانێ و"قازۆی" سەحەرخانمی لە مزگێنی بدەن:



بۆچی دڕدۆنگ و شێواوی
چ ئازارێک دەورەی داوی
تۆ نەتدیوە سوێری و تاڵی
بێ ئەزموونی ، کرچی ، کاڵی
راستە ئێستا ناوم نیە
کەلاوەم و باوم نیە
دەورانێکی من ئاوا بووم
پێت وانەبێ هەر ئاوا بووم
سەرم لە تەشقی هەوران بوو
دەروازەم بواری گەوران بوو
بەڵی گەلێک گەورە گەورە
لێم داسەکنیون بەدەورە
گەلێک خانم لەسەر بوونە
گەلێک سوارم هەڵداشتوونە
دیومە قاتی و بوومەلەرزە
بەڵام هێشتا سەرم بەرزە
مەل پرسی قەڵای بێ ئەنوا*

ئەی ئاسەواری بوونت کوا ؟
دەڵێی ئێرە قەڵا بووە
بەچی ئاوا تێدا چووە
ئاخر کوا مێر و مێر خاسی
کوا حەوز و کوا تات و تاسی
کوا بێلا، کوانێ گوێسوانەی
کوا مەیتەر، یەخترمەخانەی
کوا زەنا زەنای هات و چوون
کوانێ لەنجە و لاری خاتوون
لەکوێن گزیر، میراو، چاچی
دەست بە شیر و تیر و چاچی*
کوا دایەن و نەنێ و دادە
خان و خاتوون و خانزادە
کوان ماقووڵ و ردێن سپی
بۆ زاڵە بێدەنگی و کپی ؟
پەرێوەی کام شوێن و هەردن
بناخەی کام شوورە و بەردن
لێی هاتە جواب کۆنە قەڵا
تۆ نەتدیوە کۆسپ و بەڵا

دونیا زور بە پێچ و دەورە
شەوە ، رۆژە ، ساوە ، هەورە
خودا لەو بەرزایی و بەستە
نەردیوانێکی بەدەستە
باڵەفڕکەی بەرەو بەرزی
گاسن چاکردن لە دەرزی
چوونە خوار بەرەو نزمایی
رووناکایی ، تاریکایی
هەر لە قودرەتی ئەو دایە
بۆم بانادری ئەو هەودایە
بێتوو ئەو مەیلی لەسەر بێ
خێوم لەبۆ دەستە بەربێ
میعمار تەرحم دابڕێژن
کلۆ و سندەم دابێژن
بەچاو لەسەریەک دانانێک
بە روانین و تێڕامانێک
دەبمەوە جوانی دونیایە
چاو لەبەر جوانیم هەڵنایە


ح. ره‌شیدی زه‌رزا



که‌لاوه

باڵندێکی له‌خۆ بایی*
خولی ده‌دا له‌ به‌رزایی
گشت لایه‌کی ده‌کرد به‌دی
کۆنه‌ که‌لاوێکی ده‌دی
چوار دیواری هه‌ره‌س هێناو
تێک قرماو ، تێک ته‌پیو، رووخاو
تاقه‌ و میچ وبانی کاولاش
پووش و په‌ڵاش له‌وێ به‌لاش*
نه‌ جریوه‌ ونه‌ سریوه‌ و ده‌نگێ
نه‌ وێنه‌ و دیمه‌ن و ره‌نگێ

چۆل و هۆل و بێده‌نگ و هه‌ست
وه‌ک له‌ غوڕابی* خه‌ودا مه‌ست
زۆری له‌سه‌ر خول و سوڕدا
بیری کۆنی له‌ دڵ گڕ دا
له‌ نه‌کاو پرسی ئه‌و جێیه‌
مه‌کۆی فیز و هه‌وای کێیه‌ ؟
هێشتا هه‌ر گوێی ده‌زرینگاوه‌
که‌لاوه‌ کۆن جوابی داوه‌ :
هۆ! باڵنده‌ نه‌که‌ی نه‌چی
پێم بێژه‌ ده‌گه‌ڕێی له‌چی ؟



بۆچی دڕدۆنگ و شێواوی
چ ئازارێک دەورەی داوی
تۆ نەتدیوە سوێری و تاڵی
بێ ئەزموونی ، کرچی ، کاڵی
راستە ئێستا ناوم نیە
کەلاوەم و باوم نیە
دەورانێکی من ئاوا بووم
پێت وانەبێ هەر ئاوا بووم
سەرم لە تەشقی هەوران بوو
دەروازەم بواری گەوران بوو
بەڵی گەلێک گەورە گەورە
لێم داکەنیون بەدەورە
گەلێک خانم لەسەر بوونە
گەلێک سوارم هەڵداشتوونە
دیومە قاتی و بوومەلەرزە
بەلام هێشتا سەرم بەرزە
مەل پرسی قەلای بێ ئەنوا*

ئەی ئاسەواری بوونت کوا ؟
دەڵێی ئێرە قەڵا بووە
بەچی ئاوا تێدا چووە
ئاخر کوا مێر و مێر خاسی
کوا حەوز و کوا تات و تاسی
کوا بێلا، کوانێ گوێسوانەی
کوا مەیتەر، یەخترمەخانەی
کوا زەنا زەنای هات و چوون
کوانێ لەنجە و لاری خاتوون
لەکوێن گزیر ، میراو ، چاچی
دەست بە شیر و تیر و چاچی*
کوا دایەن و نەنێ و دادە
خان و خاتوون و خانزادە
کوان ماقووڵ و ردێن سپی
بۆ زاڵە بێدەنگی و کپی ؟
پەڕیوەی کام شوێن و هەردن
بناخەی کام شوورە و بەردن
لێی هاتە جواب کۆنە قەڵا
تۆ نەتدیوە کۆسپ و بەلا

دونیا زور بە پێچ و دەورە
شەوە ، رۆژە ، ساوە ، هەورە
خودا لەو بەرزایی و بەستە
نەردیوانێکی بەدەستە
باڵەفڕکەی بەرەو بەرزی
گاسن چاکردن لە دەرزی
چوونە خوار بەرەو نزمایی
رووناکایی ، تاریکایی
هەر لە قودرەتی ئەو دایە
بۆم بانادری ئەو هەودایە
بێتوو ئەو مەیلی لەسەر بێ
خێوم لەبۆ دەستە بەربێ
میعمار تەرحم دابڕێژن
کلۆ و سندەم دابێژن
بەچاو لەسەریەک دانانێک
بە روانین و تێرامانێک
دەبمەوە جوانی دونیایە
چاو لەبەر جوانیم هەڵنایە

ح. رەشیدی زەرزا



کەلاوە

بالندێکی لەخۆ بایی*
خولی دەدا لە بەرزایی
گشت لایەکی دەکرد بەدی
کۆنە کەلاوێکی دەدی
چوار دیواری هەرەس هێناو
تێک قرماو ، تێک تەپیو، رووخاو
تاقە و میچ وبانی کاولاش
پووش و پەڵاش لەوێ بەلاش*
نە جریوە ونە سریوە و دەنگێ
نە وێنە و دیمەن و رەنگێ

چۆل و هۆل و بێدەنگ و هەست
وەک لە غوڕابی* خەودا مەست
زۆری لەسەر خول و سوڕدا
بیری کۆنی لە دڵ گڕدا
لە نەکاو پرسی ئەو جێیە
مەکۆی فیز و هەوای کێیە ؟
هێشتا هەر گوێی دەزرینگاوە
کەلاوە کۆن جوابی داوە :
هۆ! بالندە نەکەی نەچی
پێم بێژە دەگەڕێی لەچی ؟

سەهۆلان هیچ نووسراوەیەکی تەواومان بەلاوە نیە تا بلاوی کەینەوە. دەتوانی بۆمانی بنێری

مەهاباد: لوقمانی محەممەدزادە

نۆرەی هونەرمەندی وەک کاک محەممەدی مامڵێ و... دەگا و باسیان دەکەین .

کەمتاکورتێکیش تاریخی کوردستان لە سروەدا جاروبار خۆ دەنوێنێ.

لەمەر تاریخچەدی ژیانی حەزرەتی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان وعەلی(سەلام و دروودی خوایان لێ بێ) هیوادارین وەختی خۆی مەتڵەب بنووسین .

نەغەدە: کەریم عەبدی

برای بەرێز تا ئەوجێگەی بۆمان بلوێ وێنەی رەنگی چاپ دەکەین .

چونکە گۆواری سروە فەرهەنگی ئەدەبی یە ناتوانین وتاری سیاسی تێدا بلاو کەینەوە .

ورمێ: کاک رەحمان ئەحمەدی

زۆر جێگەی داخ ودەردە کە براکانت بەشە مالی خۆت بو دیاری ناکەن ودەکەڵت ناسازێن. زۆرن ئەو برایانەی بۆ ماڵی دنیا دەست دەرووی یەکدی دەنێن وبەشی یەکتر دەخۆن وئەو پەندە لەبیر دەبەنەوە کە:

"ماڵی دنیا دەبێتەوە برا نابێتەوە."

ئەگەر بەقسەی ئێمە دەکەی شکایەت بکە وشاهیدان کۆکەوە و کارەکەت بەرە دادگا و لە رێگەی قانوونەوە دەست بەکاربە دیارە لەپێشدا بەزبانی خۆش و برایانە داوای بەشی خۆت دەکەی وئەگەر نەیاندایەی دادگا و قانوون بۆ رۆژی وا دەبێ و دەتوانی بەشی خۆت بستێنی.

بۆکان : برایان کاک عومەرێ گەوهەری ورەئووفی عەلیار:

بەڵێ مامۆستا هێمن کوری هەیە بەلام وەک باوکی خوالێخۆ-شبووی شاعیر نیە .کتێبی تاریک و روون قاچاغ نیە بەلام چاپی تەواو بووە ودەست ناکەوێ .

عەکس وپەندەکانمان بۆبنێرن تا ئەگەر باش بوون کەڵکیان لێ وەرگرین .

بۆکان : مستەفا شوکرە

برای بەرێز "چارەنووس داستانێکی کۆن و فولکلوری یە و کەس نەینووسیوە. بۆیان ناردووین.

دیوانی مەحوی مان بەلاوە، هەیە بەلام تایبەتی کتێبخانە و ئارشیوە ونافرۆشرێ.

تاران: ئەحمەدی عەلیزادە

شیعرێکی کاک حەسەنی سەلاح (سۆران)ت بۆ ناردبووین کە بە چەند هۆ بلاومان نەکردەوە. یەکەم لەباری وەزنەوە شیعرەکان لەنگن.

دووەم: نازانین کاک "سۆران" رازی یە یا نیە. ئەگەر رەزای شاعیری لەسەرە تکایە شیعری جوانترمان بۆ بنێرە تا بلاوی کەینەوە .

سەردەشت : کاک قادر شێخی

ناوی شاعیری ئەم شیعرانەت نەنووسیوە چون شیعری خۆت نین و زۆر مەشهوورن. تکایە ئەوجار کە شیعرت بۆ ناردین ناوی شاعیرەکەشی بنووسە.

سەرکەوتووبی .

نامە ودیاری ئەمئازیزانەشمان پێگەیشتووە. پڕ بەدڵ سپاسیان دەکەین .

سنە : **تۆفیق مەحموودی ئەبووبەکر عیشقی ـ ئیسماعیل .گ .**

مەهاباد : **چیمەن .ک ـ فەرهاد جەهان میهەن ـ خەلیل نیرووەمەند ع.ج. شیوا وـ سەلاح گولەندامی موحەممەد هونەرمەندـ شنەدیهقانی**

نەغەدە : **حەسەن خدر زادە ، عومەر عەبدی ـ مرادزایرـ عوسمان مەولوودی ـ عومەر محەممەدخالید رەحمان مەولوودی .**

بۆکان: **حوسێن شێخبان ـ م.ف کرێکار ـ جەعفەر حەسەن زادە ـ عەلی مەحموودی ـ مەحموود مەعرووفی.**

خانێ: **رئوف عومەری ـ واحید مستەفا پوور ـ جەلال رەحمانی ـ کەماڵ یوسفی ـ عەلی مستەفا پوور ـ ئەمیر خالیدی ـ محەممەد ئەمین زادە ئەسعەد مامەندی ـ عوسمان مستەفا پوور ـ خدر گولانی .**

سەقز :**محەممەد نافیع عەلایی سەلاح حوسێن زادە ـ مستەفا غەفاری ـ ئاوارە ـ ع . ئاوات جەماڵ رەعدی ـ ناسر خادمی محەممەدفاروق فەرەج زادە ـ حامید**

پاوە: **حەکیم سالح .**

سەردەشت : **حاجی حوسین دوخت ـ عەبدوڵلا ئەحمەد بریو عوسمان عەلیزادە ـ خدر بێگەلاسی**

شنۆ : **جەلال مەحموودی ، ئەیووب حەیدەری ـ محەممەد عەرەب زێنەب پردئابادی ـ نیعمەت سەرووری مستەفا رەسوولی ئازەر ـ محەممەد هیوا ئاسۆ ـ تاهیر تەنیا .**

مەریوان:**محەممەدساڵح رەحمانی حوسین مەلایی ـ مەحمورد شاداب ئاوارە .**

بانە : **بەختیار میعماری نەبەرد عێراقی ـ جەمیل سەلیمی**

تاران: **حوسێن عەلی زادە ئەحمەد عەلی زادە .**

کرماشان: **سروە شەریفی**

ئیلام: **بەهمەن رەزایی**

ئەهواز: **خدر خەلیناتی**

تیکاب : **حوسین فەهیمی**

ئەندیمشک :**جەعفەر قادری**

ئێمە ... و ...

نەغەدە ـ گوندی حەلبێ: کاک مارف نەبی .

نامەکەت گەیشت سپاست دەکەین.

هۆی ئەوە کە شیعرەکانمان چاپ نەکرد ئەوە بوو کە نەمانزانی بەناوی خۆت یان دەبێ چاپ کەین یا هی شاعیرەکەی چونکە ئەم شیعرانە هی خۆت نەبوون.

تکایە لەناردنی پەندی پێشینیان کۆتایی مەکە.

سەرکەوتووبی .

پیرانشار: مەلا رەسووڵ عەباسی

برای خۆشەویست قورئان و پێغەمبەر هەردووکیان گەورە و مەزنن وجێگای رێزن. قورئان وتەی خوایە وئەمانەتی ئەوە و محەممەد (ص) رەسووڵ وهەڵبژاردەی خوایە.ئەوە دیارە کە قورئان لەباری گشتی یەوە مەزنترە. لە بارەی نازڵ بوونی قورئان پێویستە بزانی کە قورئان بە دوو چەشن بۆپێغەمبەر ناردراوە یەکیان بەتێکرایی کە لە شەوی قەدردا نازڵ بووە وخوا لە سورەی قەدر ئایەی ١ دەفەرمووێ انا انزلناه فی لیلة القدر.

دووەم بەش بەش ولەماوەی ٢٣ ساڵدا بۆ پێغەمبەر (د.خ) نازڵ بووە .

مەریوان: کاک رێبەر. ق .

پاش سڵاو، پێمان خۆشە باسی "حەمەرەشیدخان" مان بۆ بنێری.

رەخنەی خۆت لەسەر وتاری جوغرافیای بانە بەوردی بنووسە بە نووسەرەکەی رادەگەیەنین و ئەگەر پێویست بوو لە سروەش دا دەیگونجێنین.

مەریوان: خوشکە گوڵاڵە مازوجی

هاورێ لەگەڵ سپاس .

بەچاوان بەوەختی خۆی باسی پیرە مێردوقانیع دەکەین.ئێمە لایەنگری مافی ئافرەتین ولە زۆر چیرۆک وداستان وباسی وەک ژن بەژنەدا، زۆرلێکراوی وژێرچەپۆکەیی ئافرەتمان خستۆتە بەرچاوی خوێنەران. ئافرەتانیش پێویستە بۆ بەرز کردنەوەی پلەوپایەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیان زۆرتر تێ بکۆشن.

بەهیوای سەرکەوتن .

بۆکان : سەیدمەسعوود حوسێنی

لە نامە جوانەکەتدا باسی ژن بەژنەت کردووە و هێندێ لایەنی ئەو داب وشوێنە نارەوا ـ یەتان روون کردۆتەوە. ئێمە نالێین ئەوەی لەسروەدا هاتووە بێ کەموکووری یە تەنیا مەبەستمان "خستنەسەرباسی" مەسەلەکەیە رچاوەڕوانی بیروڕای گشتی خوێنەرانمانین وهیواداریق نووسراوەی باش ورووناکبیرانەمان لەو بارەوە بۆ بنێرن وئێمەش بڵاویان کەینەوە .

نەغەدە: کاک عوسمان مەولوودی

برای بەرێز دیوانی عێلبەگی جاف لە لایەن مامۆستا محەممەد سەدیقی بۆرەکەیی یەوە بڵاوبۆتەوە و لە کتێبخانەی (انتشارات طهوری روبروی دانشگاه تهران) دەست دەکەوێ. رەنگە لەمەهاباد و شنۆ ونەغەدەش لەکتێبخانەکانـ ندا هەبێت .

سنە : کاک هەژار فاررووقی

١ـ برای بەرێز لە ژمارەی ١٢ را لاپەڕەیەکمان داوە بە فەرهەنگۆک کە لە ئاخری گۆوارەکەدا دەی بینی .

٢ـ پرسیارت کردووەنووسینی ئەدەبی ئیسپانیا و ژاپۆن فایدەی چیە؟ ئێمە دەڵێین فایدەی زۆرە. بۆ رۆشنبیرانی کورد ناسینی ئەدەبی جیهانی زۆر پێویستە ونابێ خۆی لێ لادەن .

٣ـ کورد لە چوار دەولەتی ئێران وعێراق وتورکیاوسوریادا دەژین وژماریان لەنیوان ١٥ تا ٢٠ میلیۆن دایە. کورد لە وڵاتی ئوستراڵیادا ناژین مەگەر چەند ماڵێک پەڕیوە بووبن .

٤ـ وێنەی دیمەنی جوانمان بۆ بنێرە چاپی دەکەین(ئەگەر وێنەکانت جوان بن) .

٥ـ باسی ژن بەژنەمان زۆر کردووە ودیسان لەسەری دەڕۆین.

٦ـ دووهەمین کۆنگرەی فەرهەنگی کوردی نازانین کەنگێ دەگیرێ .

٧ـ بەداخەوە "بۆکوردستانی" هەژارمان نیە ولەدەرەوەش دەست ناکەوێ .

مەهاباد: کاک رەحمان ئولگوو .

لەوەی کە بە رەنجی زۆر و تێکۆشانی بێ وچانو یارمەتی دۆستان فێری کوردی خوێندنەوە بووی خۆشحاڵین.

هیواداریین هەموو لاوەکان وەک تۆ ئازا وبەتاقەت بن وبۆ زیندووکردنەوەی فەرهەنگ وزمانی خۆیان تێکۆشن .

مەریوان: کاک سولەیمان شوکری ::

برای بەرێز دیوانی " بۆ کوردستانی" هەژار و "تاریک و روونی" هێمن بەلای ئێمەوە نین ولەوەی کە دەست ناکەون ئاگادارین.

لەمەر ئەشکەوتی رەفتەوغاری

سەهۆلان هیچ نووسراوەیەکی تەواومان بەلاوە نیە تا بلاوی کەینەوە. دەتوانی بۆمانی بنێری

مەهاباد: لوقمانی محەممەدزادە

نۆرەی هونەرمەندی وەک کاک محەممەدی ماملێ و... دەگا و باسیان دەکەین.

کەمتاکورتێکیش تاریخی کوردستان لە سروەدا جاروبار خۆ دەنوێنێ.

لەمەر تاریخچەی ژیانی حەزرەتی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان وعەلی(سەلام و درروودی خوایان لێ بێ) هیوادارین وەختی خۆی مەتڵەب بنووسین.

نەغەدە: کەریم عەبدی

برای بەرێز تا ئەوجێگەی بۆمان بلوێ وێنەی رەنگی چاپ دەکەین.

چونکە گۆواری سروە فەرهەنگی ئەدەبی یە ناتوانین وتاری سیاسی تێدا بلاو کەینەوە.

ورمێ: کاک رەحمان ئەحمەدی

زۆر جێگەی داخ ودەردە کە براکانت بەشە مالی خۆت بو دیاری ناکەن ودەگەلت ناسازێن. زۆرن ئەو برایانەی بۆ مالی دنیا دەست دەرووی یەکدی دەنێن وبەشی یەکتر دەخۆن ،ئەو پەندە لەبیر دەبەنەوە کە: "مالی دنیا دەبێتەوە برا نابێتەوە."

ئەگەر بەقسەی ئێمە دەکەی شکایەت بکە وشاهیدان کۆکەوە و کارەکەت بەرە دادگا و لە رێگەی قانوونەوە دەست بەکاربە دیارە لەپێشدا بەزبانی خۆش و برایانە داوای بەشی خۆت دەکەی وئەگەر نەیاندایەی دادگا و قانوون بۆ رۆژی وا دەبێ و دەتوانی بەشی خۆت بستێنی.

بۆکان: برایان کاک عومەری گەوهەری ورەئووفی عەلیار:

بەلێ مامۆستا هێمن کوری، هەیە بەلام وەک باوکی خوالێخۆشبووی شاعیر نیە.کتێبی تاریک و روون قاچاغ نیە بەلام چاپی تەواو بووە ودەست ناکەوێ.

عەکس وپەندەکانمان بۆبنێرن تا ئەگەر باش بوون کەلکیان لێ وەرگرین.

بۆکان: مستەفا شوکرە

برای بەرێز "چارەنووس داستانێکی کۆن و فولکلوری یە و کەس نەینووسیوە. بۆیان ناردووین.

دیوانی مەحوی مان بەلاوە، هەیە بەلام تایبەتی کتێبخانە و ئارشیوە ونافرۆشرێ.

تاران: ئەحمەدی عەلیزادە

شیعرێکی کاک حەسەنی سەلاح (سۆران)ت بۆ ناردبووین کە بە چەند هۆ بلاومان نەکردەوە. یەکەم لەباری وەزنەوە شیعرەکان لەنگن.

دووەم: نازانین کاک "سۆران" رازی یە یا نیە. ئەگەر رەزای شاعیری لەسەرە تکایە شیعری جوانترمان بۆ بنێرە تا بلاوی کەینەوە.

سەردەشت: کاک قادر شێخی

ناوی شاعیری ئەم شیعرانەت نەنووسیوە چون شیعری خۆت نین و زۆر مەشهوورن. تکایە ئەوجار کە شیعرت بۆ ناردین ناوی شاعیرەکەشی بنووسە.

سەرکەوتووبی.

نامە ودیاری ئەم ئازیزانەشمان پێگەیشتووە. پڕ بەدل سپاسیان دەکەین.

سنە: **تۆفیق مەحموودی ئەبووبەکر عیشقی ـ ئیسماعیل .گ.**

مەهاباد: **چیمەن .ک ـ فەرهاد جەهان میهەن ـ خەلیل نیرووەمەند ع.ج. شیوا ـ سەلاح گولەندامی موحەممەد هونەرمەند ـ شنەدیهقانی**

نەغەدە: **حەسەن خدر زادە، عومەر عەبدی ـ مرادزایر ـ عوسمان مەولوودی ـ عومەر محەممەدخالید رەحمان مەولوودی.**

بۆکان: **حوسێن شێخیان ـ م.ف کرێکار ـ جەعفەر حەسەن زادە ـ عەلی مەحموودی ـ مەحموود مەعرووفی.**

خانێ: **رئوف عومەری ـ واحید مستەفاپوور ـ جەلال رەحمانی ـ کەمال یوسفی ـ عەلی مستەفاپوور ـ ئەمیر خالیدی ـ محەممەد ئەمینزادە ئەسعەد مامەندی ـ عوسمان مستەفا پوور ـ خدر گولانی.**

سەقز: **محەممەد نافیع عەلایی سەلاح حوسێن زادە ـ مستەفا غەفاری ـ ئاوارە ـ ع. ئاوات جەمال رەعدی ـ ناسر خادمی محەممەدفاروق فەرەج زادە ـ حامید**

پاوە: **حەکیم سالح.**

سەردەشت: **حاجی حوسین دوخت ـ عەبدوللا ئەحمەد بریو عوسمان عەلیزادە ـ خدر بێگەلاسی**

شنۆ: **جەلال مەحموودی، ئەیووب حەیدەری ـ محەممەد عەرەب زێنەب پردئابادی ـ نیعمەت سەروەری مستەفا رەسوولی ئازەر ـ محەممەد هیوا ئاسۆ ـ تاهیر تەنیا.**

مەریوان: **محەممەدسالح رەحمانی حوسین مەلایی ـ مەحموود شاداب ئاوارە.**

بانە: **بەختیار میعماری نەبەرد عێراقی ـ جەمیل سەلیمی**

تاران: **حوسێن عەلی زادە ئەحمەد عەلی زادە.**

کرماشان: **سروە شەریفی**

ئیلام: **بەهمەن رەزایی**

ئەهواز: **خدر خەلیناتی**

تیکاب: **حوسین فەهیمی**

ئەندیمشک: **جەعفەر قادری**

ئێمە ـ سروە ـ اه و ...

نەغەدە ـ گوندی حەلبێ: کاک مارف نەبی .

نامەکەت گەیشت سپاسـت دەکەین.

هۆی ئەوە کە شیعرەکانمان چاپ نەکرد ئەوە بوو کە نەمانزانی بەناوی خۆت یان دەبێ چاپ کەین یا هی شاعیرەکەی چونکە ئەم شیعرانە هی خۆت نەبوون.

تکایە لەناردنی پەندی پێشینیان کۆتایی مەکە.

سەرکەوتووبی .

پیرانشار: مەلا رەسووڵ عەباسی

برای خۆشەویست قورئان و پێغەمبەر هەردووکیان گەورە و مەزنن وجێگای رێزن. قورئان وتەی خوایە وئەمانەتی ئەوە و محەممەد (ص) رەسووڵ وهەڵبژاردەی خوایە .ئەوە دیارە کە قورئان لەباری گشتی یەوە مەزنترە. لە بارەی نازڵ بوونی قورئان پێویستە بزانی کە قورئان بە دوو چەشن بۆپێغەمبەر ناردراوە یەکیان بەتێکرایی کە لە شەوی قەدردا نازڵ بووە وخوا لە سورەی قەدر ئایەی ١ دەفەرمووێ انا انزلناه فی لیلة القدر.

دووەم بەش بەش ولەماوەی ٢٣ ساڵدا بۆ پێغەمبەر (د.خ) نازڵ بووە .

مەریوان: کاک رێبەر. ق .

پاش سڵاو، پێمان خۆشە باسی "حەمەرەشیدخان" مان بۆ بنێری.

رەخنەی خۆت لەسەر وتاری جوغرافیای بانە بەوردی بنووسە بە نووسەرەکەی رادەگەیەنین و ئەگەر پێویست بوو لە سروەشدا دەیگونجێنین.

مەریوان: خوشکە گوڵاڵە مازوجی

هاورێ لەگەڵ سپاس .

بەچاوان بەوەختی خۆی باسی پیرە مێردوقانیع دەکەین .ئێمە لایەنگری مافی ئافرەتین ولە زۆر چیرۆک وداستان وباسی وەک ژن بەژنەدا، زۆرلێکراوی وژێرچەپۆکەیی ئافرەتمان خستۆتە بەرچاوی خوێنەران. ئافرەتانیش پێویستە بۆ بەرز کردنەوەی پلەوپایەی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی خۆیان زۆرتر تێ بکۆشن.

بەهیوای سەرکەوتن .

بۆکان : سەیدمەسعوود حوسێنی

لە نامە جوانەکەتدا باسی ژن بەژنەت کردووە و هێندێ لایەنی ئەو داب وشوێنە نارەوا ـ یەتان روون کردۆتەوە. ئێمە ناڵێین ئەوەی لەسروەدا هاتووە بێ کەموکووری یە تەنیا مەبەستمان "خستنەسەرباسی" مەسەلەکەیە وچاوەروانی بیروڕای گشتی خوێنەرانمانین وهیواداریین نووسراوەی باش ورووناکبیرانەمان لەو بارەوە بۆ بنێرن وئێمەش بڵاویان کەینەوە .

نەغەدە : کاک عوسمان مەولوودی

برای بەرێز دیوانی عێلبەگی جاف لە لایەن مامۆستا محەممەد سەدیقی بۆرەکەیی یەوە بڵاوبۆتەوە و لە کتێبخانەی (انتشارات طهوری روبروی دانشگاه تهران) دەست دەکەوێ. رەنگە لەمەهاباد و شنۆ ونەغەدەش لەکتێبخانەکاـ ندا هەبێت .

سنە : کاک هەژار فارووقی

١ـ برای بەرێز لە ژمارەی ١٢را لاپەڕەیەکمان داوە بە فەرهەنگۆک کە لە ئاخری گۆوارەکەدا دەی بینی .

٢ـ پرسیارت کردووەنووسینی ئەدەبی ئیسپانیا و ژاپۆن فایدەی چیە؟ ئێمە دەڵێین فایدەی زۆرە. بۆ رۆشنبیرانی کورد ناسینی ئەدەبی جیهانی زۆر پێویستە ونابێ خۆی لێ لادەن .

٣ـ کورد لە چوار دەولەتی ئێران وعێراق وتورکیاوسوریادا دەژین وژماریان لەنیوان ١٥ تا ٢٠ میلیۆن دایە. کورد لە وڵاتی ئوستراڵیادا ناژین مەگەر چەند ماڵێک پەڕیوە بووبن .

٤ـ وێنەی دیمەنی جوانمان بۆ بنێرە چاپی دەکەین(ئەگەر وێنەکانت جوان بن) .

٥ـ باسی ژن بەژنەمان زۆر کردووە ودیسان لەسەری دەڕۆین.

٦ـ دووهەمین کۆنگرەی، فەرهەنگی کوردی نازانین کەنگێ دەگیرێ .

٧ـ بەداخەوە "بۆکوردستانی" هەژارمان نیە ولەدەرەوەش دەست ناکەوێ .

مەهاباد: کاک رەحمان ئولگوو .

لەوەی کە بە رەنجی زۆر و تێکۆشانی بێ وچانو یارمەتی دۆستان فێری کوردی خوێندنەوە بووی خۆشحاڵین.

هیواداریین هەموو لاوەکان وەک تۆ ئازا وبەتاقەتبن وبۆ زیندووکردنەوەی فەرهەنگ وزمانی خۆیان تێکۆشن .

مەریوان: کاک سولەیمان شوکری ::

برای بەرێز دیوانی "بۆ کوردستانی" هەژار و "تاریک و روونی" هێمن بەلای ئێمەوە نین ولەوەی کە دەستناکەون ئاگادارـ ین.

لەمەر ئەشکەوتی رەفتەوغاری

ئاهەنگی **مەولوودی** ئەگیرا .
بەم شێوە تایەرتۆفیق ژیانی رادەبوارد ولەبەرەوە دەشی خوێند . سالّی ١٣٢٣، کە سەروبەندی شەری دووەمی جیهانی بوو وقاتی وقڕی وکوشت وبڕی وەولات خست و تایەر کە پۆلی سێهەمی ناوەندی دەخوێند ناچار دەستی لەخوێندن هەلّگرت . لەگەلّ ئەوەشدا کە خزم و کەسی دەولّەمەند و تێر و تەسەلی بوو باوکی و بنەمالّەکەی زۆر شەو بە برسیەتی سەریان دەناوە ، بەلّام باوکی زۆر ورە بەرز بوو ودەستی یارمەتی بۆ لای خزمە سامان*دارەکانی رانەدەکێشا .

سالّی **١٣٢٤** چووە بەغدا بەهۆی **"سەمەد حاجی محەممەد"** چووە ئێزگەی کوردی و تا سالّی **١٣٣٥** بەردەوام دەستی لە تۆمارکردنی ئاهەنگی رەسەنی کوردی و فۆلکلۆڕ هەلّنەگرت .

سالّی **١٣٣٦** گەڕاوە، **هەولێر** ودامەزرا و کرابە کاتبی ناحیەی **سیدەکان** . سالّێک لەوێ ماوە وپاشان گوێزراوە بەغدا و لە **وەزارەتی نێوخۆ** خەریکی کار بوو.

سالّی **١٣٤١** داوای راگو- ێزتنی بۆ هەولێر کرد . داواکەی بەجێ هات و لە بەشی **رۆشنبیری لاوان** دامەزرا

ئەم هونەرمەندە لە**٢٨ی رەزبەری سالّی ١٣٦٦ رۆژی ، سی شەممۆ** داری فانی بەجێ هێشت . رووحی شاد بێ و خوا لێی خۆش بێ .

تایەرتۆفیق لە ماوەی ژیانی هونەری خۆیدا **٢٥٧** گۆرانی ومەقامی کوردی تۆمار کراوی هەیە .

زوربەی ئاوازی گۆرانی تایەرتۆفیق فۆلکلۆرین و شیعرەکانیشی شیعری بەرزی شاعیرانی وەک **نالی ومستەفا بەگی کوردی و حاجی قادری کۆیی و شوکری فەزلی و سافی هیرانی و عەونی وگۆران و دلّدار و هێمن و هەژارە .**

تایەرتۆفیق کتێبێکی بەناوی **"گولّی سەربەستی"** هەیە کە لەچاپدراوە و زوربەی شیعر و ئاهەنگی فولکلۆڕی کوردی ئەویان تێدایە .

کتێبەکەی پێشکەش کردووە

- بەو کەسانەی هونەری کوردی یان لەلا بۆتە خوراکێکی گیان و بەشێکی جودا نەکراوە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا .

- بەگیانی پاکی ئەو هونەرمەندە کوردانەی بە دلّسۆزی کاروانی هونەری گۆرانی کوردی یان بەرەو پێش برد وبەبێ نازی ، سەریان نایەوە و........

لێرەدا سەرەخۆشی لە بنەمالّە وکەس وکاری ئەم هونەرمەندە بەرێزە و هەموو لایەنگرانی فەرهەنگ و فۆلکلۆڕ و هونەری کوردی دەکەین و لەخوای بەرز و بێ هاوتا داواکارین ئەم هونەروەرەی ژیانی هونەری خۆی لەپێناو هونەری کوردی دا بەخت کرد خۆش بێ وبە بەهەشتی بەرینی شاد بکا . "ئامین"


" دەستەی نووسەرانی ".

" سروە "

ئانتوان چخۆف

قەلسەت...

و: بەحری



سەرپاسەوان "ئۆچەمەلۆف" سەرکێشکی گەرەک، بە جل و بەرگی پاسەوانییەوە شنێلێکی تازە لەسەر شان و بەستەیەک بە دەستەوە بەمەیدانی بارفرۆشان دا رادەبرد. پاسەوانێکی بە قیزیش بەزەمبیلێک توودرکی رزیوەوە، کەلە دەستفرۆشێک زەوت کرابوو، بە دوای دا دەرۆیی.

بێدەنگییەکی بەسام مەیدانی داگرتبوو، کەس بەدەرەوە نەبوو. دەرگای دووکان وقاوەخانە و... زۆر بەبێ وازی، هەروەکە زاری دەعبای دڕندەی برسی رووبە دەرەوە داپچڕابوون تەنانەت سوالکەرێکیش بەلاشیپانانەوە دیار نەبوو. لەپڕ هاوارێک پەردەی بێدەنگی دادڕی ولە گوێی "ئۆچەمەلوف" دا زرینگاوە:

بەرەڵڵای گڵاو پڕم دەدەیەی! کورینە مەیەڵن هەڵێ. پڕدان لەو دەوروزەمانەدا قەدەغە کراوە. بیگرن! بیگرن! ئەای ئای لەو سەگبابخێوەی!"

قرووسکەیەکی دڵتەزین بەرز بۆوە. ئۆچەمەلۆف ئاوڕی داوە. سەگێک لەعەمباری ئاوردووفرۆشی "پێچوکسن" دەرپەڕی. وا وێدەچوو ترسی ڕێ نیشتووە، هەر هەڵدەهات و ئاوڕی دەداوە! پیاوێکی کراس سپی کە دووگمەی جلیتقەکەی ترازابوون بە دوایەوە بوو! کابرا سینگی دابووە پێش، بە پەرتاو رەپێی دەنا. لە نەکاو خۆی هاویشتێ و دەستی گەیاندە پاشووی،توند گرتی سەگەکە دیسان قرووسکاندی یەکێک هەرای کرد:

" توندی بگرە! بەری نەدەی!"

ئەو هەراوبگرە دووکاندارە خەواڵوو وبێ وازەکانی یەک یەک و دوو هێنا دەر هێندەی پێ نەچوو جەماوەرێکی زۆر کەهەر دەتکوت لەعەرز هەڵقوڵیون لەبەر دەرکی عەمباری ئاوردووفرۆشی کۆ بوونەوە. پاسەوان بە پەلە رووی کردە ئۆچەمەلۆف

" سەرکار وەکیل باشی دەڵێی شتێک قەوماوە! خەریکە بشلەژێ!"

ئۆچەمەلوف بۆلای جەماعە-تەکە لێ هالاوە. تەماشای کرد کابرایەکی جلیتقەلەبەر

دەستی راستی هەڵێناوە و ئەنگوستی خوێناوی پێشانی خەڵک دەدا ! لەسەروپۆتراکی واوێدەچوو پێی دا کردبێ بەرقەوە دەی روانییە سەگەکە هەر دەتکوت دەیەوێ بڵێ " گلاوی پیس راوەستە بزانە چت بەسەر دێنم" بە دەست و لاقی خوێناوی و شێوەی راوەستانی زۆرتر وەئاڵای ئەو شەڕکەرانە دەچوو کە بەر لەشەڕ دەست پێ کردن هەڵیدەدەن.ئۆچەمەلۆف هەر کە لێی خورد بۆوە،زانی زێڕینگەری بەناوبانگ "خرێۆکین"ە. تاوانباری راستەقینەی ئەو ئاژاوەیە!

تولەیەکی سپی لمبۆز باریکی پشت زەرد لەنێو جەماوەرەکە بێ دەنگ وەرکەوتبوو.بەستەزمانە خۆی مەڵاس دابوو و دەلەرزی ترس وپەژارە لە چاوەپڕ ئاوەکانی دا بەدی دەکرا . ئۆچەمەلۆف خەڵکی دڕدا . بە دەنگێکی بەرزەوە پرسی:

" چ خەبەرە !؟ بۆ وا لێرە کۆ بوونەوە !؟ ئەو قامکە خوێناوی یەت بۆ هەڵێناوە!؟ چ باسە؟"خرێۆ کین چاوێکی لێکرد،لەمستی خۆی کۆخی وگوتی :

" قوربان ئەمن بێ ئەوەی خۆم لەخەڵکی هەڵقوتاندبێ یان یەکێکم ئازار دابێ بێرەدا رادەبردم. بەهیوا بووم لەبارەی ئاوردووو لەگەڵ "میتری میت ئاویچ" بدوێم. لەپڕ ئەو سەگە بەدفەڕ وناجسنە شالاوی بۆ هێنام وپڕی دا دەستم!بمبوورە بەم قسانە سەرت دێشێنم بەڵام پێویستە عەرزت بکەم ئەمن سەنعاتکارم وسەرم بە کاری خۆمەوەیە. هەرچەند کارەکەم زۆر گرینگ و بەرچاو نیە،بەڵام هەرچی بێ کارە.دەبێ خەسارەتی ئەو برینەم بدەنێ.بەڵکوو نەمتوانی هەتاحەوتوویەکی کاری پێ بکەم. بۆخۆت لە قانوون شارەزای.لەوێش دا نەهاتووە،تولەیەکی بەدفەڕ بتوانێ زیان بە پیاوێکی بگەیەنێ ولەکاری بکا . ئەگەر قەرار بێ هەرچی هەستا پیاوی بگرێ،واچاکە بەزیندوویی سەری لە سەر دنیایە نەمێنم"

ئۆچەمەلۆف بە فیزەوە کۆخی، چەندجاران بڕۆی هێنا وبرد.بەدەنگێکی نێرانە کوتی :

" هەمم،ئەوها،زۆر باشە ئەو سەگە ئی کێیە؟ نەخێر ناتوانم چاوپۆشی لەوکارە بکەم. ئەو جۆرەکارانە بێ قانوونین. ئەو کەسانەی سەگی نەعاملاو لەشەقامان دا بەرەڵڵا دەکەن ودەبنە هۆی نارەحەتی خەڵک . پێیان حاڵی دەکەم ئەو کارەیان یانی چی. ئیدی وەختی ئەوەی هاتووە ئەو جۆرە ئینسانانە تێ بگەن دژی قانوون جووڵانەوە چ ئاکامێکی بەدواوەیە.

کاتێک خاوەنە سەرو سواڵکەرەکەی ئەو تولەپیس و رێوەڵەیە جەریمە کرا ئەوەدەم لەمانای سەگی بێ تەربیەت بەرەڵڵا کردن وخەڵک ئەزیەت کردن دەگەن راوەستن بزانن تالاوی بە زاری یەوە دەکەم یان نا"

رووی کردە پاسەوانی زەمبیل بەدەست وگوتی :

"بلدیرین بپرسە بزانە ئەو سەگە ئی کێیە؟! گوزارشتێکیش بنووسە. ئەو سەگە دەبێ لەناو بچێ ، دەبێ تا زووە بتۆپێ،بێ و نەبێ هارە."

ئەوجار رووی کردە خەڵک و گوتی :

" ئەو سەگە ئی کێیە؟"

یەکێک لەنێو جەماوەرەکە گوتی :

" پێم وایە سەگی سەرتیپ "ژیگالۆف"ە

ئۆچەمەلۆف : " چی !!؟سەگی سەرتیپ ژیگالۆفە!؟ ئەوها!! بلدیرین ئەو شنێلەم لە شانی کەوە، ئەورۆ چەند گەرمە! واوێدەچێ گەرمای پێش باران بێ." رووی کردە خرێۆکین :

" پێم سەیرە!ئەو سەگە چۆن توانیویەتی ئەتۆ بگری !؟ زاری چۆن گەیوەتە قامکت !؟ پێم وانیەبیگاتێ!

سەگی واچووکە و پیاوی وا
کەڵەگەت! نەخێر شتی وا
نابێ .بێ وەنەبێ بزمارت
لەقامکی خۆت داوە و بە
ئانقەست بەئەستۆی ئەو
سەگەی دادێنی هەتا شتێکت
وەگیر کەوێ.ئێوە حوققەبازن
چاکتان دەناسم، شەیتان."

یەکێک وەجواب هات:

" سەرکار،خریۆکین بۆ
گاڵتە وپێکەنین ئاگری
جگەرەی بە لمبۆزی ئەو
بەستەزمانەوە نا! ئەویش
زیرەکی کرد و پڕی دا
دەستی. ئەتۆ نازانی ئەوە
چەندە بەدفەڕە!"

خریۆکین بە تووڕەیەوە
رووی لە کابرا کرد:

"هەتیوە شەلە عەیبێ
ناکەی! خۆ بە چاوی خۆت
نەتدیوە،بۆ درۆیان دەکەی!؟
سەرکار پیاوێکی ئاقڵە، بۆ
خۆی دەزانێ کێ درۆزنە و
کێ لە رووی ویژدان و
ئیمانەوە دەدوێ. ئەگەر
پێتان وایە درۆزنم! واچاکە
دادستان بڕیاری لەسەر بدا
لەکتێبی قانوونی ئەودا
هەموو شتێک لەبەر چاو
گیراوە. ئێستا ئیتر کەس
لەکەس زیاتر نیە. تازەکە
وای لێهات ئەوەندەش بزانن
برای منیش پاسەوانە.

ئۆچەمەلۆف نەڕاندی: " چی
دیکەی لەسەر مەڕۆ، بۆ تۆ
نەهاتووە باسی قانوون
بکەی."

پاسەوان کەهەتا ئێستا
بێ دەنگ راوەستابوو ئاقڵ
مەندانە سەری بادا وکوتی:

" سەرکار پێموا نیە
ئەوسەگە ئی جەنابی سەرتیپ
بێ . جەنابی سەرتیپ سەگی
وا راناگرێ. سەگەکانی
وی زوربەیان ئی راوێن ."

ئۆچەمەلۆف:

" لێت مەعلوومە ؟"

- بەڵێ سەرکار لێم
روون وئاشکرایە"

ئۆچەمەلۆف :

" بۆخۆشم دەزانم سەگەکانی
جەنابی سەرتیپ هەموو
رەسەن وگران قیمەتن .کەچی
ئەو توڵەیە چی وا نایەنێ!
بەرەڵڵایە! نە تیسکنە نە
دیمەنێکی بەرچاوی هەیە!
زۆر نابوتەیە! بۆئەوە نابێ
رایگرێ. کێ سەگی واپیس
بەخێو دەکا .لەو قسانەی
ئێوە سەرم سوڕماوە! هیچ
دەزانن ئەگەر لەشەقامەکانی
"پترزبۆرگ" یا "مۆسکۆ"دا
سەگێکی ئاوا دیترابا چ
دەبوو؟ کەس گوێی نەدەدا
کتێبی قانوون،حەوت رووحی
پێبا یەکیان پێ نەدەهێشت
کاکی خۆم ئەو چوارپێیە
سەدەمەی پێ گەیاندووی .
هەروا سووک وهاسان لەکۆڵی
مەبەوە. خاوەنەکەی بەتەمبێ
کردن بدە. ئیتر وەختی
ئەوە هاتووە خەڵک تێ بگەن
کە دەبێ رێز وحورمەت بۆ
قانوون دابنێن."

پاسەوان :" وێش دەچێ
سەگی جەنابی سەرتیپ بێ،
کێ چوزانی!؟ خۆ لەنێوچاوانی
نەنووسراوە. پێموایە لە
حەوشەی جەنابی سەرتیپدا
وەبەر چاوم هاتووە"

یەکێک لەنێو خەڵکەکەوە
بە پشتیوانی قسەی
پاسەوانەوە هات :

" ئەوە سەگی جەنابی
سەرتیپە"

ئۆچەمەلۆف :"هەممم ...ئەوها ..
بڵدیرین ئەوشنێلەم بە
شانی دا بدە. نازانم بۆ
گیانم دەلەرزێ! پێموایە
سەرمام بووە. ئەو سەگە
بەرە خزمەت جەنابی
سەرتیپ ولەخۆی بپرسە .عەرزی
بکە سەرپاسەوان ئۆچەمەلۆف
لە شەقامدا دیویێتەوە و
ناردویەتە خزمەتت . هەروەها
عەرزی بکە دەستوور بدا
پتر ئاگاداری لێ بکەن .
نەیەڵن لەماڵ وەدەرکەوێ
وێدەچێ گران قیمەت بێ ،
ئەگەر قەرار بێ هەر کەر
وگایەک هەستێ و ئاگری
جگەرەی بە لمبۆزی یەوە
بنێ! رەسەنایەتی خۆی
لەدەست دەدا. سەگ گیاندا ـ
رێکی ناسک وزەریفە."

ئەوجار رووی کردە خریۆکین

" کەرە شێتە ئەوە بۆ
هەروا راوەستاوی!؟ دەست
بەردەوە بزانم. پێویست
ناکا قامکی بەبڕین چووت
پێشانی عالەم بدەی .

خەتاباری."

پاسەوان لە نەکاو بەخۆشحاڵی یەوە رووی کردە ئۆچەمەلۆف :

"سەرکار هۆوە ئاشپەزی جەنابی سەرتیپە، بەرەو ئێرە دێ. با لێی بپرسین :

"هۆی کاکی زۆرخۆر، وەرە بزانە ئەو سەگە ئی ئێوەیە؟

ئاشپەز:

"ئەوە دەڵێی چی! ئێمە سەگی وا راناگرین."

ئۆچەمەلۆف :

"هیچ پێویستی بەپرسین نیە، ئەو تولەیە بەرەڵڵایە لەخۆڕا قسەی لێ دەکەن! کاتێک ئەمن دەڵێم بەرەڵڵایە یانی بەرەڵڵایە.دەبێ بتۆپێ ئیدی قسە لێ کردنی پێ ناوێ

ئاشپەز درێژەی بە قسەکانی دا:

"ئەوسەگە ئی برای سەرتیپە، دوێنێ تەشریفی هێناوە.ئاغام ئەوجۆرە سەگە خوێریانەی بەدڵ نین. براکەی ئی وا رادەگرێ."

ئۆچەمەلۆف لە نەکاو بزەیەکی شیرنی لەسەرلێو نیشت وگەشاوە:

"ئەوها...ولادیمیرئیوا – نویچ" برای بەرێزی سەرتیپ تەشریفی هێناوە!؟ بەڕاستی ئەو خەبەرەم پێ خۆش بوو نەمزانی بوو بە میوانی تەشریفی هێناوە؟"

ئاشپەز:

"بەڵێ"

ئۆچەمەلۆف :

"مێوان .... بێ‌ونەبێ دڵی بۆ براکەی تەنگ بووە... سەیرە! ئەمن نەمدەزانی ئەو سەگە جوانە ئی برای سەرتیپە! زۆر خۆشحاڵم. کەوابوو لە باوەشی کە و بیبەوە. سەگی چاکە زۆریش شەیتان و بزۆزە! پڕی داوەتە دەستی ئەو پیاوە هاهاها!... تولەگیان دەلەرزی!؟"

تولە کەچاوی بە یەکی ناسیاو کەوتبوو وەکلکە سووتە کەوت ودەستی بە وەڕین کرد...ووو...ووو....

ئۆچەمەلۆف :

"بەستەزمانەتووڕەبووە!"

رووی کردە خریۆکین :

"بێ ئاقڵی خەرفاوی چینی ئەوە چیت بەسەر ئەو بەستەزمانە هێناوە!؟"

ئاشپەز سەگەکەی وەدوای خۆی دا ورۆیی.

خریۆکین کش ومات راوەستا بوو! خەڵک سەریان هاویشتبووە سەرو قاقا پێی پێدەکەنین. ئۆچەمەلۆف سەنگین وگران لێی مۆڕ بۆوە. بەهەڕەشە پێی گوت :

"دوایە بە خزمەتت دەگەم."

شنێلەکەی توند لە خۆیەوە پێچا و بە دوای کاری خۆی دا رۆیی



شاعیرانی لاو

کە نات بینم
ژیلەمۆی دڵی سووتاوم
گڕ بەردەداتە هەناوم
وەجۆش دێنێ
کانی خوێن دەڵێنی چاوم
کە دەت بینم، تیشکی نیگات
بۆ منی تامەزرۆی ئەوین
دێتە ژوان،
ئەم نیگایە پڕمانایە
بۆ دوانی من
دێتە زمان
تەزووی ساردی هەناسەکەم
هەستی کلۆڵ دەبزوێنێ
یادی ناسۆری تەشەنام
تینم لە ژین دەتارێنێ
دەگەڵ تۆ چبکەم ئازیزم
یا بە گەرما دەمسووتێنێ
یا لە سەرمان دەمتەزێنێ
یا لە تەنیا بۆ جارێک
بەڵام هەر دانا هێنێ
دان بە عیشقم

مارف ئاغایی

ئیمشەو دەستم
خستە سەرشانی بێدەنگی
هێدی ... هێدی ....
بە هەورازی هەڵەمووتی زامەکانا
لەگەڵ پێچی ژانەکانا
سەردە کەوتم
بەرەو دوندی خۆشەویستی
لەپاش پەڵە هەورەکانا
ئەستێرەکان دەجریوێنن
گۆرانی عیشقی تامەزرۆ
بە گوێچکەی شار
دەچرپێنن
ئیمشەو لە ناو شاری خامۆشم
کۆڵانی تەنگ وتاری گڕگرتووی
مەیل وتاسەی بەجۆش
شیعرێکی ژانی پڕ سفت وسۆ
هەگبەی
وەک هەواڵێک
دەخەمە بەر
تروسکەی چاوەکانی تۆ

فریشتە . ش

سروە کیژە جوانەکەم
کچە نەشمیلانەکەم
گوڵاڵەی باخی ژینم
شەمامەی بێستانەکەم *
بووکی یەکشەوەی تازەم *
ئاهەنگی پڕ ئاوازەم
بێ یار و هاودەم مردم *
وەرە ئەی یاری تازەم *

خدر کامکار

من ئەوینم هەستمدا
لە قووڵایی بڵێسەداری
ئەوینێکی چاوەکانمدا
لە سۆمای گڕێک دیارە
تروسکەیی مەشخەڵێکی
ئەویش پرچی
پڕشنگدارە

عیسا ئاهی

لە لووتکەی بەرزی ئاواتم،
لە ئاسوگی روژهەلاتم
لە زەردەی خور لەبرەو دایە
بە هیوایە
بویە دلم وەکوو چی وام ؟
باپیت بلیم لەهیوام
دلی پر ئاراراتە
ورەی بەرزی کش وماتە
وەکوو بەلام وەک ئاگرە
بەرزە پانم ناگری
جەرگی ئاوریش رەندولە
گەرمە و زیخی خولە
لەشم وەک خاک و ئاو
لە ریگەتا تنوکی تەواو
لە پیناوتا ئەریژم
بو سەربەرزیت گیاندەرم
من لە ریگەتا دەوروبەرم
روشنی کەی

هەمزە پشدەری

تووڕەی بلوێر لە لوتکەی کێو سۆزێکی
بەرگوێ داوم
بەرەوگڕی لوتکە بێمو خەویش بزڕێ لە
دوو چاوم
لەبیرم چوون سەدان تابلۆی سەربەتەمی
نێو سروشتم
گیانی نوێیان پێ دەدام و توند
لێویان پێ دەکرۆشتم
بۆیە دێم وەکوو تۆ شوانە ئاسۆ
دەئامێز بگرم
یا بگەمە گوڵی هیوام یا لەرێگادا
بمرم

بۆ دەنگم بێ دەنگە
مەترسی جەردەیەکی چاوچنۆکە
چەقی ڕێگەی دنیای دەروون
بە هەناسەی پڕ لە تاسەی
شیعرە ساواکان دەگری
نەزانی جەللادێکی نەزۆکە
بێ بەزەیی
ملی وشە
دەباتە بەر داروبەندی ناهومێدی
بێ وزەیی هەڤاڵێکی ترسەنۆکە
لەپێش چاوی یارو دیار
گاڵتە بە بەرهەمان دەکا
و هەر بە تەنێ
گۆنای خۆیان بۆ دەرنێ

مەعسوومە ئەدیب

با بنووسم بە پینووسی نێو دەستم
بۆچ پێ شێلە بوون و ئاوات و هەستم ؟
ئافرەتم جا چ بوو لە کوردستانم
بۆ لە ڕێزی دیلان و ژێردەستانم ؟
" ئافرەت بوونمان شایی لێ کردووینە شین
قەڵای ستەمی پیاو ئەوەندە بەرزە!
ئێمەش هەروەک ئێوە ئینسان نین ؟
ستەم بەسە مەگەر ئێمە لەرزە!
ئافرەتی کورد " بوونە وارۆژەرەشین !
بە راسان و شۆرش نایەتە لەرزە!
راستە دەڵێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵە
بەڵام ڕێزی وەک بزن ومانگا گەلە
تۆخودا بەسە چیدیکەمان مەفرۆشن
چیدی تووک و نزای ئێمە مەخرۆشن

ڕێنوێنی ئەدەبی

شنۆ: ئیبراهیم مورادی
شیعرەکە لەباری وەزن وقافیەوە لەنگە
سووژەکەت زۆر کۆنە وەک :
ئەوەندەم بیرکردەوە سووتام
لەخۆڕا
هەتاکەی ئەم سووتانە ئەو
سووتانە لەخۆڕا
وشەی "نیە" و"وەکوو"قافیە
نین .
دیسان : ڕۆڵە وجوولە قافیە
نین، وشەی ڕۆڵە لە دوو سێ
جێگا بۆتە قافیە کە دەبێتە
ڕەدیف و وشەی پێش ئەو
دەبێتە قافیە .لەباری وەزنیشەوە
کەموکووڕی هەیە وەک :
خوێندن دەرمانە بۆ دەردی
ئێمە
بێ خوێندەواری نەجات بوون
سەختە ڕۆڵە
نەغەدە: بەدرەدین محەممەدئەمین
شیعرەکەت لەباری وەزنەوە
لەنگە. وەزنی نیە.
شەرتە ئیتر بۆن نەکەم گوڵێک
بێ گوڵزار
ئەگەر خوێنم لەدڵ نەبێ
نابەرستم ژیانی بێ یار
وانەکەم وەک ڕابردوو ڕوو لە
زستان پشت لەبەهار
چەکوشێکی پۆلایین بم وەک کاوە
بم بۆ زۆردار
شنۆ: جەلال واهیم
لەم دوو شیعرەی:
ڕەحیم وغەفوورتەنیا بۆخۆتی
چرای هەڵکراو لەبۆ ئۆممەتی
خەلقت کردووە دونیا وقیامەت
تاکوو بناسی گشت بەندەکانت
بۆخوت ،ئۆممەت ،قیامەت
بەندەکانت قافیە نین

..... تۆران عیلمئابادی
شیعرەکەت لەباری قافیەوە
نارێکە ووشەی عەزیز، دۆست
ئەدیب، هەستیار، دەرد، سۆز
بێگانە، وئەدەب قافیە نین .
بەڵام وەزنی شیعرەکەت وەزنێکی
خۆماڵی یە وسووژەکەت جوانە .
مەریوان :خوسرەو خوسرەوی
نووسیوتە :
وەتەن قوربانی خاکی بۆشت بم
قوربان هەڵاڵە وگوڵی گەشت بم
بۆش ودەشت وداخ و زار
نابنە قافیە .لەباری وەزنیشەوە
عەیبدارە وەک :
قوربانی ئاوی کەوسەرت بم
بەفیدای خاکی گەوهەرت بم
وەزنەکەی لەگەل شیعرەکانی
پێشوو یەک ناگرێتەوە .
بۆکان :محیەدین ئەحمەدی
شیعرەکانت لەباری وەزن و
قافیەوە کەمو کووڕی یان هەیە
وەک :
زۆر بەداخ بوو بۆمن فەوتی تۆ
ئاخر تۆجێگات خۆش کردبوو لە
ناو دلی منی ڕەنجەڕۆ
دیسان کوردستان وجیهاندا،
چرای گەل، مەشعەلی گەل، خۆش
و بەهەشت قافیە نین .
سەقز: جەلال سەلیمی
سووژەیەکی جوانت هەڵبژاردووە
بەلام بۆ شیعر نابێ وەدەتوانی
لە چوارچێوەی وتاریکی ئایینی دا
بۆمان بنێری. چون ئەم سووژانەی
باسی نەحەتی خەڵکن یا دەبێ
بەشێوەی شیعرێکی زۆر پوخت و
پاراو بێ یا بە نووسینێکی
ڕەوان .

خانێ : عەلی ئاغەندە
بۆمان ساخ نەبۆوە ئەوەشیعرە
یا نەسر :
ئەوە خالقی جیهان ڕووی کردە
دنیا
چرای هەڵکرد بۆمان خاتم
الانبیا
ڕۆیشت بەجێی هێشتم بێ
مەوتەنی کردم
دەستم بەدامەنی پاکی گرت بەی
داموبەجێی هێشتم
خانێ : مەعسوومە ئەدیب
ئەم شیعرە لاسایی پیرەهەڵۆی
مامۆستا هەژارە کە دەڵێ :
پایزە دارودەوەن ڕەنگ
زەردە
با تەزوو سەردە بەتۆزو
گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش
خەوەرێ
دارەخۆی دەرنێ خەزەڵ
هەڵدەوەرێ
تۆ نووسیوتە :
دەڵێن پایزە دەوەن ڕەنگ
زەردە
بولبول دەگری دەدا بە
سەردا
دەشت وکێو جلی زەردی
پۆشیوە
دار خۆدەرنێ کەوڵ
هەلوەریوە
نەغەدە: ئەبووبەکر خزری
"بنچارە دایک" دەبێتە
ڕەدیف . جا وشەی کۆ، باب ،
بێبەر ،جەرگ ،لەسەر ،بەیانی،خواردن
و..... نابنە قافیە .

سنە: حشمەت عەلی خانی

وەزنی شیعرەکانت یەک نییە وەک:

دیسان کوردستان لەنوێ بەهارە
تا سروە بێ جەژنی هەزارە
ئیتر نەما رەش پۆشی گولان
یەمالێ هات و هەلفڕی زەلان

هەمەدان: خالید ئەمینی

ئەوانە شیعر نین. شیعر دەبێ سەرەرای ئەوە کە نێوەرۆکێکی جوانی ببێ وەزن و قافیەشی هەبێ دەنا دەبێتە قسە. تۆ نووسیوتە:

چاکەوخراپە لە لەشی ئینساندایە
غەم وشادی کولە قەزاوقەدەر دایە
ئەی گەردوون حەوالەی رێی عەقلی مەکە
گەردوونی تر هەیە لە تۆ زۆر بێچارەترە

نە وەزنی هەیە ونەقافیە. بەیتەکەی ئاخریش مانای نیە.

نەغەدە: حوسێن رەش سوورە

شیعرەکانت زۆر لاوازن. نە وەزنیان هەیە ونە قافیە.

دایە بریا پێلاوی ژێرپێت بایەم
ئەسرینی گەشی چاوانت بایەم
باوەشی گەرمت هەوەلێ مالم بوو
بریا لەومالەش ئاخرەت هاوالەت بایەم

خانێ: ئیسماعیل حوسێن نژاد

شیعرەکەت وەزنی نیە. دەیەو شەوێ نابنە قافیە. بەرجی ئەوانەش شیعری مندالانە دەبێ کورت و پڕ مانا وهاسان بێ بۆ ئەوە زەینی مندالێ لەبەری بکاو دیسان بتوانێ بیلێتەوە.

نەغەدە: مەعرووف نەبی

مەنزوورم هەیە ئەی سروەی دەنگ خۆش
تۆبووی دنیات خستە جۆش
کەشیعرم ناردبوو کردت بەرووپوش
هەتا ئەمن بەلەگەلت ناگرم

دۆستایەتی خۆش

ئەم دوو شیعرەت بۆنموونە چاپ دەکەین. وەزنیان نیە. ئەوانی دیکەش هەروان. دەنا شیعری جوان قەدری لەسەر چاوانە.

شنۆ: یوسف رەحمانی

هەنار وگولستان، نابنە قافیە. وشەی ئال وچاووخومار ـ یش قافیە نین. شیعرەکانت وەزنیشیان نیە.

بانە: زامار

مەستی دلم لە چەند جێگا بۆتە قافیە. ئەوجار لەباری قافیەشەوە لەنگی دیکەی هەیە وەک مەستی دلم ،زامی دلم کە نابنە قافیە. بەلام وەزنی تەواوە ولەم بارەوە ئیرادی نیە .هەستی شاعیرانەشی تێدایە.

سەقز: ئەنوەر مەعریفەت

هەستی شاعیرانەت هەیە بەلام شیعرەکانت خاون. هێز و پێزی شیعری باشیان نیە، لەباری وەزنەوە پێویستیت بە هێندێک موتالا هەیە. جیاوازی شیعر و پەخشان لە وەزن دایە.

خانێ: عەبدوللا تەقرارە

لەباری وەزنەوە شیعرەکەت لەنگە وەک:

لەسەرچی بەعسی کافروای لەتۆ
کرد ئەی پیرانشار
بەکام تاوانەوە وابووی بە
کۆی نار
لەخوێن لافاوی نووح خەریکە
هەستی
لەدەریای نەهێلی قەومی کوففار

بۆکان: محەممەد....

ئەگەرچی سووژەیەکی جوانت هەلبژاردووە بەلام نەتتوانیوە باش پێی رابگەی. لەباری فەننی شیعرەوە وەزنیان نیە و وشەی جوان وسەرلق نابنە قافیە.

نەغەدە: بەدرەدین سالح

شیعرەکانت هەستی شاعیرانەیان تێدا بەدی دەکرێ بەلام خاون. لەباری وەزنیشەوە هێندێک کەموکووڕی هەیەوەک ئەم شیعرە:

فرشتە وکۆتر و بولبولان
موژدەی بەهاردێنن بۆگولان

کەڕاوا: ئەسکەندەر ئەمینی

دەزانی لەم چەند شیعرەدا رەدیفی شیعرەکان "گرتووە"یە جا کەوابوو چۆپی وشین دەبێ ببنە قافیە وقافیەش نین. ئەم دوو شیعرەیان جوانە

لۆمەیان مەکەن هەرگیزا وهەرگیز
گەرکە شینیانە لەگەل بای پایز
گولی بەهاری ژینیان مردووە
هێمن لەناکاو کۆچی کردووە

میاندواو: حەسەن حوسێن پوور

شیعرەکان زۆر لاوازن. وەزنیان نیە و دوو لەتە شیعری یەک جور نابنە بەیتێک.

خڕیان کەوە کورد زیندووە
نەمردووە
خڕیان کەوە کورد زیندووە
نەمردووە

شیعری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە. سپاسیان دەکەین.بەلام لەبەر ئەوە کە شیعرەکانیان زۆر پوخت وپاراو نیە و یا لەباری وەزن وقافیەوە کەم و کووڕی هەیە ویا لەباری نێوەرۆکەوە لاوازە ناتوانین چاپیان بکەین.

سەقز: رەئووف تەیموور تەبەر
مەهاباد: فریشتە س.
شنۆ: هەمزە ئیلاهی
....: لوقمان .ن
....: ن ـ هادی.
شنۆ: ئیبراهیم ئەحمەدیان
شنۆ: زورار پەیغامی
سەقز: ع. پەشێو

پاشماوەی سەروتار...

این مرکز وطرح پیشنهادات وانتقادات وارزیابی کارهای انجام‌شده در هر مقطع خود را متعهد ببینید؟ تعیین کنندهٔ موقعیت، شکل وسطح کار خواهد بود. برای فراهم‌آمدن شرائط ایده‌آل، نخست باید درایجاد ارتباط هرچه بیشتر کوشید. این ارتباط باید مستمر، نزدیک و دو طرفه باشد. تاکنون ما با برگزاری مسابقه علمی، فرهنگی، انجام مصاحبه‌های حضوری، برگزاری کنگرهٔ فرهنگی-ادبی، ارسال جوابیه‌های برادران وخواهرانی که برایمان نامه نوشته‌اند، نظرخواهی های عمومی و.... سعی کرده‌ایم که این ارتباط را ایجاد نموده وازثمرات آن بهره‌گیری نمائیم و همچنانکه در شماره قبلی عرض شد، این اقدامات به‌نتایج موثری انجامید و درمجموع توانست بعنوان پشتوانه‌ای جدی راه آینده را روشنتر نموده وامید بیشتری برای برنامه‌ریزیهای درازمدت بوجود آورد. اما اگر نخواهیم با مسئولیت بیشتری به‌وظایف خود بیندیشیم بروشنی درمییابیم که هرگز نمیتوانیم این مقدار را ایده‌آل بدانیم. هرچند هم‌اکنون سیل نامه‌هایی که به‌ما میرسد وقت زیادی راهزینه میکند لکن بصراحت باید بگوئیم که نامه‌های پر احساس ولطف علاقمندان برای ما بسیار اهمیت داشته و ما خواهان هرچه بیشتر شدن حجم آن هستیم. چه به گمان ما، این عملی ترین صورت ارتباط بوده‌ومقدمه‌ای برای همکاریهای گسترده‌تر درآینده محسوب میشود. اطلاع از اینکه دوستان ابعاد مختلف ازمطالب سروه را چگونه میبینند و برای تبدیل آن به "سروه"ای زیباتر و روحبخشتر چه پیشنهادی دارند؟ برای ما امری ضروری وبدیهی است. تصدیق میفرمائید که‌اختلاف در قشر، تحصیلات و سن هزاران خوانندهٔ "سروه"، درعین آنکه افتخار این مرکز است، دست اندرکاران را با مشکل مهمی در دسته بندی مطالب وارائه آنها مینماید. طبیعتا" در چنین شرایطی آگاهی مستمر از نقطه‌نظرات شما از لوازم این خدمتگزاری است. قبل از ادامه بحث دراین فرصت لازم میدانیم تا به آن دسته از دوستان که تاکنون با نوشتن وارسال پیشنهادات وانتقادات مارا درجریان نظریات‌خود گذاشته واحیانا" تاثیر آنرا ملاحظه نکرده‌اند، مطلبی را یادآور شویم.

این دوستان باید بدانند که اگر درشرایط حاضر نتوانیم بعضی از پیشنهادات منطقی واصولی را عملی کنیم ویا قبول بعضی از انتقادات صحیح را درعمل نشان دهیم، به معنی پشت گوش انداختن آنان نیست بلکه همه این نظریات، جمعبندی شده و برنامه‌ریزی های آتی بر مبنای آنها انجام خواهد گرفت. ما وضعیت موجود، شکل کار وثمرات آنرا بهیچ وجه ایده‌آل نمیدانیم وبکارگیری تمامی امکانات برای دادن رشد کیفی وکمّی به‌همه جوانب‌آنرا ضروری میدانیم. ما ضمن بهره‌گیری از تجارب موجود، مشاورهٔ مستمر با شما را برای خود مهمترین امر تلقی کرده ونظریات شما را بزرگترین سرمایه‌ها وامکانات برای رسیدن به شرایط مطلوب میدانیم. درهمین راستا دفتری را دراین مرکز بعنوان دفتر ارتباط با علاقمندان "سروه" باز کرده تا ازاین پس‌نسبت به ایجاد ارتباطات گسترده با دوستان سرمایه‌گذاری بیشتری بعمل آید. این دفتر بعنوان اولین گام فرم ویژهٔ نظرخواهی وسنجش افکاری راکه بر اساس

نیازهای آتی این مرکز و تجارب بدست آمده تنظیم نموده است را برای دوستان علاقمند ارسال خواهد کرد. این فرمها درمرحله اول صرفا " برای علاقمندانی که تاکنون حداقل یکبار برای ما نامه نوشته‌اند (و یا بنویسند) ارسال میشود.

توضیحات لازم در پاسخ به پرسشها ونحوه تکمیل فرم نیز بعنوان ضمیمه تقدیم علاقمندان خواهدگردید ما ضمن آنکه امیدواریم که این بحث تحرک، شوق وانگیزه بیشتری را برای همکاری گسترده ونزدیک با این مرکز درهمه‌خوانندگان محترم ایجاد نماید، از دوستان عزیزی که فرم‌ویژه نظرخواهی را دریافت میکنند استدعا داریم تا ضمن دقت هرچه بیشتر درتکمیل فرم، نسبت به ارسال سریع آنها اقدام فرمایند.

دوستان عزیز! بی شک. شما دوستداران " سروه " میخواهید تا این مجله زیباتر وپرمحتواتر انتشار یابد وبهمین دلیل هم، انتقادات وپیشنهاداتتان را برایمان ارسال میدارید و انتظار دارید تا از نتایج آنها نیز باخبر شوید.


دوستان! در این زمینه باید باطلاع شما برسانیم که نظریات وانتقادات، واصله بدقت موردبررسی قرار گرفته و به آنها درحد امکان ترتیب اثر داده میشود. اما توجه به این نکته لازم است و آن اینکه سلیقه‌ها و عُلقه‌های افراد متفاوت است واجرای همه نظرها، هم به دلیل تضادی که‌بعضا " بین نظریات وجود دارد و هم بدلیل مشکلات اجرائی این مرکز و محدودیت ظرفیت " سروه " غیرممکن است. منتها تلاش ما بر اینست که‌حتی الامکان رضایت‌شما راجلب نمائیم.

عزیزان! ما نیز میخواهیم که"سروه" بعنوان مجله‌ای بی عیب ونقص وشامل همه موارد موردنظر وعلاقه شما منتشر شود، اما اینکار نیاز به‌امکانات و زمان دارد. قطعا " یک مجله مثلا" هفتاد صفحه‌ای که‌هر ماه یکبار انتشار میابد قادر نخواهد بود گلچینی ازهمه مسائل اجتماعی، سیاسی،فرهنگی،ادبی،تاریخی اقتصادی،جغرافیایی، هنری ورزشی و...باشد. چه هریک ازاین ابعاد خود دارای بعدهای فرعی زیادی هستند که دریک مجله (حتی هزار صفحه‌ای) نمیگنجد. برهمین اساس پس از مطالعات و بررسیهای بعمل آمده ستونهای ثابت ومتغیری برای آن درنظر گرفته شده تا ضمن حفظ هویت فرهنگی ادبی مجله، به مسائل دیگری که موردنیاز وعلاقه مردم عزیزمان است‌پرداخته‌و رضایت طیف گسترده، خوانندگان محترم را جلب نمائیم. البته این موضوع به بحث بیشتری نیازمند است ولذا تفصیل آنرا به آینده موکول مینمائیم.

"خدا یار ونگهدارتان باد"

له سه‌روه‌ی ۲۱ دا

ساڵنامه‌ی ۱۳۶۷ پێشکه‌ش ده‌کرێ



هێشتا بەفرلێی نەکردبۆوە وسەرمای بێ دەرەتانی سەرلە بەیانی وەلەزی* خستبووین .

دەرگای قوتابخانە ئاواڵە بوو و حەوشەکەی بە نوا بەفرێکی سپی رازابۆوە . بەهوو هووی دەستان لە پلیکانان وەسەر کەوتین و خۆمان گەیاندە دەرکی سالۆن کەچی بەپێچەوانەی رۆژان داخرابوو وقوتابییەکان هەریەکە لە سووچێک لەژێر پەنا وپەسیواندا هەڵکورما-بوون . خودا خودامان بوو زوو زەنگ لێ بدرێ وبچینە ژوور . لەنەکاو دەنگی جەنابی مودیر لە بڵیندگۆ بەرز بۆوە :

- قوتابییەخۆشەویستە-کان سەف بگرن وریز بن .

هەر بابا بوو بۆڵەیەکی لێدەهات ودەیگوت :

- بۆخوت جێت گەرمە و ئاگاشت لە ئێمە نیە!

ئەوجار جەنابی مودیر بۆخوی هاتەدەر وچاوێکی پێدا "خشاندین وگوتی :

- ئازیزان لەم هەوا بەفراوییە جوانەی ئیمرۆکەدا تاقیکارییەکی زۆر هاسان بەڵام زۆرگرینگم بۆ دیاری کردوون .

دەبوو سەرنج بدەین و گوێ رابدێرین و لەگەڵ سەرماش بچارێین* . پیاو هەزار جۆر خەتەرەی دەکرد «داخوا بەفر دەرخواردیکێ دەدەن ؟ یا زۆرەوانیمان پێدەگرن، نا بابە حەتمەن سەربانمان پێ دەماڵن.» لەو خەیاڵانە دابووین کە جەنابی مودیر لە پلیکانان داگەڕا و سەفی دابڕاوی ئێمەی تێکەڵ کردەوە و هەمووی کردینە ریزێکی درێژ و راست .

مامۆستاکانیش هەموویان لەسەر پلیکانەوە چاویان لە تاقیکاری جەنابی مودیر بڕیبوو. وەختێک سەفەکەمان بەکەیفی کاکی مودیر راست بوو، هێندێکی نێوان بۆ دیاری کردین وگوتی :

- قوتابییە خۆشەویستەکان! مەرجی تاقیکاری* یەکە ئەوەیە کە دەبێ ئێوە هەتا ئەوسەری حەوشی قوتابخانە بڕۆن و بەجێ پێی کەوشەکانتان رچەیەکی* راست بشکێنن . دووپاتی دەکەمەوە...بزانم کێ دەتوانێ بەجێ پێی کەوشەکانی خەتێکی راست هەتا ئەوسەری حەساری مەدرەسە بکێشی .

پشوویەکمان هاتەوە بەر و گوتمان :

- ئەگەر هەر ئەوە بێ هیچ نیە تەنانەت یەک لە قوتابییان گوتی :

- هەی ماڵتە دەزووتوت واگوتبایە دڵم سیس بوو!

هەموو وێگڕا سەرمان داخست و وەنێو بەفر کەوتین . تەواوی فکر و هۆشی خۆمان دابووە سەر هەنگاوەکانمان.هەی خوایە لاقمان خوار نەبێ، هەی پێغەمبەر لێمان خوار نەبێ. هی واش بوو خۆش خۆش ئاوڕی دەداوە تا بزانێ رچەکەی راستە یا خوار . هەر کەسە لەفکری خۆیدا


بوو تا لەو تاقی کاری یە هاسانەدا سەرکەوێ .

چەن دەقیقەیەک پێ نەچوو کە گەیشتینە ئەوسەری حەوشە وەختێک ئاوڕمان دایەوە دیتمان ڕێچکەی هەموومان خوارە. لەنێو تەواوی قوتابی یەکاندا شێرکۆ توانیبووی بە جێ پێی کەوشەکانی خەتێکی ڕاست دیاری بکا .

– هاوڕێیان ! من وەک ئێوە هەر لەفکری چەپ و چیڕ یا ڕاست هاویشتنی هەنگاوەکانمدا نەبووم. بەڵکوو لەوسەری حەسارێ میلەیەکم کردبووە نیشانە جا چون ئەو هەدەفەم هەر لە نەزەردابوو چاوم هەر لەوی بڕیبوو تا پێی گەیشتم. نە ئاوڕم داوە و نە هێندە چاوم لەبەر

بۆخۆی ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی :

– قوتابی یە ئازیزەکان ، مەنزووری من لەو تاقی کاری یە تەنیا سەلماندنی ئەم ڕاستی یە بوو کە ئادەمیزاد لە ژیانیدا بێ بەرنامە و ئامانجێکی دیاری کراو تێ بکۆشی ئاخری سەری لێ دەشێوێ وبە ئاوات ناگا .



مودیر شێرکوی بانگ کردە لای خۆی وگوتی :

– بارەکەڵڵا شێرکۆ . ئەتۆ لەدەرس ودەورەکانیشدا هەروا ئازای . جا ئێستا بە هاواڵەکانت بڵێ کە تۆ چۆن لەم تاقی کاری یەدا سەرکەوتی ؟

شێرکۆ لە حاڵێکدا کە بزەی دەهاتێ ڕووی لەئێمە کرد و گوتی :

پێی خۆم کرد. ئینسان لە ژیانیشدا قەت بێ هەدەف سەرکەوتوو نابێ. ئێمە کە هەدەفمان ، ئامانجمان دەرس خوێندنە و چاوەڕێی داهاتوویەکی ڕوونین نابێ هیچ کەندوکوسپێکی ژیان لەو ڕێگا پیرۆزەمان بگێڕێتەوە ....

ئەوجار کاکی مودیر هاتەپێش . شێرکۆی ماچ کرد .

هیوادارم ئێوە خۆشەویستان بۆ ئەم خوێندن وزەحمەت کێشانەتان هەدەف و ئامانجێکتان هەبێ چون خوێندن هەدەف نیە بەڵکوو کەرەسەی گەیشتن بە هەدەفە ئێستاش دەرگای ساڵۆن ئاواڵەیە هەروا بە سەف بچنە ژوور وخەریکی دەرسەکا

– نتان بن !

بانگەواز

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی) بەنیازی خزمەتی هەراوتر و کاری تر بە فەرهەنگ وئەدەب ومێژووی کورد خەریکی دابین کردنی ئارشیوێکی دەوڵەمەندە تا بتوانێ لە هەموو روانگەیەکەوە پاڵپشتی سەرچاوەی بڕواپێکراو بۆ نووسەران و توێژکارانی ئەم ناوەندە وهەموو وڵات دابین بکا . بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرینگە پێداویستیمان بە یارمەتی هەموو بنکە و ناوەندە فەرهەنگی یەکانی وڵات و و دەرەوەی وڵات هەیە .

تکایە لەم بەستێنەدا لە هەر چەشنە یارمەتی یەکی لەدەستی ئێوە دێ درێغی مەکەن . ئەوەی پێداویستە بریتین لە بەڵگە و سەنەد و نووسراوە و وێنە و فیلم و کتێب و گۆڤار و ....لەمەڕ رووداوە مێژوویی یەکانی ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین و هەروەها کتێب و نووسراوە-گەلێک کە بتوانێ مێژووی لەمێژینی کورد روون بکاتەوە.

ئەم ناوەندە خەرج و هەزینەی پێویستوەک خەرجی فۆتۆکۆپی و زیراکس و پۆست و شتی وا وەعۆدە دەگرێ . چاوەڕوانی ئاگاداری و یارمەتی ئێوەی خۆشەویستین .

تکا لەخوێنەرانی بەڕێزی سروە دەکەین ئەم خاڵانەی خواروو لەبەرچاو بگرن :

١- نووسراوەکان بە خەتێکی خۆش بنووسن وابێ بۆ خوێندنەوەی تووشی گیروگرفت نەبین .

٢- لە دیوێکی کاغەز بنووسن .

٣- ناونیشانی خۆتان تەواو بنووسن تا وەڵامی نامەکانتان بە دەست بگاتەوە

٤- ئەگەر بابەتی وەرگەڕاومان بۆ دەنێرن ئەسڵەکەشی بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ناوەندە بنێرن

٥- ئەگەر دەگونجێ نووسراوەکان لە دوو یا سێ لاپەڕەی گۆوارەکە پتر نەبێ بۆئەوە جێگە بۆهەموو بابەتێک ئاواڵە بێ .

٦- دەستەی نووسەرانی سروە وەک گۆوارێکی فەرهەنگی-ئەدەبی دەتوانێ لەباری رێنووس ورێزمانەوە دەست لە نووسراوەکان وەربدا .

٧- ئەو بابەتانەی بۆ ئێمەی دەنێرن لەبابەگانی-دا هەڵدەگیرێ و نادرێتەوە بەخاوەنی تکایە نوسخەیەک لای خۆتان رابگرن .

دەستەی نووسەرای سروە

ئاران

پەرویز جیهانی

ل گەلەک کتێب و پەرتووکێد مێژوویی* دا ئەم زۆرجارا راستی گۆتەیا "ئاران*" دێن، کو بۆ وەلاتێ لایێ رۆژاڤایا بەحرا کاسپین (خەزەر) و قەراخێ چەمێ ئەرەز هاتیە گۆتن .

هەریەک ل مێژوونڤیس و لێکۆلا ب جورەکی ئەڤ گۆتەیا کوردی مەعنی کرنە ل ناڤ پەرتووکێد مێژوویی‌دا گۆتەیا "ئاران" ب ڤان جورانە دێنە خوویان .

ئاران ـ ئەران ـ ئەلران
ئاغوان ـ ئاغوانک ـ ئالوان
ئالان .

ل فەرهەنگا فارسییە موعین دبارا گۆتەیا "ئاران"دا ئەم وەها دخوونن :

" ئاران = ئالان = ئەلان
ئار .
"ئاریا + ان. پاشکۆیا* جی")

عەردەکە ل باکوور رۆژاڤایا ئیرانێ ورۆژاڤایا بەحرا خەزەر ل قەفقازێ. ئوورسا ناڤێ وی عەردی کرنە ئازەربایجان.بازارێد وێ یە مەزن وبناڤ و بانگ ئەڤەنە :

باکوو، گەنجە ،شەماخی دەربەند ونەخشوان،بەردیعە (بەردوا) بازاری وێ یە مێژووییە .

یوونانی ورۆمیێد بەرێ دگۆتنێ "ئالبانیا" .ئەرمەنی دبێژنێ "ئاغوانەک" عەرەبا ژی ناڤێ وێ گوهۆرینە کرنە " ئەران" .

مێژوونڤیسەکی ئیرانێ ژی گۆتنێد ژۆرین ل نڤیسارێ خوەدا دینە و لێ زێدە دکە کو گۆتەیا "ئاران" ل زمانێ خەلقێ ئازەربایجان و ئەرمەنی و ئارانا کاشانێ دا یانێ گەرمیان .

ئەو ل سەر وێ باوەرێ یە کو پەیڤا ،"ئاران" ئەڤێ مەعنیێ نادە بەلکوو ئەڤ پەیڤا ژ گۆتەیا " ئار" سەراست بوویە کو ناڤێ گەلێ ئاریائییە .

"عینایەتولاهێ رزا" ل پەرتووکەکی بناڤێ ئازەربایجان و ئاران دا دنڤیسە، ئاران هەمان ناڤێ ئالبانیایا قەفقازێ‌یە، کو هاتیە گوهۆرین .

مێژوونڤیس ولێکۆلەکی دی بناڤێ "مارکوارت"دنڤیسە ناڤێ ئالبانیایێ کو ل نڤیسارێ مێژینە یوونانی و ئەرمەنیادا هاتییە، دگەل ناڤێ"ئەران"و "ئەڕانێ" کو ل نڤیسارێ عەرەب و گورجادا هاتیە، هەیەکە .

"ئیبن فەقی" خودانێ کتێبا بناڤ و بانگە "ئەلبولدان" کول کوتایا سەدەیا سێ یێ کۆچی دا هاتیە نڤیسین، وەلاتێ ئەرمەنستانێ دکە چار پشکا .ئەو عەردێ ئارانێ ژی سەر ئەرمەنستانێ دهەژمێرە .

"**موقەددەسی**"ل پەرتووکا "**ئەحسەنوتتەقاسیم...**" ل بارا "**ئارانێ**"دا دنڤیسە:

ئاران عەردەکی ئادەکی یە ل ناو بەندا*

بەحرا خەزەر و چەمێ ئەرەز کو **چەمێ کور**ئەوی عەردی ڤەدبڕە. ناوەندا وی وەلاتی باژارێ "بەردعە"یە. ئەوژی باژارێد کو **موعین** گۆتنە دگەل باژارێد "کەلاخنان" **و** "مەلازگر" (بەلاش گرت"ێ ژی سەر ئارانی دهەژمیرە.

"**ئستەخری**"کودنیاگەڕەکی بناڤ وبانگە بەرێ یە و ل سالا **٣٤٦** کۆچی دا مری یە ئاران و ئازەربایجانێ لێک جودا دزانە.ئەو دبێژە کو"**بەردعە**" ناوەندا ئارانێ و"**ئەردەبیل**"ژی ناوەندا ئازەربایجانێ یە. ئەو لایێ رۆژئاڤایە بەحرا خەزەر "**ئاران**" دزانە.

"**یاقووت حەمەوی**" کو ل سەدەیا هەفتێ کۆچی دا ژیایە، ل پەرتووکا "**موعجەمولبولدان**" ل بارا ئارانێ دا دنڤیسە:

ئاران ناڤەکی ئیرانییە وەلاتەکی بەرفرە وخودانێ گەلەک باژارایە کو یێک ژوان باژارا "**گەنجە**"یە. ناوبەندا ئازەربایجان و ئارانێ دا چەمەک دەرباس دبە بناڤێ **چەمێ ئەرەز**. ئاران ل باکوور و رۆژئاڤایا ئەرەز، ئازەربایجان ژی دکەڤە بنتار و باکوورا وی چەمی.

ل پەرتووکا "**تەقویمولبولدان**"دا هاتییە کو ئاران وەلاتەکی بناڤ و بانگە کو هەڤ سینۆرێ ئازەربایجانێ یە "**حەمدولاهێ مەستووفی**" ل پەرتووکا "**نوزهەتولقولووب**"دا دنڤیسە:

عەردێ ناوبەندا دو چەمێ ئەرەز و کور "**ئارانە**"

هندەک ژ لێکۆلا ژی "ئاران" و"ئالان"ێ هە یێک دزانن. لێ"**عینایەتولاهێ رزا**" دنڤیسە کو ئالان ناڤێ ئارانێ نینە. ئەو دنڤیسە کو ل باکوورا قەفقازێ بگرە حەتا گەلیێ داریالێ وەلاتێ ئالانێ یە.

"**ئوستادبارتۆلد**" رۆژهەلاتناسێ ئوورس "ئاران" و "ئالان"ێ ژێک جودا دزانە ئەو دبێژە کو ئالانی قەومەکی ئیرانینە.

ئەمما ئەم بخوەژی دەبییا بزانن کانێ ناڤێ "ئارانێ" چییە،ژ چ هاتییە گرتن، کیدەرێ یە، کەتییە کی ئالی؟ و....

ئیرۆ پشکا زۆرەکورمانجا بتایبەت کورمانجێ زۆرین ناڤچێد گەرمیان را "**ئاران**" دبێژن .ناڤچی کێوستانی راژی دبێژن "**زۆزان**".

گەلێ کورد کو ل سەر زنجیرە چیایێد ئارارات-زاگرۆس دا دژین، ل دەورێ بەرێ کۆچەر بوونە. هەروەکی نهەژی ل پشکا زۆرە کوردستانێ دا گەلێ کورد کۆچەری یێ دکن. هاوینان ل پێسیرا چیا و کۆستان و زۆزانان دا کۆن و چادورێ خو ڤەدگرن و ل دانێ زستانێ ژی دگەل پەز و کەری یێ خو بەرب گەرمیانێ دچن.ئەو کوردێ کو ل پشکا باکوور وباکوور-رۆژهەلاتا کوردستانێ دا دژین، دانێ زستانێ ل رەخ چەمێ ئەرەز هەمان ئەو جیهێ کو ل مێژوویێ دا بناڤێ ئارانێ هاتییە ناسین جی وار دبن.

ئەمما ئەو کوردێد کو ل لایێ باشوور رۆژئاڤا و رۆژئاڤایا کوردستانێ دا دژین زستانێ دچنە سینۆرێ ناوبەندا تورکیا وسووریایێ ل دەشتا "**حەڕان**"ێ دا دمینن یانێ ئارانا وان دەشتا حەڕانێ یە.

لێرەدا دوزومەسئەلەیەک هەرە گرنگ* بیروڕایا مرۆڤ سەر خوەدا رادکێشە. گەلۆ گۆتەیا "**حەڕان**"عەرەبی بوویا گۆتە و پەیڤا "**ئارانێ**" نینە؟ ئەڤ دەبە* ل زمانێ عەرەبی دا هەیە. ئەوانا هەر گۆتەیێ بلی عەرەبی دبنە سەر رێزمانا عەرەبی و وەکی گۆتەیەک عەرەبی چێ دکن و ئەوێ

یەکێ راژی دبێژن **تەعریب** و گۆتەیا تەعریب بوویی راژی **موعەرەب** دبێژن .

فەرهەنگا موعین و فەرهەنگا ئەلمونجد ژێر ناڤێ **"حەرانێ"**دا دنڤیسن. حەران باژارەکی مێژینی* و بناڤ وبانگ بوویە کو ل ٣٥ کیلومیتری یا باشوورا ئوورفایێ دایە. ئیرۆ حەران* گوندەکی کاڤلەو..."

ئەمما هندی ئاگاداری‌یا مە هەیە و ئەم دزانن **"حەران"** دەشتەک گەرم و گەرمستان و مەزن را دبێژن کو کەتییە باشوورا تورکیا وباکوورا سووریایێ و جیهێ ئارانا کوردانە.

تشتا کوجیهێ سۆسرەت وزەندەمانیێیە وبەرا مرۆڤ سەرخوەدا رادکێشە ئەڤەیە کو دو گۆتەیێ **"حەران"** و **"ئاران"** هەردووک ژێ ئارش ومەعنی یا گەرمایێ وجیهێ گەرم وگەرمیانێ ددن :

گۆتەیا **"ئاران"** ژ دو پشکا پێک هاتییە: (ئار + ان)

"ئار" ل زمانێ کورمانجی دا یانێ ئاگر. نهەژی پشکا زۆرە کورمانجا ئێگر را "ئار" دبێژن. ئاگر ژی نیشانەیا گەرمایێ یە. "ان" ژی ل کورمانجی دا هەم نیشانا پاشکۆیا جی یە هەم ژی نیشانەیا کۆمی یە. (علامت جمع)

"حەران"ژی ل زمانێ عەرەبی دا هەڤێ مەعنی و ئارشێ ددە.

ئەگەر پاشکۆیا "ان" ژ گۆتەیا "حەران" بێ راکرن و هلدان "حەر" دمینە کو ل عەرەبی دا یانی"گەرما" بڤێ ڤەژاندنێ ئەم دشێن بێژن کو"**حەران**" هەمەن گۆتەیا "**ئاران**"ە کو هاتییە تەعریب کرن .

ناڤێ چییایی **ئاراراتێ** ژی کو زەمانەکی ئاگراویژ بوویە وکورد نهەژی ژێ رادبێژن **ئاگری** و تورکا گوهۆرینە کرنە " **ئاغری**"

هەر*ئوسا ناڤێ چەمێ **ئەرەز** یان **ئارازێ** ژ گۆتەیا ئار پێک هاتیە کو مەعنی و ئارشا ئاگروئاگرینێ تێدا بەر چاڤا دکەڤە .

ئەمما ئەم بزانن کانێ "**ئالان**" کیدەرە.کەلۆ"ئالان" ژی هەمان "ئارانە" کو هاتییە گوهۆرین یان ناڤچە و وەلاتەکی دی یە. هەر ئوسا کو پێشدا هاتەگۆتن ناڤچە یان وەلاتەک ل باکوورا قەفقازێ دا هەیە کو دبێژنێ "ئالان" .

ل فولکلۆرا کوردی دا ژی مەسەرهاتی و بەیتەک زۆر جوان وخۆش و بناڤ ودەنگ هەیە بناڤێ" **مەمێ ئالان**"کو ئەڤینداری"**زینێ**"یە **ئەحمەدێ خانی** هوزانڤانێ مەزنە کورد سەرهاتییا وان ب کوردی ڤەهونایە..

ئەمما چ ئشارە ب "**ئالان**" یان "**ئارانێ**" نەکری. ئێدی ئەم نزانن کو"مەمێ"ئارانی بوویە، یان ئالانی، یان جیهەکی دی رابوویە. ئەمما ل کوردستانا عیراقێ دا ناڤچەیەک بناڤێ ناڤچا "ئالان" هەیە. هەرئوسا "ئالان" گوندەکەل کوردستانا ئیرانێ سەر ب باژارێ سەردەشتێ.

نهە رۆن نینە کو مەمێ ئالان ژ کیشک ناڤچێ رابوویە. ئەمما ل جیهەکی ل بەیتا مەمێ ئالاندا هاتییە کو مەمێ کورێ پادشاهێ **مەشرق زەمینێ** بوویە. نهە ل پێسیرا چییایێ ئاگری لایێ باشوورێ ل ناڤچا "**بۆرالان**" یان "**دامباتێ**"دا شوونەوارێ باژارەکی کو دبێژن ل ژێر ئاگرئاویژیا چییایێ ئاگری دا کاڤل بوویە، بەرچاڤا دکەڤە. ئەڤ مەسئەلەیە مرۆڤ دینە سەرڤێ بیر و رایێ کو "ئالان" ئەو جیهێ کو مەمێ لێ را بوویە دەبێ کو هەمان "ئاران" بە. هەرئوسا بەیتا" مەمێ ئالان" پشکا زۆر ل ناڤ کورمانجێ ژۆرین دا هەیە. هەمان ئەو کورمانجێ کو گەرمیانێ خوەرا ئاران دبێژن .



سەرهاتییا گیکۆر ٢

کافی رێبسار ئینایە سەر رێنڤیسا کوردی

دیتن کو مالدا نکارە
قولخ (خزمەت) بکە، گیکۆر
برنە دکانێ، وێ دەرێ
گەرەکی ئەشیایێ بکر چییا
ببرا، گۆتی :
– چیت قات کرا، دکان
تەمز کرا، لێ وەختێ
ڤالا بوو یاژی گەرەکی
گازی بکر چییا بکرا."
ئاها گیکۆر نان دبە
دکانێ،دەردانا خارنێ
دەستی دا، بەلەنگاز، رەنگ
لێ چوویی مالاسێ تەرکی
(زۆر مەزن) عەردێ راکاش
دکە وسەرپرێ را دچە.ژێرێ
نهێرێ ئاڤ گوژە دیوارێ
کارڤانسەرێ یێ بلند دکەت
قولوژ دبوو،ئستویێ هەڤرا
دچوو، دهات ،دبوو گیژ-
گەرین و تە دگۆت قەی ژ
زەرپا دخەنقە،بن پرێ دا
نەرم دکرە خوشین .
نێزیکی کەنارێ چێم
(چەمی) قەیکەکە. شین دۆر
هەڤ دچوو، دهات .
دو مەری وێدا هەبوون
یەکێ تۆرداڤیتێ، یێ مایین
ژی قەیک داژۆت :.
–"ئای وێ نها دەرینە.."
گیکۆر گۆت :
وجیدا سەکنی(راوەستا)
ول تۆرچی یا مێزە کر....
تۆرڤالا (خالی) دەرکەت .
–" ئەڤا ژی سەربەختێ
من ."
گیکۆر گۆت وگاڤا جارەکە
مایین تۆرکشاندن ،بەختێ
گیکۆر پووچ دەرکەت .
– "ئەڤا ژی سەربەختێ
زانێ یا مە."
ئەڤا ژی پووچ دەرکەت .
"ئەڤا ژی بەختێ گالۆ"
گالۆ ژی بێ بەخت بوو.
" ئەڤا ژی بەخ..."
لێ وی چاخی بەردەرێ
کارڤانسەرا نێزیک بوو
قالمەقالم (قەرەبالغ)
مێرکەکی بکلام مەیموونا
خوە ددا رەقاسێ(وژێرا
دگۆت) :

هەی لێ وەرە لێ مەیموون
شقک دارا چییێ مەیموون

جەماعەت تۆپی سەرسەرێ
وی ببوو،هەلا چار ئالی یا
ژی بەرب وی دڕەڤین.گیکۆر
ژی رەڤی .
خوەست بکەڤە ئۆرتا
جەماعەتا سەکنی، پێشدا
هەرە، لێنکار بوو،ئستویێ
خوە درێژ کر،سەرپێچی یا
(تلیا) سەکنی و خوەست
مقیم ببینە،جکا ئۆرتێدا
چ دقەومە.
– خوە چ بەرا دکی
لو...هەرە شوخولێ خوە .
کینتۆکی گۆت و تەپەک
داناڤا چەعقا.
گیکۆر نشکێڤا سەرهشێ
خوە داهات و بەرب دکانێ
رەڤی .
ئێڤارێ گیکۆرئاسپێژخا-
نێدا قنجلی بوو سەرهەڤ.
سەر سوورەتێ وی هەلاهێ
هێسر (روندک) زها (حشک)
نەببوون. هەلا دەوسا شەماقێ
خەزین دشەوتین .خانمێ
تەزە دەنگێ خوە بریبوو،
گاڤا "باسۆ" شاگرتێ دکانا
توجار هاتە هوندور، گاڤا
ئەوی گیکۆر دیت ، پێرا
پێرا سەکنی وبەنگزی یێ
(مەسقەرە وقەشمەری) خوە
پێ کر وبحوکوم پرسی:
– چووبووی کولووبێ ؟
لەما د،رەنگ کەتی، کوتکێ
حرچێ ،یانێ شوخولەکی
تەیی فەرز جەم."گوبیرناتۆ"
هەبوو ؟!...
گیکۆر دەنگی خوە نەدکر.
– هەلا بێژە کورۆ.....
گیکۆر دەنگێ خوە نەدکر.
-- نزانی کورۆ ، کو
بووی ؟ تە ئیرۆ ئەز
برچینا کوشتم،لی وەکی ئەز
بمراما ؟
ئەوی ئاها خەبەردا و
هێدی هێدی نێزیک بوو

هەڤەکی سەکنی و نشکاڤا سەرێ گیکۆر خست .گیکۆر ب هەردو دەستا سەرێ خو گرت وخوەدا بە دیوێر (دیواری) باسۆ دخوەست دەربەکی دی ژی بگهینێ، لێ دەنگێ خەزین ژدەرڤا تەسەلە بوو، ئەو دهات .

– تو هەلانها بنهێرە وێ چ بینە سەرێ تە.باسۆ ئەودا ترساندنێ .

–" وێ نها من بکوژن" فکرا گیکۆر رادەرباز بوو ترسا قنجلی سەرهەڤ.خەزین دکانێدا ئەوئێدی ئێپێجەیی (زۆر) کوتابوو نها تەنێ ئەمر کر نان نەدنێ،وەکی زانبە برچیبوون چییە .

قەزییا دەرباز بوو.

گیکۆر دەمێ*،لێ دیسا دەنگێ خانمێ گوهادا بوو کو دکرە قاژین :

"ئاخر چرا خوەیی دکی، بەردێ دەرخە، برا (بلا) هەرە،ئوندا بە، بەردێ دەرخە..."

گیکۆر بن لحێفێدا قنجلی سەرهەڤ ، سەرێ خوە کرە بنی، خوە ڤەشارت .

"هیڤەرۆنە ،خەو ناکەڤە

چەعڤێ من

ئاخ خەلقێ ژی ترێ

تونەمالامن

وەی مالا من مالا من...

باسۆ هەی دستراو پێرا ژی نان دخار.جارنا گیکۆر هێدیکا سەرێ خوە بن لحێفێدا دەردخست (دەردانی) دزیکاڤا وی دنهێری.جارەکە دن چەعڤێ خوە دگرت،ئەوی وێ رۆژێ نان نەکربوو دەڤێ خوە.خەواوی نەدهات .

– هێ چاوانە، برچینا خەوا تە نایێ ئەرێ؟......

باسۆیێ نەعس تەخمین کر و پاری نان وپەنیردا گیکۆر دەهلدە،جییادا دزیکاڤا بخوە،خەزین براپێ نەحەسە .

گیکۆر نان و پەنیر ژ دەست رەڤاند، سەرێ خوە کرە بن لحێفێ، دزیکاڤا خار وفکری،گاڤا کەوشەنێ* گوندێ خوەدا

خوەرا ئازا دلیست وتێر نان دخار، دەرهەڤا وان ئێڤارادا دفکری، گاڤا دێ و باڤێ وی دکرنە شەڕ بۆنا برنا وی یە شەهەر.. دی یا وی دگرییا و نەدخوەست ...

– ئاخ دایێ حان، دلێ تە چاوارند زانیبوو.

– گیکۆر ناڤا جیدا کەسەر رادهیشت ، نان و پەنیر دخار و هەی ژی گوهێ خوە دابوو سەر، جکا خەزین خوە نایێ.... لێ سبەترێ بەردەرێ دکانێ بوو.

گیکۆر بەردەرێ دکانێ سەکنی بوو، دکرە گازی ، گازی بکر چییا دکر و ب دەنگەکی بلند پەیی ئەشییا ددا .


– کۆرۆ تێکە گازی،ئێ چ زارزمان کەتی،سەکنی یی چ لالۆمە دەڤێ تە کەتییە؟

– کەرەمکن وەرنە ڤرا ، کەرەمکن وەرنە ڤرا ! ...



گیکور دکرە گازی .: دکانێدا کەنا دکەتن .

ئەو هین کربۆون وەکی بکرچی یا کاشکە، بەرب



دکانێ بینە. ئەوی هەرتم
پێشی یا ڤی یانێ وی
رێڤی یی دگرت ،بەرک(قاحیم)
کاش دکر، بەر ب دکانێ
دئانی و ئەو بەرنەددا ،
حەتانی مێرک هێرس* دکەت.
دیسا دهات جییێ خوەدا
دسەکنی ودکرە گازی.

رۆژێد هاڤینێ یە، گەرم
وەختا گەلەکی بەر دەرێ
دکانێ دسەکنی و دوەستیا،
ئەوجارنا سەرچیتێ بەردەرێ
دکانێ قات کری رووندشت
و خەورا دچوو. وی چاخی
هەڤالێد وی یە نەعس یانێ
ژی جینارا برنۆتی
دکرنە پۆزێ وی. ئەو
دبێنژی و ژجی ڤەدجنقی.

توجارێ کو ژ گەرمێ
عەجز ببوون ،دکەنیان ،
لێ خەزین ژی تێردکەنیا
و پاشێ دپرسی :

— ئێ لۆ کوتکێ حرچا
نو رادزیی، تێکە گازی ،
ئی ؟.....

کەرەمکن ،وەرن ڤرا....
کەرەمکن وەرن ڤرا! "
گیکۆر دکرە گازی.

رۆژەکی ژی وەختێ گیکۆر
گازی بکر چییا دکر، دو
گوندی وێدا هاتن، ئەو
رەڤی وخو هاڤیتە پێسیرا
وان .

— کۆرۆ قەمن ناس نەکر
ئەڤ چ تەڤایە (دەعبا)
گوندیکی ب عەجێب مایی
کرە گازی وگۆتە هەڤالێ
خوە :

— باغۆ تەیێ ناس بکرا؟

— منی چەعڤارا ناس
بکرا ،هەڤال قورە بوو.

راستی ژی گیکۆر گەلەکی
هاتبوو گوهاستنێ،گەلەکی
بەلەنگاز ببوو، ئەو ژی
کنجێ* وی ژی هاتبوونە
گوهاستنێ. مەری یا چەتن
(دژوار) ئەو ناس بکرا.

— کۆرۆ ئەڤ مەریکی
تامە...هەلا کنجی وی.تمتێلا*
وی بنێرە ...

گوندی پێ شا دبوون.

— وەی لێ خوەلییا
هامبۆ سەرێ مەبوویی،هەی
بنهێرە ئەوی کۆرێ خوە
گیهاندە کو.لێ زارێ مە
گونددا خنزیرا (بەرازا)
دچێرینن .

لێ گیکۆر ژی سەرهەڤ
دپرسی :

دییامن چاوانە؟...زارێ
مە چاوانن ؟..." باڤێ من
چرا نەهات ؟... چێلەکا
مە زایە،یانێ نا؟........
گوندێ مەدا کێ
مری یە؟...

گژک ژی پاکن .گوندی یا
گۆتنێ.گەلەکی تەسلاڤ دکن
تەنێ"سوکناسن گوکاس" ویەک
ژی پیرا "بوچورانس" مرن .
یێ دنێ* تەمام ژی پاکن.

— لێ باڤێ من چرا
نایێ ؟

— باڤێ تە زەعف* دخوازە
لێ وی چاوا بێ...مەریکی
تەنێیە ،قارانییا مالێ تەمام
ئستویی ویدانە...

— لێ تشتەک نەشاندنە؟

چییێ وان هەیە،وەکی
چ بشینن ،تو حالێ مالا وە
نزانی؟ ئیسال ژی نان
گرانی بوو ،باڤێ تەیی

بەلەنگاز ئانجاغ(بزۆرێ) رێ دبە.تو چ ژوان دخازی ؟ هەرگی (ئەگەر) تشتەک دەستێ تە دایە،توبشینە... کاپکەک پەرە دێستی داتونە.

– خوە مالا مە کەس نەخوەش نەکەتییە؟

– نا تەنێ چیلەکاوەیە "ساغیک" کولەکا گۆما میرزەدا* کەت وحشک بوو....

– "ساغیک" حشک بوو؟!

دی یا تەیە بەلەنگاز ئەوقاس گرییا ، چەعف لێ وەرمێن*. گوندیکی ها گۆت و نەمەک(نامەیەک) دەرخست و دا گیکۆر وگۆتێ:

– لێ تو نها چ دبێژی ؟ ئەم ئێدی تە نابینن ئەمێ هەڕن،هەرگە تێ تشتەکی دییا خوە، یانێ خووشکا خوە ڕابشینی ،بدە ئەمێ ببن (بهەڕن) .

– ئەزێ کوبشینم. ئەز هەلا پەرا ناستینم.لێ....

– لێ چ ؟....

– ئەز دخازم وەڕابێم. من گەلەکی هەم بیرا گوندێ مە،هەم ژی بیرا مالا مە کرییە، هەم ژی....

– پەی،پەی مەژی هەو زانبوو بوویی مەری،ئاقل بوویی، لێ مەری تشتێ ئوسا دبێژە؟ ڤێدەرێ خوەڕا مینانی(وەکی) ئاغا دەرباز دکی، کنجێ تە تەزەنە، دەست پییێ تە تەمزن ... ئەم دبێن وەکی تو زاڕێ مەژی بینی جەم خوە،جیکی... ئەو تو چ دبێژی؟ وەکی گۆتنە:

"سەرێ خنزیرێ دانین سەر خالیچێ ،گولۆل بوو کەت ناڤا حەرییێ."

راستی بۆنا تەگۆتنە.

گوندی ها لێ هلاتن شیرەت کرن ،خاترێ خوە ژێ خوەستن و چوون.

پەیی چویینا وانڕا، گیکۆر قونجکێ خوەداروونشت ونەما باڤێ خوە ڤەکر.

"کورێ منی عەزیزگیکۆر جان ،بەر بباژارێتفلیسێ"

ئەم ساغ وسلامەتن،تەنێ ساغی یا تە دخازن.ئامین. ئەدێ تە، دییاتە، زانێ مووسی، میکیچ،گالۆ تەمام تە بارا،جەما سلاڤ دکن. کۆرێ مەیی عەزیز گیکۆر، زانبی وەکی ئەم گەلەکی دەست تەنگن و مەفەرامە بڕینە... ئەم پەرا دەست ناخن دییا تەوزانێ تەعزینە (رووتن)ئەم گەلەکی دەست تەنگن، گیکۆر جان چەند مانات پەرە بشینەو کاغەزەکی بشینە،جکا حالێ تە چاوانە ؟

زانبی وەکی " ساغیک" حشک بوو، دییا تەوزانێ تەعزینە.

"باڤێ تە هامبۆ"

گیکۆر نەمە خوەند جیدا بوو روساس و فکری. ئەو بونا مالی بەرخوە دکەت .خەتێ نەمێ دلێ وی دشەوتاند.

– دییا تەوزانێ تەعزینە، ئەم گەلەکی دەست تەنگن...

– کۆرۆ تێکە گازی، چ مالوق(مت ومات) مایی هشێ تە وانڕا چوو ؟ ژ هوندورێ دکانێ کرنە گازی.

– کەرەمکن وەرنە ڤرا کەرەمکن وەرنە ڤرا،گیکۆر بەردەرێ دکانێ سەکنی بوو دکرە گازی :

زڤستان هات . شەهەردا ڤزینی یا باگەرێ بوو.کوچا دا بێ دکرە ڤزین وگوژین و دکرە باگەر.حەموو قولچ و بوجاخا باگەرێ دکرە ڤزین. مەرییێ بەلەنگاز و تەعزی،زاڕێ خەریب و بێ خوەیی دگەرییا .

ئاها گیکۆر دیت .

بلووزەکی تەنک لێ بەردەرێ دکانێ سەکنی و دکرە گازی :

–" کەرەمکن وەرنە ڤرا، کەرەمکن وەرنە ڤرا ا...

ف... ف... ڤایی... سورێ وسەرمێ ب تەمامی کرەفیتین ،مینانی جوڕەکی لێخست کەتە ناڤاهەستوویا* گیکۆر رجفاند... خێنجی وی ژی، ئەوگەلەکی بەلەنگاز ببوو، ئەڤا ژی ژێڕا بەس بوو.

و کەتە ناڤا جیبا...

گیکۆر ئاسپێزخانا ئارتێمێ توجاردا نەخوەش

کەتبوو ناڤا جیا. دێدێ یا پیر رۆژێ چەند جارا دهاتە هوندورو خوەبەر خــوەدا خەبەر ددا.

– چ دخوەزی گیکــۆر لاوۆ ؟

– ئاڤێ ...

دێدێ یا پیرئاڤ ددایــێ نەخوەش بدەستێ رجاف ئاڤ ژ دەستێ پیرێ دگرت، عەج عەج (لەزلەز) ڤەدخار و جارەکە مایین دخاست .

– دێدێ ئەڤا دلێ مـن هێنک ناکە... ئــەز ئاڤــا کانیــا مەیە سار دخــازم، دێدێ... ئەز دخازم هەڕمــە مالامە... ئەز دیــا خوە دخازم...

ئارتێمێ توجار کەتبوو خەتایێ. ئەو ڤردا– وێــدا چوو، هات مەریک(مرۆڤــەک) ژ ئالییێ وان دیت. جابکر وەکی هامبۆ بێ،لێ گیکــۆر ژێ بره نەخوشخانا شەهــەر. وێدەرێ رەخ هەڤ پالدایی گەلەک نەخوەش هەبوون. وا- ناب زەلوولی دکرنە، نەعلــە نەعل(نالەنال) . هێسیــر، هێسیر بانێ ئۆتاخێ دنهێن

گیکۆر ناڤا گــەرمێ دا بوو، هاتنا باڤێ تێ دەرنە- خست .

گیکۆرجان، نەئەز هاتمە ئی... گیکۆرجان... نە ئەز ئەدێ تەمە...ئی...

نەخوەش تشتەک فەعمــم (فام) نەدکر. ئەوی بەربەستا دکرە گازی: "میکیچ، زانێ ئەدە، ئنێ ..."

– ئەز ڤێدەرێمە، گیکــۆر جان، دیا تە ئەزشاندمە وەکی تە بڤمە (ببەم، بهەڕم) مالامە... تونایێ؟..ئی وێ میکیچ وزانێ سەرکولەکــێ چەعڤنهێری یا تەنە. تو چ دبێژی؟ دە خەبەردە ئــی گیکۆرجان ...

– کەرەمکن وەرنە ڤرا، کەرەمکن وەرنە ڤرا!....

نەخوەش سارۆبارۆ خەبــەر ددا وبەربەستا دکەنیا .

رۆژەکی دوا شوونــــدا هامبۆ دچوو گوندێ خوە. ئەوی گیکۆر حەق کربــوو ، دچوو. کنج (جل و بەرگ) دابوو بنچەنگا خوە ودبــر وەکی دێ سەروان شینێ بکە جێبا (جیڤ، بەریک) وێــدا

چەنگەک بشکــۆکێ برقــۆک کاغەزی نەخش، چەند پرتی چیت وچەند بلاڤکە دیتـن . دبە ئەو ژی بۆنا خووشکا خوە زانێ تۆپ (بەرەڤ) کزبوون، خوەیی کربوو...

هامبۆ دچوو، دفکری، گەلە وەعدە دەرباز نەبـــوویــە. گاڤا هەماوێ ری یـــێ را گیکۆرێ خوەرا تــەڤایــی هاتە شەهەر:

– ئای ڤێدەرێ بـــوو وەکی: گۆت :

– ئەدە لنگێ من دێشە..

ئای ئەوا داراهان بوو وەکی بندا روونشتن، هێسا بوون... ئای ڤێدەرێ بـــوو وەکی گۆت :

– ئەدە ئەز تنیمـــە (تیهنی مە)...


ئای ئەڤا کانیا هـان بوو، وەکی ئاڤ ژێ ڤەدخارن. گشک، گشک (گژک ، هەموو) هەنە تەنێ ئەوتونە....

رۆژترا مایین وەختـــا هامبۆ ناڤا چیارا دەربــاز بوو، دوورڤا گونــدێ وان هاتە کفشێ .


دیا وی، زانێ، میکیــچ مووسی پەڕێ گــونـد سەکنی بوون و هێڤی یێ بوون، لێ گالۆیێ بچووک حــەمێــزا دێ دا دکرە گازی:

–" وەلە ، وەلە، هــەی گیکۆل ..."






تێبینی : لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە رەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (٧) دانەنراوە . واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، کوڵ، زۆڕ، شەڕ و . .) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، زور ، شەر و . .) دەنووسرێ .



١- مامۆستای شاعیرانی موکریان - مار خۆشی ناوێ ٢- ئی ئازایان بەرزە- راوێژی ئەلف وبێ - جێگەیەک کە دوو یا چەند ئاو تێکەڵ دەبنەوە ٣- قەدر و ڕێز- بەزۆران نەردیوانێکن - لک ٤- دانەی رۆندار- ئێلێکی بەناو بانگی کوردە و شاعیری وەک فەقێ قادری لێ هەڵکەوتووە ٥- بابۆڵەی شوان - وەختی هاتووە- زەوی کێڵدراو ٦- گوندستێنی بەناوبانگی نەغەدە ٧- ڕێڕەوی حەزرەتی مووسا (د.خ) نیشانەیەکی جەمعی فارسی - کش و مات ٨- بەرانی سێ ساڵە- قنج و بەکەیف- تووڕەیی - بێدەنگ ! ٩- لە خەشخاش دەگیرێ - ناوی بچووکی نووسەری بەناوبانگی تورکیا ١٠- نیوەپایە- میوەی تازە گەیشتوو- نەخۆشی بەڵەک ١١- دەستی عارەبان - جێی دیتن و ئاخاوتن و دڵداری - تاوتێ ١٢- هەرچونێک بێ هەر جوانە- جێی پەڕینەوە لە چۆم و رووبار- وێران و خاپوور ١٣- لێی گەڕێ - سوکنایی دەخاتە دڵی چاوەڕێ هەوای بێ هەور ١٤- توند- نیوەبار- پۆلەداری بچووک کە زۆر هەڵنەدا - دۆستی جگەرە ١٥- چیا و راز- دەنگی هەوێردە- مەکتەب .

١- ناوچەیەکی هەراو لە سەردەشت- کەزیە -٢- گێژ وکاس - دوو جار پیتێک بەستەیەکی کوردی یە ووەکی دەڵێن پاشماوەی نیایشی ئەهوورایە ٣- هەنجیرـ ێکی خۆش ونەیاب - هەگەر وبنۆس - دووەم کەس ٤- گیانبارێکی دەریا - حەسانەوە ٥- خوای دەروێش- شاری حاجی قادر- پەیمانی رۆژهەڵات ٦- دەمگۆ و تەشەر سەگی یانی گر- دۆستی یاڵ- گیانباری بۆ پێ ٧- شارێک لەنێوان کرماشان وهەمەدان خانووی هەوار ٨- عوسمانی خۆماڵی - شەتڵی لێ دەچەقێ -. پێشگری فیعلی موزاریع ٩- گەورە و بچووکەکەی دوو چۆمی بەناوبانگن - وەتاغ - نەفەس ١٠- دۆستی تان - حەشارگەیەک لە راوە کەودا- ئاوی گەرمی مەعدەنی ١١- ناوچەیەک لە نێوان سەقز وسنەدا- دەڵێن بنی زۆر شیرینە- پەز ١٢- ئاسەواری گریانی زۆر- تەگبیر- چاوە ١٣- زگ - مەکۆی ئەوین - دووپاتەکەی نیشانەی شین. و شەپۆڕە- پووڵی ئێران و حیجاز ١٤- مووی ملی شێر وئەسپ - بەلووتی قسە دەکا- دۆستی سووراو- واش هەر چاکە ١٥- ناوێک بۆ کیژ- قەدیم دەیانپەرست نەژاکاوی تورک .



لەنێو ئەو کەسانەیدا کەپڕکراوەی ئەم ژمارەی سروەمان بۆبنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەنده دەناسرێ. بەمەرجێک ئەم خالانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێ:

١- جەدوەلەکە بەخەتێکی خۆش بنووسرێ وا بێ پیتەکان بێنە خوێندنەوە.

٢- ئەسلی جەدوەلەکەمان بۆبنێری لەکاغەزی دیکەدا بەشداری نادرێ.

٣- لانی زۆر پازدە رۆژ پاش دەرچوونی گۆڤار پڕکراوەی جەدوەلەکەی ناردبێ.

٤- پڕکراوەی جەدوەلەکە هەڵەی تێدا نەبێ

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل ساڵێک ئابوونمانی گۆڤاری سروەیە .

چیرۆك بۆ مندالان



شێری دارۆغە

لە ولاتێکی دوور شایەکی زۆردار و نالەبار هەبوو. هەر کارێکی بە دلّی دا هاتبایە بەکردەوە دەیکرد، بارەگای پڕ بوو لە وەزیر و موشیر و گزیر و سەردار و سەربار و درۆزن .

دارۆغەیەکی بوو بە ناوی " ساماڵ" پیاوێکی کەلەگەت ، چوار شانە ، مل ئەستوور و چاو دەرپەڕیو، بێ کار و بێ خێر، کاری هەر خواردن و نوستن بوو. دەربا ریان وایان بیر دەکردەوە کە هێندە بەغیرەتە هەرکات پێی خۆش بێ کەلّ بە چۆک دادێنێ و دێو لە قاف دەردەپەڕێنێ. بەلّام دارۆغە هەر قەلّافەتی بوو، بە کردەوە هیچی لەدەست نەدەهات

زۆر جار دەکەوتە بەر تەوس و پلاری شا . چۆن دەبێ بەو شان و باهۆیە کارێکی شیاوی مەقامی خۆی نەکا و مواجبی مفتە وەرگرێ ؟ لەبەر ئەوە دارۆغە بیری کردەوە کە بۆ ئەوەی بشەمزێ دەبێ هێز و توانای خۆی پێشان بدا .

رۆژێک دارۆغە لە شاردا دەگەڕا لە پڕ چاوی بە پینەچی یەک کەوت .پینەچی کەولّە شێرێکی راخستبوو خەریکی کار بوو . بیری کردەوە کە جێگای پیلان گێڕانە نۆکەرەکەی دوور خستەوە و لە کابرا چووە ژوور وبە تووڕەیی پرسی :

ـ ناوت چیە ؟

پینەچی دارۆغەی باش دەناسی، دەیزانی کەس نیە زولّم و زۆری وی نەچێشتبێ بە ترسەوە کوتی :

ـ قوربان ....دەسەرت گەڕێم ناوم... سولەیمانە بەلّام خەلّک پێم دەلّێن وەستا " چەتە" زەکات و مالّیاتیشم تەواو داوە !

ـ کارم بەوە نیە ،داهاتی رۆژانەت چەندە ؟

ـ رۆژێ شەش قران.زۆر نەدارم.

ـ ئەو کەولّە شێرەت لەکوێ بوو؟

ـ میراتی باب و باپیرمە

ـ وەستا چەتە بەختت وەخەبەر هاتووە کارێکت پێ دەسپێرم بێتوو بەرێوەی بەری رۆژێ دە تمەنت دەدەمێ.کەولّە شێرەکەشت بە پەنجا تمەن بۆ حیساب دەکەم !

وەستا چەتە چاوەڕوانی جەریمە و جەزرەبە بوو کەچی ئێستا باس باسی دە تمەن و پەنجا تمەنە !

کەیفی ساز بوو. پیاوی ساویلکە لە کوێی دەزانی " دووگی چەور بێ بەلّا نیە" خۆی هاویشتە بەر لاقی دارۆغە و پێی وابوو پەیوەندی بەکار وباری کەوش و پینەوە هەیە. ئامادەیی خۆی بۆ بەرێوەبردنی هەموو کارێک دەربڕی.

دارۆغە کوتی :

– کارێکی هاسان و خۆشە! بەیانی
ئەو کەوڵە شێرە دەبەر دەکەی گوێت
دەگرم بەرەو بارەگا راکێش راکێش بە
دوامدا دێی. بەڵام دەبێ چوار پەل
برۆی بۆ ئەوەی کەس نەزانێ! چوون
دەڵێم لە راو گرتوومە .



وەستا چەتە کە بە بیستنی دەتمەن
و پەنجا تمەن وەک مەستی لێ هاتبوو
سارد بۆوە و بە ترس و لەرزەوە کوتی:
– حاشا قوربان! ئەز پیاوێکی
پیر و پەک کەوتەم، کۆشێکم منداڵ هەیە
دەستم بە دامێنت ئەو کارە بە من
ناکرێ و یەکی دیکە بدۆزەوە.
– بۆ بە ئیشتیای خۆتە؟ پێت دەکەم
هیچ ، چاویشت دەردێنم! لە لای کەسێکیش
باسی بکەی زمانت دەبڕم! هەر ئەوشۆ
کەوڵە شێرەکە بێنە و وەرە. ئەگەر لە
گیانی خۆشت بێ زاری ئەوە هیچ!
ئەوەش بزانە کارەکە چەند رۆژ دەخایەنێ
دەگەڕێ بەوە سەر کار و کاسبی خۆت
ئەوەش سەد تمەن. پوولەکەی فرێ دا
پێش دەمی و بە جێی هێشت .
وەستا چەتە تا ئێوارێ کاری بۆ
نەکرا ئێوارێ بەرەوماڵ بۆوە . لاقی
لەدوو نەدەهات! بە هەر جۆرێک بوو
هێندێک کەل و پەلی پێویستی بۆ ماڵ
کڕی و شەو خێزانی بانگ کرد وکوتی :

– سەفەرێکم لەبەرە. بەڵام منداڵەکانی
خۆشمان نەزانن ها ! ئەوەش پوول دەستی
پێوە بگرە. چوون بەدەست خۆمە و
هاتنەوە بە خودا. ئەگەر نەشت دیتمەوە
دەچی بۆ لای دارۆغە و دەڵێی خێزانی فلان
کەسم. بەینمان زۆر خۆشە. دەستت دەگرێ
و یارمەتیت دەدا !
وەستا چەتە بێجگە لەوە بە قسەی
دارۆغە بکا هیچ رێگایەکی دیکەی نەبوو
کەوڵی بە سەر شانی دادا و رۆیشتە
ماڵی دارۆغە. بە گەرمی پێشوازی لێکرد
پاش ئەوەی خەڵک نوستن کەم وکووری –
یەکانی کەوڵە شێریان چاک کرد وتاریک
و روونی بەیانی بەرەو کێو وەرێ کەوتن
هێندیک خۆیان لە خۆڵ وەردا. دارۆغە
کەوڵی دەبەر کابرای پینەچی کرد و
هاتنەوە بۆ شار. لە حاڵێکدا وەستا
چەتە لە بەرگی شێردا لەسەر دەستان
دەرۆیشت و دارۆغەش دەست لەسەر مشتۆی
خەنجەر بە دەستێک شێری بە گوێ
رادەکێشا ! خەڵک کە ئەو دیمەنەیان



دی چوونە بارەگا و گوتیان :
– قوربان بەرگی نوێت مەبارەک بێ
دارۆغە شێرێکی بە گوێیان گرتووە و
بە راکێش راکێش بۆ لای بارەگای دێنێ!
پادشا تەخت و تانجی لەبیر چوو بۆ
تەماشای ئەو دیمەنە هەڵاتە دەرەوە.

بەڵێ ، راست بوو دارۆغە سینگی دابۆوە پێشێ و شێری قۆڵەپێچ کردبوو دەی هێنا چۆن .

دارۆغە پادشای دی و هاواری کرد :

ـ گەورەم ، لەوە زیاتر شەرمەزارم مەفەرموو ! ئەوە لە بەختی پادشایە و من کارێکم نەکردووە کەشیاوی زەحمەتی ئێوە بێ .

پیاوانی پادشا وەکوو وەزیر و موشیر و .... زۆریان تاریف کرد.

دارۆغەش دەستی کرد بە درۆ و خۆی گیف دابوو . "وام کرد ووام گرت و ... ! "

دوایە رووی کردە پادشا وکوتی :

ـ ئەو شێرە زۆر دڕە. کەس باشاری ناکا ، ئەگەر ئەمر بفەرمووی دەیبەمەوە ماڵێ دە قەفەزی دەکەم و هەر کات پێویست بوو دەیهێنمەوە خزمەتت .

دارۆغە خەڵات و بەراتێکی زۆری ، وەرگرت.گوێی شێری گرت و بردی بۆ ماڵی خۆی. وەستا چەتە هەتا گەیشتەوە



ماڵ ئاهی دەبەردا نەمابوو بە حاستەم نووزەی دەهات . کەوڵی دەرهێنا و پشوێکی دا .

شار قاو و راوی تێکەوت ، زار بە زار ئەو باسە دەگەڕا و دەگێڕدراوە کە دارۆغە (ساماڵ) شێری بە گوێیان گرتووە

وای لێهات بە گوێی پادشای دراوسێ گەیشت . وڵامی نارد بۆ پادشا کە ئێمەش پڵینگێکمان هەیە. کات و شوێن دیاری بکە با بە شەڕیان دەین و سەیریان بکەین .

پادشا کە ئەو خەبەرەی بیست کوتی :



ـ جا شێر و پڵینگ پێکەوە بەشەڕ بێن دڵنیام شێر پڵینگ دەبەزێنێ .

کات و شوێن دیاری کرا و هەر دووک پادشا بەپێی دەسەڵات و توانا سەراپەردەیان رازاندەوە. دەهۆڵ وزوڕناو ساز و نەوازیان هێنا بۆ هان دان و وەرەدان بە مەیدان داران .

وەستا چەتە بە بیستنی ئەو خەبەرە ئاوی ئەژنۆی رژاو زەندەقی چوو. خۆی گەیاندە دارۆغە و کوتی :

ـ ئاخری بە کوشتت دام ! وەرە، مەردی خودا بە بە هەرچی داوتە بە من کەسمان لە کەس . دەت دەمنەوە ، ئەمن پیاوێکی پیر و پەک کەوتەم خۆ بەری پەلامارێکی پڵینگ ناگرم. کۆشێکم منداڵ لەپاش بەجێ دەمێنێ .

"ساماڵ" خان چاوەڕوانی ئەو رۆژەی نەکردبوو. تازەش کارە هاتووە. دەبێ پینەچی بنێرێتە مەیدان. کوتی :

ـ ماڵت نەشێوێ بۆ ئەوەندە ترسە نۆکی ؟ تۆ شیری ئەو پڵینگە ، هەر


لێی بمرێنی و جارێک وەک شێر بگورێنی هەڵدێ و کارت تەواو دەبێ ! بەو قسانە و بە زۆر و زەنگی ملی پێدا هێنا و مەجبووری کرد برواتە مەیدانی پڵینگ .

خەڵکێکی زۆر هاتبوونە سەیری شێر و

دیکەش بەرەورووویان کەنەوە چون باوەڕی نەدەکرد. لە دڵی خۆیدا دەیکوت :

" داخوا چۆن بووە شێر هەڵات ".

دارۆغە کە خۆی دەیزانی شتەکە چۆنە چۆوە چادر و بێ هەموو شتێک سێ چوار زللەی چاکی لە وەستا چەتە دا. ئەگەر



پڵینگ و پەلەیان بوو کە هەرچی زووتر شێر و پڵینگ بەشەڕ درێن . تا لە مەیدان بەرەورووی یەکتر رایانگرتن .

جا لێرەدا باسی وەستا چەتە ناکەین چون دەزانین لە رێگا شاد و ئیمانی هێناوە و خۆی بۆ مردن داناوە. بەڵکوو چاوێک لە پڵینگ دەکەین کە بەر لە تێبەردانی کز و مات و داماو بە ترسەوە چاو لە شێر دەکا .

کاتێک بەرەو یەکتر بەرێ یان دەکەن زۆر بە شلی قەدەم هەڵدێنێتەوە بەڵام کە شێر دەبینێ بەو قەڵافەتەوە لەو شلترە ! بەتوندی لێی نیزیک دەبێتەوە و هەتا هێزی هەیە دەگورێنی . ئەو کارەی پڵینگ بوو بە هۆی ئەوە شێر پشت لە پڵینگ بکا و هەڵێ خۆ دەچادر باوێتەوە !

لە هەر دوو لاوە دەنگی خەڵک بڵیند بوو لایەنگرانی پڵینگ ئاهەنگی شادی بان لێدا . سوڵتان بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر تێک چوو، دەستووری دا جارێکی

کەوڵی شێری دەبەر دانەبا سەری هەڵدەقەند. دیسان زۆر پاڕاوە و لاڵاوەکەلە کۆڵم بەوە بە پڵینگم بە کوشت مەدە کاری لە دارۆغە نەکرد و کوتی :

- بێتو نەچی و نەیبەزێنێ هەر ئەو شۆ حەیاتت لێ دەبڕم. هەرچۆنێک بوو سازی کرد بچێتەوە مەیدانێ .

شێر هاتەوە لینگی دەلەرزی و بە ترسەوە لە پڵینگ نیزیک بۆوە، پڵینگ لە جێگای خۆی راوەستا تا شێر تەواو لێی نیزیک بۆوە رووی تێکرد و کوتی :

- کورە ماڵ وێران بۆکوێ هەڵدێی ! خۆ ئەمنیش شاتری عەبباسی نانکەرم ! کە وەکوو تۆ لە بارەگایان راگرتووم و پادشام پێ فریو دەدەن و نانم پێ دەدەن و نانم پێ پەیدا دەکەن !

وەرە با برێک یەکتر بێنین و ببەین هەم ئەوان دەخافڵێن هەم ئێمەش نانێک دەخۆین .

زانستی تیکنیکی

ئازارەباریکە

عەتا-کەشاوەرز

لە برینی ئیشکی تەرمە مۆمیاوی کراوەکانی میسریانی قەدیمرا وادەردەکەوێ کە لە دوو هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە ئەو نەخۆشیە بووە بەدوای تۆژینەوەی*"ویلمن" و "بومگارتن" لە ساڵی ١٨٨٢دا "رابرت کۆخ" توانی میکرۆبی نەخۆشی ئازارە باریکە* بدۆزێتەوە.

سێ میکرۆب بۆ ئەو نەخۆشی یە ناسراون کە بریتین لە:

١- مایکۆ باکتریۆم تۆپرکۆلۆزیس (ئینسان دەیگرێ)

٢- مایکۆباکتریۆم بویس (مانگا دەیگرێ)

٣- مایکۆباکتریۆم آویوم (مریشک دەیگرێ)

هەر سێ میکرۆب بۆ ئینسان خەتەری گیانیان هەیە بەڵام لەباری زەرەرو زیانی ئابووری یەوە میکرۆبی مانگا بەتایبەت مانگای شیری لەوانی تر گرینگترە بەراز لە مانگا کەمتر و ئەسپ و مەڕ و بزنیش لە بەراز کەمتر ئەو نەخۆشی یە دەگرن.

ئاژەڵەکانی گۆشتخۆر لە بەرامبەر ئەو نەخۆشی یەدا بۆ هێزترن وئەگەر شتێکی میکرۆب دار بخۆن یا لە ئینسان و ئاژەڵی نەخۆش نیزیک بنەوە نەخۆشی یەکە دەگرنەوە.

لە (هەل ومەرجی)ئاساییدا باڵندەکانیش ئەو نەخۆشی یە دەگرن.

ئەو مریشکە هیلکەکەرانەکەتەمەنیان لە ساڵێک زیاترە لەچاو جووجکە گۆشتی یەکان زۆرتر ئەو نەخۆشی یە دەگرن.

ئینسان بەسێ رێگادا ئەو نەخۆشی یە دەگرێتەوە.

١- دەزگای نەفەس کێشان

٢- دەزگای خواردن (گوارش)

٣- پێست.

ئەو میکرۆبە زۆرتر لە رێگای دەزگای نەفەس کێشانەوە دەچێتە نێو لەش و ئینسان ئازارەباریکەی سیپەلک دەگرێ.

ئەو کەسانەی ئەونەخۆشی یە دەگرنەوە بە کۆخەو فڕێ دانی بەڵغەم و ئاوی زار میکرۆبەکە لە دەوروبەردا بڵاو دەکەنەوە.

لەکاتی خواردنەوەی شیر یا خواردنی خواردەمەنی میکرۆب داردا دەزگای گوارش* ئەو میکرۆبە لە بەدەن دا بڵاو دەکاتەوە. پێویستە بکوترێ کە باڵندەکان زۆرتر لەو رێگایەوە نەخۆش دەبن کاتێک کە پێستی ساغ یا بریندار لە شتێک بدەین کە میکرۆبی ئازارەباریکەی تێدابێ پێستمان زیپکەی لێ دێ کە زۆرتر لەپێستی قەساباندا دەبیندرێ. بۆیە پێی دەڵێن"زیپکەی قەسابان" چون لەوانەیە ئەونەخۆشیە لەو رێگایەرا بڵاو بێتەوە دەرمان بکرێ باشترە.

چوار هەتا هەشت حەوتوو دوای چوونی میکرۆب بۆنێو لەش نیشانەکانی ئەو نەخۆشی یە دیاری دەکرێ ئەو کەسەی ئەو نەخۆشی یە

بگرێ ئێواران سەریەشە دەگرێ و نۆبەتەی(یاو) دێتێ کە لەبەر کەمهێزی هەست پێ ناکا و شەوانە لەکاتی خەودا ئارەقە دەکا و پاش ماوەیەک کز دەبێ بەیانان و لەکاتی کاری قورس دا دەکۆخێ. ئەو کۆخانە یەک یەک ویشکن بەڵام لەپاشان تەڕ دەبن و هێندێک جار چڵک یا خوێنیان دەگەڵ دەبێ .

ئینسان لەکاتی وەرزش و کاری سووکیش قەلبی بە توندی لێدەدا.

ئەو کەسەی کە نەخۆشی ئازارەباریکەی گوارشی هەیە دڵ یەشە دەگرێ ولە پاشان ئیسهال دەبێ .هەر بەشێک لە لەش یاهەر دەزگایەک ئەو نەخۆشی یە بگرێ بە تەواوی کاری پێ ناکرێ کە ئاسەواری ئەو نەخۆشی یە لە ئینسانی کەمتر لە دە ساڵ یا لە تەمەنی ٢٠تا ٤٠ ساڵەدا زۆر بەرچاوە.

بەو ئازمایشانەی خوارەوە دەتوانین بزانین کە ئینسان ئەونەخۆشی یەی هەیە یان نا :

ئازمایشی خوێن: میز رادیۆگرافی وتوبرکولینا-- سیون.

لەپێشوودا ئەگەر کەسێک ئەو نەخۆشی یەی گرتبا چاک نەدەبۆوە ودەبا لە جێگایەکی دوور لە خەڵک بە تەنیایی بژی وتەنانەت نەیدەتوانی بچێتە لای ، ماڵ ومناڵی خۆی،بەڵام ئێستا دەرمانیان بۆ دۆزیوەتەوە.

لەدەرمان کردن،گرینگتر ئەوەیە کە چۆن نەهێڵین ئەو نەخۆشی یە بگرینەوە؟

یەکەمڕێگا دەرزی لێدانە (واکسیناسیون). واکسینی ئازارەباریکە یە. ئێستا ئەو رۆژەی کە منداڵ لەنەخۆشخانە لەدایک دەبێ ئەودەرزیەی لێدەدرێ بەڵام ئەگەر بێتوو منداڵ لەماڵێ لەدایک بێ دەبێ هەتا دەرۆژ واکسینە بکرێ هەروەها هەرکەس لە هەر تەمەنێکدا پێویستە خۆی واکسینە بکا وئەگەرکەسێک لە بنەماڵەیەکدا ئەو ئازارە بگرێ ئەوانی دیکە دەبێ خۆیان تێست کەن بەڵام ئەگەر منداڵ لەچوار ساڵ چووکتر دەماڵ دابێ دەبێ لانی کەم سێ مانگ دەرمان بکرێ. ئەو کەسانەی نەخۆشی ئازارە باریکەیان هەیە دەبێ لە فڕێ دانی بەڵغەم و ئاوی زار خۆ بپارێزن و لە کاتی کۆخین دا دەسرە لە پێش زاریان رابگرن بۆ ئەوەی کە میکرۆبی ئەو نەخۆشی یە لە وڵات بڵاو نەکەنەوە.

خانەوادەکان بۆبەرگری لە گرتنەوەی ئەو نەخۆشی‌یە دەتوانن ئەو کارانە بکەن :

١- لەشیری پاستوریزە کەڵک وەرگرن .

٢- گۆشت زۆر بکوڵێنن

٣- ئەو شیرەی کە پاستوریزە نەبێ زۆری بکوڵێنن .

بەرپرسانی بێهداشتیش دەبێ ئەوخاڵانەی خوارەوە رەچاو بکەن :

١- رادەی بێهداشت بەرنەسەر(وڵات بێهداشتی بکەن)

٢- خانووی بێهداشتی ساز بکەن .

٣- نەخۆشان لە نەخۆشخانە بخەن(بەستەری کەن)

٤- سەرباز وپەرستار و کرێکار وخوێندەوارو.... واکسێنە بکەن .

هەروەها بۆ پێشگیری لە گرتنەوەی ئەونەخۆشی یە دەبێ ئاژەڵیش واکسێنە بکرێ چون ئەو نەخۆشی یە پرمەترسی ترین نەخۆشی هاوبەشی نێوان ئینسان و ئاژەڵە.بەرپرسانی کوشتارگا* دەبێ ئاگاداربن پێش ئەوەی ئیزنی کوشتنەوەی ئاژەڵ بدەن بەرگری واکسێنی ئازارە باریکەی ئەو ئاژەڵە چاو لێ بکەن وئەگەر بەرگری نەبێ زۆر بەوردی موعاینەی بکەن .

دیاری

مەتەڵ

مەرە کوێرە هەڵدەگرێ
دادەگەرێ وهەڵدەبڕێ

" [illegible] "

دەست دەچاوی نێ
گوێ قوت دەکا

" [illegible] "

لە لایەک بەفرە
لە لایەک باران

" [illegible] "

لە دوور دێ
لە نزیک دێ
لەپردی سوور دێ

" [illegible] "

مانگی ئاداری
بەفر بباری
تا گەڵێ داری
نامێنی تائیواری

" [illegible] "

پەندی پێشینیان

پارە بەرەڤ کرن هێسانە
خودان کرن دژوارە.
مالێ دنیایێ قرێجا دەستایە
مێ پێ ل بەرخا خۆ ناکە
هرچ پیر دبن کودک پێ
دکەنن.
مالێ نەبوو شیڤا شەڤێ
بووکی پەقلاوە دخاست.
بووکێ ئەز ژ تەرامە
خەسوویێ تو گوە لێ بە.
دەری ئەز ژ تەرامە
پشتەدەری تو ببهێ.
هەر کەری را ئاخورێ چێ
ناکەن.
ب گولەکێ بهار نایێ.
ب کەرێ نەشێ،ل کورتانێ
ددە (ب کەرێ نەوێرە ل
کورتانێ شێرە)
تێژکێ مارا،بێ ژار نابن.
تیژکێ ماسیا ، ئاڤێ دا
ناخەنقن.
تەیرێ شارەزا ب هەر دوو
لنگا دکەڤە داڤکێ.
ئینسان عەیبا خۆڤە کۆرە.
دۆ برایێ ماستی یە.
باغێ بێ پەرژین، کچا بێ
دایین.
بارێ خارا، ناگێژەوارا.
بەر ل جێهی خوەدا سەنگە،
بەر ل جێهی خوەدا گرانە،
ئەگەر قلقلی نەبدوپەرانە،

شەوالێ ئەڕا سەردی وگەرمی
نیە.
دوز ئەگەر بتوانی دوزی
بکەی شەوار فرەیە.
عیسا وەدینی مووسی وەدینی.
قسەی حەق بکە هەرچەن
تیەلە.
ئاسن سوویر وەپف سارد
نیەود.
خودا پەنج کلک جوریەک
خەلق نەکردیە.
دونیا جەنگەڵ مەولاس.
کێو وەکێو نیە تەتی
ئایم وەئایم تەتی.
راس بێژی رەستگاری درو
بیوشی گرفتاری.
کەس وە دو خۆی نەوشی
تورش.
وە زمسان شەوێ وەپیران
تەوێ.
تۆ میوە بخوە،وەداری چە
- توای ؟
ئاوێگ ریشیا جەما نیاود.
نانی کوت بی،دی یەکا نیەگری
سەرێگ ژان نیەکەی وەدەسماڵ
نەوەس.
ددانێک ژان کەی بایس
بکیشیدەی.
ئاشپەزگ بیە دوو گلە
ئاش یا شوور بوو یا بی
خوا.
راوانی بردنە جەئەم دەت،
چیلگی تەرە.

تامی مریشک

ئاغا روو لە نۆکەرەکەی دەکا ودەڵێ :

ـ حەمە بڵێ بزانم مریشکی سوور کراوە کوێی خۆشە ؟

ـ قوربان! گۆشتی باڵی خۆشە

ـ کوڕە جا چون؟ بۆ لەجیات هەموو جێگایەک باڵ؟ خۆ باڵ هیچ گۆشتی پێوە نیە!

ـ قوربان قەتم جێگای دیکە وەبەر نەکەوتووە تا بزانم خۆشە یا نا !



فەرهەنگی کارمەند

یەخچاڵ: هەناسەساردی ماڵ
مەنجەڵ: رووسووری ماڵ
پشیلە: چاوەدێری ماڵ
خدری زیندە: میوانی بەدیاری
شەختە: میوانی نەخۆش
خۆرە: منداڵی ورد

دوکتوری بەراستی

ـ ئەو پیرێژنە کەلاکە کێیە لەگەڵت؟

ـ ئەوە پوورمە! نەخۆشە دەیبەم بۆلای دوکتۆر.

ـ چیەتی ؟

ـ گوێی گران بووە. چاوی نابینێ. دەستی لەرزە.

ـ بەمێردی بدە چاک دەبێتەوە.

لەو دەمەدا ژنەکە سەر بەرز دەکاتەوە ودەڵێ :

ـ ئەو دوکتۆرە کێ بوو ؟

نەخۆش

ـ جەنابی دوکتۆر بەقوربانت بم کوڕەکەم زۆر نەخۆشە !

ـ خانم دەبێ عەمەل بکرێ . بەرقیش نیە .

ـ دەی جا چ بوو! لە ماڵێ فانووسمان هەیە بچم بیهێنم ؟

دەرس

دوو شاگردی تەوەزەل قسەیان دەکرد:

ـ بریا وەکی نووسراوە شتی فرۆشراو تازە وەرناگیرێتەوە، لە کلاسیش نووسرابا دەرسی گوتراو ناپرسرێتەوە!

شەری هەستەیی

دوو تریاکی گێلاسیان دەخوارد و دەنکەکانیان پێک دادەدا .یەکێک هات لێی پرسین :

ـ ئەوە چیە ؟

ـ بکشێوە ! شەڕی هەستەیی یە !

شەری تەن بەتەن

کوڕێک وەختی سەربازی هاتبوو، بردیان بۆ معاینە گوتی :

ـ جەنابی دوکتۆر من چاوم نزیک بینە !

ـ بەڵێ راست دەکەی نزیک بینە !

ـ ئەگەر وایە مەعاف دەبم ؟

ـ نا ... دەنووسم تۆ تەنیا بۆ شەڕی تەن بە تەن بەرن !

فەرهەنگۆک

سوختە : پلەی - یەکەمی فەقێ یەتی ئەو فەقێ یە کە تازە دەستی بە خوێندن کردووە .

مخابن: ئەفسووس ، داخ ودەرد.

نوالە: ھەرە ودۆل

کەویە : رنوو، بەفری بەسەریەکدا کەوتووی لاپاڵ ودۆڵ و دەرەی ، کوێستان.

بەربینک گرتن: بروبیانوو گرتن.

دام قەلاشتە خوار : بەرەوخـــوار رۆیشتم .

هێلکە ورۆن خۆر : نازدار وکار نەکردوو

ئەلەخوی: فەلاح ، وەرزێر

سەرچن کردن: ســـەری تـــووتـــن هەلپچراندن بۆئەوەی گەلاکانـــی قەوی تر بن .

قەل فرکردن: کۆچ کردنـــی لـــە ناچاری .

قوونە کەو کردن: گەڕان وتاقی کردنەوە .

شامان بە سەپان نەدەزانی: تێر و تەسەل بووین ونیازمان بـــە کەس نەبوو! شامان بە نـــوکـــەر نەدەگرت .

سووری سەرهەڵوەشێن: (اسرار مگو) رازی نهێنی وسەر بە بادەر.

رمێن: برە و رەواج

هاتمەوە سەر حوڵلەمەرەســـــی : گەرامەوە سەر باری نالەبـــاری جاران . وەک خۆم لێهاتەوە . (هەژار بوومەوە)

مەوومە چەقەنەی ئاش : هەدادانم نـــەما . زۆر هەڵدەسوورام

بەربینگ گرتن: بروبیانوو گرتن

پێخوست : ژێر پێ

پەر بۆ لایەک هەلاوێم : بچمـــە شوێنێکی تر. لەجێگای خۆم نەمێنم.

هازە: دەنگی کوڵلەوسەماوەر

کەڵەکەوان: ئەو کەسە کـەڵـەک دێنێ و دەبا

ئازارە باریکە : نەخۆشی سیل ئاتەک. داوێن ،بەشی خوارەوە

کوشتارگا : قەساب خانە

گەنج: لاو ، جحێل

مەکۆ : ناوەند

ساماندار : دەوڵەمەند

لەز : پەلە

چاران : سازان

تاقیکاری: تاقی کردنەوە

رچە : رێگەشکاندن لەسەر بەفر

کۆنەل : نێوەراست

کەڵەک : چەندداری لێک بەستـــوو بۆ پەڕینەوە .

کۆڵوانە : چارشێوشان

شاگەشکە : خەنی

تەریق: شەرمسار

ئەوک : قورگ ، گەروو

لەخۆبایی: بەفێز وئیفادە

پەلاش: زۆر وزەبەند

غورابی خەو : شیرین خەو

چاچی: چاپەز

چاچی: کەوان

بێ ئەنوا : هەژار ،بێ نەوا

تۆژینەوە: لێکۆڵینەوە

تێداچوون : فەوتان

ئەندەرز : نسحەت

خۆلەقەرەدان : تخوون کەوتن

تەویل : نێوچاوان ، هەنیە

پرووش : سیس

تێزان ؛ قەتیس مان

تاسکلاو : کلاوی ژنی قەدیم کـە زێر وزەمبەریان پێوە هەڵداوەسی

دەرهەڵبوون : تروورە بروون

پێ هەڵکالان : دوعای خراپ کردن

تاتی: لباد

هەنیە :نێوچاوان

لاسار : قۆشمە ،سەرەرۆ ،

زگ سووتان: منداڵ مردن

تۆلاس: لاوی کەڵلە پڕ

لەبن هێنان: لەنێو بردن

قولۆز : بلیند ، بەرز

ئۆرتە : نیڤەک ، نیوان

پیچی : پیچک ،تلی،تپل،قامک

تـەپ : کۆپ ، چەپۆک

بەنگزی: مەسخەرە ، قەشمەری

ئێپێجە : زۆر ، گەلەک

دەمنی : پش پشی ،تەژی بوو، پێش خواردنەوە

هێرس : توورە، پەرت

کنـج : جل وبەرگ

تمتێل: (سرووضع)تەمتێل، سەر و سەکوت

دنێ: دن ،دی، دیکە (دنیا)

زەعف : زۆر، گەلەک

گۆم : گۆڤ ،هەل ،هۆل

وەرمین: پەرچڤین ، ماسین

هەستوو : هەستی ، ئێسک

جووم‌بوون: نوقم‌بوون

مێژوو : دیرۆک ،تاریخ

ئاران:گەرمیان ،گەرمستان

لێکۆل:موجەقیق ،لێکولینەر

پاشکۆ :پاشبەند ،پاشوەند

پەیڤ: :گۆتە ، وشە

ئادەکی:وەکی ئادەیـــا وەک جزیرەیـــا

گرنگ :گرینگ،بەربچاڤ

دەب :داب ،رێ وشوون

مێژین :بەرین، قەدیمی

کاڤل: وێران ،خۆپان ،خاپوور

هەرئوسا :هـــە روەتو ،هـــەروەرەنـگ هەروەهـــا

هیڤاستن: چنینەوەی جل وبەرگ و گورەوی دراو

کوس‌کوساندن: کسکە کسکی چاوان

قۆر : لاواز ،ژار ،لەغەر ، لەر

چێلک : دەر زی یا مەزن،تەبەنە .

توومک :توونجک ،پۆرک ، (شەرەف) کاکول

هەڤووفرێت : تاروپو

سۆلدەر : سڤدەر ، کەوشکەن .

هێڤرزە : قەرەبالغ ،قالمەقال

هەلوەستا : رابوو، هەستا

هەلەپەلە : لەزوبەز، بەپەلە


قورانە : ریسمەی دەرک

پۆنژین: بیرکردنەوەی شێواو

پێگەرمۆک : پیاسە




سەقز: محەممەد باژیان



رووبار
مەهاباد: خالیدئیسماعیلی



کری کوردی خوراسان
دیاری کەلیموللا تەوەحودی



تەقەدار
بۆکان: یوسف عەسکەری



گوندی کیسەڵاوێ
شنۆ: تاهیر روستایی

